# سەردەمی بێ تاوانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

PDF4Kurd

**دکتۆر قوتبەدین سادقی**

# سەردەمی بێ تاوانی

شانۆنامە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

**نەجیبە ئەحمەد**



ناوی کتێب: سەردەمی بێ تاوانی-شانۆنامە
نووسینی: دکتۆر قوتبەدین سادقی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: نەجیبە ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١١٤
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: محەمەد حەمە باقی+ شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
تیرێژ: ١٦٠٠
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٨١)ی ساڵی ٢٠٠١ ی دراوەتێ

# لەجیاتی پێشەکی

دکتۆر قوتبەدینی سادقی ناوێکی درەوشاوە و ناسراوی بوارە ڕەنگینەکانی جیهانی شانۆ و سینەمای ئەمڕۆی سەرتاسەری ئێرانە، کە بەردەوام خەریکی کار و بەرهەمی نوێیە و لەهەندێ لەو کارە هونەرییانەیدا (بەو هۆیەوە کە خۆی بە ڕەچەڵەک و بە هەست کوردە) بۆن و بەرامەی خەم و ئاواتی مرۆڤی کوردییان پێوەیە.

بەم بۆنەیەوە کاتێ لەتەک خۆیدا باسی پرۆژەی وەرگێڕانی شانۆنامەکانیمان کرد، چەپکێک لە شانۆنامەکانی بۆ ئامادەکردم و منیش دوای خوێندنەوەیان، پێشەکی و وەک سەرەتا ئەم دوو بەرهەمەم لێ گوڵچن کردن. بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا بتوانم چەند کارێکی تری ئەم هونەرمەندە بەهرەدار و پڕکارە بۆ خوێنەرانی شانۆی کوردی وەربگێڕم. دەخوازم بەم کارە توانیبێتم بەشێک لەو ناوبانگە هونەرییە جوان و شیاوەی ئەم هونەرمەندە، کە لەسەرتاسەری ئێران و لای خوێنەرانی فارسی زمان هەیەتی، بەخوێنەرانی زمانی کوردیشی بگەیەنم. ئەم دوو بەرهەمەش کە من وەرمگێڕاون بریتین لە:

### ١- سەردەمی بێ تاوانی:

گێڕانەوەیەکی هونەرییانەی چڕ و خێرای مێژووی نەتەوەی کوردە، کە لە ڕوانگەی کارەساتی دڵتەزێن و کیمیاوبارانی شاری هەڵەبجەی شەهیدەوە دەڕوانێتە ئەو زوڵم و زۆرەی بەدرێژایی مێژوو لە میللەتی کورد کراوە. نووسەر لەم بەرهەمەیدا دەڵێ ئەو جۆرە زوڵمەی لە هەڵەبجەدا، بەرامبەر بەگەلێکی بێ پشتیوانی وەکو کورد کراوە، لە هیچ سەردەمێکدا ئەوەندە تاوان نەکراوە، بڕوایشی وایە کە زۆر تاوانی تر بەر لە هەڵەبجە بەرامبەر بە کورد کراوە، کە هەڵەبجە درێژەی ئەو تاوانانەیە.

لەزۆر جێگەی شانۆنامەکەدا وەکو خۆی دەڵێ زمانی گێڕانەوەکەی بەگشتی بەتەنز (توانج و لاقرتی) و بەتایبەتیش بەشیعر سپاردووە، لەمەشدا هەروەک خۆی دەڵێ: ڕێبازی ڕیالزمی شاعیرانەی پەیڕەوکردووە، کە وەکو چۆن (لۆرکا) لە (شایی خوێن)دا ئەو کارەی کردووە، لەهەمان کاتیشدا دەیەوێ لەم شانۆنامەیەدا بەخوێنەران و بینەران بڵێ ئەو خەڵکەی ئەم زوڵمەیان لێ کراوە، خاوەنی ڕۆحێکی بەرزی مرۆڤانەن و چەندە



دڵپاک و هەست شاعیرانەن کە دەتوانن جوانترین قسە و بیریان بەشیعر دەرببڕن(*).

ئەم شانۆنامەیە لەبنەڕەتدا بەزمانی فارسی نووسراوە و چەندان جار و لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئێران بەزمانی فارسی و لە نەورۆزی (٢٠٠١)یشدا لەشاری هەولێر بەزمانی کوردی لەسەر شانۆ پێشکەش کراوە. ئەم شانۆنامەیە لەهەر جێگایەکدا پێشکەش کرابێ، دەنگو سەدای تایبەتی لەناو بینەراندا بووە، مایەی باسوخواسی چاپەمەنییەکان و جێی سەرنج و لێ وردبوونەوەی ڕەخنەگران و شارەزایان بووە.

### ٢- موبارەک پاسەوانی بچووک:

ئەم شانۆنامەیە باس لەوە دەکات کە هەر مرۆڤێک دەبێ بەڕادەی بیر و هۆشی، ئەرکی پێ بسپێردرێ، واتە ئەگەر گەورەکان دەستەجلی خۆیان کردە بەر منداڵەکانیان (نەوەی دوای خۆیان) و پێڵاوی خۆیانیان کردە پێیان و کڵاوی خۆیانیان کردە سەریان و داردەستەکەی خۆشیانیان دایە دەست ئەوان، بێ ئەوەی تۆوی هۆش و بیریان تێدا بچێنن. بێ ئەوەی عەقڵ و ژیرییان پەروەردە بکەن و ڕێگەی ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ زوڵم و ستەمی دەوروپشتیاندا نیشان بدەن، بێ گومان ئەو نەوەیە، نەک هەر تەمەنی، بەڵکو هەرچییەکی هەیە لە نیشتمان و میللەت و فەرهەنگ و تەنانەت کەسوکاریشی لەدەست دەدا و ناکام و نائومێد، کاتێ بەخۆیدا دێتەوە ڕۆژگار دەمێکە بەجێی هێشتووە.

نەجیبە ئەحمەد
سەقز- هاوینی ٢٠٠١

(*) گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٢-ل٢٨

سوپاس بۆ خوشکی میهرەبان و نووسەری ناسراو:
دادە نەجیبە ئەحمەد، کە لەسەر پێشنیاری خۆم و لەنێوان چەند شانۆنامەیەکی ترمدا، ئەم دوو شانۆنامەیەمی بۆ زمانی شیرینی کوردی وەرگێڕاون.
هیوادارم بەهەمان میهرەبانییەوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانێ سەرجەمی شانۆنامەکانی تریشم هەر بەو زمانە شیرینە تەرجەمە بکات. دووبارە سوپاس و ئاواتی سەرکەوتنی زیاتر بۆ دادە نەجیبە.

دکتۆر قوتبەدین سادقی
٢٠٠١/٩/١٦زاینی ١٣٨٠/٦/٣٠ هەتاوی
تاران

شانۆنامەی یەکەم

# سەردەمی بێ تاوانی

# سەردەمی بێ تاوانی(*)

کەسەکان:
کەژاڵ
ڕووناک
پرشنگ
(تاران، کات: ئێستا. ژوورێکی ئاسایشگایەک)[(١)]

کەژاڵ: ڕۆژ باش دایە. پێم وایە ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژەکان باشتری. دڵخۆشم بەوەی کە بەپێوە ئەتبینم. ماوەیەکە چاوەڕوانی ئەمەم. زۆریش بەختەوەرم کە ئاوا چاک و بەزەوقی. تۆ من ئەناسی، وانییە؟ منم کەژاڵ! کەژاڵ! ئەمبینی؟ جوان چاوم لێکە! کەژاڵ! دایە! دایە؟ دایە؟!

دایە ڕووناک: کێیە؟ تۆ کێی؟ ئاە تۆی (کانی)؟ تۆی؟ دڵخۆشم بەهاتنت. دڵخۆشم کە منت لەبیر بوو. بەسواری ئەسپ هاتی، یان بەجێب؟ ڕەنگە ئەم گشتە کێو و دۆڵەت بەپێ پێوابێ؟ بەهەر حاڵ دڵخۆشم، یەکجار دڵخۆش. شتێک ئەخۆی؟ ببوورە من هەر تۆزێ سیرینچک[(٢)] و گوێزم لا ماوە. تۆزێکیش مێوژ. مێوژی سەوز. تۆ ڕەنگی سەوزت خۆشئەوێ؟ من نا. من هەموو جێیەک سوور ئەبینم، تەنانەت ئەم مێوژانەش، نامەوێ زوو لێرە بڕۆی، تۆزێکی تریش لە لام بمێنە، ئەمێنی؟

کەژاڵ: بێگومان ئەمێنم! چەندە چاکە کە ئاوا ئەمناسیتەوە دایە! ئەزانی من هەموو ڕۆژێک لەلات بووم. بۆیە هاتووم بۆ ئێرە تا ئاگام لێت بێ، لەگەڵت بدوێم. دەست و دەمو چاوت بشۆم. ورتکە و پرتکەکانت کۆکەمەوە. وا چوار مانگ زیاترە بێ جووڵە وەکو بەرد لەسەر ئەو تەختە کەوتووی، بێدەنگیت لێکردووە و دەمت لە هیچ نەداوە. تێکڕای پزیشک و سستەرەکان نیگەرانت بوون. تۆش لەمن زیاتر سەیری کەسی ترت نە ئەکرد، بەڕاست بۆچی دایە؟ چۆن ئەتزانی

(*) ئەم دەقە بە دەستنووس لە هونەرمەند (د. قوتبەدین سادقی) وەرگیراوە.
(١) ئاسایشگا: نەخۆشخانەیەکە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی.
(٢) سیرنچک یان سنجو.





ڕیشەمان یەکە و تا سەر ئێسقان هاودەردین؟ ئەگەر بزانی چەندە نیگەرانت بوون! هەموویان شڵەژابوون. ئەویش چۆن شڵەژانێک! نە هیچت ئەوت. نە هیچت ئەخوارد، جووڵەیەکیشت نەبوو. نە برژانگێکت ئەجووڵا. نە دڵۆپێ فرمێسکت هەبوو. ڕۆژی یەکەم وات ترساندم، گریانم ئەهات، پاشان بەجۆرێک ڕاهاتم کە کەم کەم لەگەڵتا سازام و دەربارەی هەموو شتێک بۆت ئەدوام. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تۆ بە تەواوەتی لێرە و لە من و لە دەوروبەرت دابڕابووی. هیچ شتێک بۆ تۆ حەقیقەتی نەبوو. ئەمەش بەلای منەوە نەختێک سەیر بوو. بەڵام هەر چاکتر وابوو کە لەگەڵتا بدوێم. زۆرجار هەستم ئەکرد گوێت لێمە و وردە وردە خەریکی بەرەولای ئێمە ئەگەڕێیتەوە... بەهەر حاڵ دڵخۆشم کە ئەتبینم وەکو جاران تەڕ و تەمیز و ڕووخۆش و زۆریش ئەدوێیت. دڵخۆشم دایە، زۆر دڵخۆش، زۆر....

(دایە ڕووناک ماچ ئەکات)

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لێرەبوویت و لێرەش نەبووی، منیش تا بڵێی بێتاقەت و سارد و بێگیان بووم. جا تۆ نازانی ئێستا چەندە دڵخۆشم. ئاخری گەڕایتەوە و مۆری بێدەنگیت شکاند، منت دێتەوە یاد؟! کەژاڵم دایە؟! کەژاڵم، سستەرەکەت.

دایە ڕووناک: بێگومان ئازیزەکەم. تۆ (کانی)ی هاوڕێ خۆشەویستەکەم. زۆرم تاسە کردبووی، تۆ بۆ کوێ چووبووی؟ لە بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکەدا بەڕەوەشت بووی؟ وەرە با کولیچەیەکت بدەمێ، لەوانەشە حەزت لە نوقڵ و نەبات بێت؟ چەند دانەیەکم پێیە هی شەوی بووکێنییەکەمە ماوە. پێم وایە لێرەدا بێت، ڕاوەستە بۆت دەرهێنم.

(وەکو گرێی چمکێکی لەچکەکەی بکاتەوە)

کەژاڵ: نوقڵ نا دایە. ئەمڕۆ ڕۆژی ناخۆشییەکانمانە نەک جەژن و شادی، ئەزانی ئەمڕۆ بیست و پێنجی مانگی ڕەشەمێیە؟ نا تۆ نازانی و منیش نازانم، بۆچی ئەبێ لە ڕۆژێکی وادا کۆتایی بەو بێدەنگییە کوشندەیەت بهێنی، هەر چەندە ئەمە ئەبێ نیشانەیەکی باش بێ. تۆ لەو جووڵە بێگیانە، لەو نیگا ئەبڵەقە، لەو تێڕامانە سەیرەی لە من و لە دنیای بڕیبووی و نەئەجووڵای، ڕزگارت بوو. ئەمڕۆ ڕۆژێکی چاکە و تۆش بەهۆشی و پێئەکەنی دایە، تۆ بزەت هاتوەتێ....بزە.

دایە ڕووناک: ئەمزانی ڕۆژێک ئەگەڕێتەوە. ئەمزانی و دڵنیابووم، کە ئەمڕۆ دوایین. ئەمڕۆ دوایین ڕۆژە... خوایەگیان سوپاست ئەکەم. ئەزانم. ئەزانم. من ڕزگارم ئەبێ و ئەوانیش ڕزگار ئەکەم. بۆ ئەوانەش هەر سوپاسگوزارم، ئەزانم ئەوە چارەنووسی هەموومانە. ئای سوپاس، سوپاس، سوپاسی گەورە و مەزن... ئەمە پەرجوویەکە. پەرجووی دڵخواز و ویستیی من، دڵخوازی من ئەوەیە کە بە ئارەزووی خۆم بگەڕێمەوە. بگەڕێمەوە بۆ گەردوون. بگەڕێمەوە بۆلای کردگار، بۆ لای ئەو کەسەی کە ویست و دەسەڵاتی هەیە بەسەر کێو و زەریا و وشکی و دنیای بێبڕانەوەدا... سوپاس، سوپاس.... (ئەگری). ئەی براکانم، خوشکەکانم، ئەوان چی؟ چییان بەسەردێ؟ بڵێی ئەو خراپیەی دامێنی گرتوون، لەناو بچێ؟ ئەوان چییان لێدێ؟ نا. ئەوان ناتوانن؟ ئەتوانن؟ لەوانەیە خەڵکی تر بێن.... لە کوێوە؟ چۆن؟ بۆچی؟ لەکوێوە بێن؟ نا، نا، ڕەحمەت، ڕەحمەت، ڕەحمەت بنێرە، خوایە ڕەحمەتمان بۆ بنێرە، (لە پڕێکدا شتێک بەدی ئەکات)، یا غەوسی گەیلانی! یا شای نەقشبەند! یا پیر غەریب! نا. نا. نامەوێ.. نا من نامەوێ!... لێرەدا ئەیبینم، لەوێدا، لەوێدا، لەو پشتەوە چاوەڕوانە، لەوێدا بەچیچکانەوە لە بۆسەدایە! لەبۆسەی مندایە!

کەژاڵ: چی ئەڵێی دایە؟ ئێرە هیچی لێ نییە.

دایە ڕووناک: پێت ئەڵێم لەوێیە. وەکو هەمیشە، سەیری نەکەیت (کانی)یە ئازیزەکەم لانەکەیتەوە و سەیری نەکەیت، ئەتدزێ، تۆم لێ ئەسێنێ. ئێستا ڕێک لەدواتەوەیە، لەدوای منیشەوە! ئەو خۆی لە پشت هەموو شتێکدا دائەشارێ و چاوەڕێ ئەکات، هەمیشە لە بۆسەدایە و چاوەڕێی بچووکترین جووڵەمانە، ئێمەش ئەبێ بیبەزێنین، زاڵ بین بەسەریدا. ئەو چاوەڕێیە ڕۆحمان داگیر بکات و بمانتاسێنێ، سەیرکە، سەیرکە چاوەکانت بنووقێنە. سەیر مەکە. چاوەکانت بنووقێنە و دوعا بکە، دوعا! چۆک دادە. چاوەکانت بنووقێنە و دوعا بکە!

(کەژاڵ چاوەکانی ئەنووقێنێ، بەچۆکدا دێت و لالانەوە ئاسا دەست ئەکات بەدوعا کردن. ڕووناک وەکو ئەوەی شالاو بۆ دوژمن ببات) ملت بشکێنە شەیتان. گۆڕت گوم کە لەعنەتی! ئەی گڵاوەپیسەی کە قەلەڕەشی نەفرەتت بە ناوچاوان و سەر شانەکانتەوە هەڵواسیوە! ئەی شەڕانی، فس فس پاڵەوانی سەرشان قورسی دەشتە داخراوەکان، دەست هەڵگرە لە پاکێتی و سپێتی و بێ تاوانی ئەو کچە. دەست هەڵگرە.. دەست هەڵگرە و بڕۆ (تەواو ئەبێ.





دەستەکانی بەدوعاوە هەڵئەبڕێ و وەکو کەژاڵ ئەکەوێتە پاڕانەوە) ڕۆیشت. ڕۆیشت. سوپاس بۆ خوا. سوپاس. سوپاس. وەرەوە سەرخۆت کچەکە، شەیتان و قەلەڕەشەکانی هەڵاتن. وەرەوە سەرخۆت کانی. ڕزگارم کردی. وەرە با پێکەوە گۆرانی بڵێین، دڵخۆش بین (بەدەنگێکی بەرز گۆرانییەکی نامۆ ئەڵێ).

کەژاڵ: مەمنونم دایە. دیسانەوە هەرتۆ ڕزگارت کردمەوە. مەمنونم....

دایە ڕووناک: بەبێ بیروباوەڕ ناتوانین هیچ کارێک بکەین هیچ کارێک. ناتوانین دژی ئەم شەیتانە قەلەڕەش بەشان و ئەم سەرکردە شەیتان و خۆفرۆشانە بجەنگین.

(دووبارە وەکو ئەوەی لەلایەکی ترەوە شالاو بۆ دوژمن ببات)

گرگرن نۆکەرانی شەیتان، گرگرن چەکمە لە پێیانی دڵپیس، ئەی خاینانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، ئەی بکوژانی کێوە بڵندەکان، گرگرن، ئاوارە و دابێژ دابێژ و چوار قاش بن و لە لمستانە داخراوەکانتاندا هەڵپڕووکێن! هەڵپڕووکێن! هەڵپڕووکێن! هەڵپڕووکێن!

کەژاڵ: ئارام بەرەوە دایە ڕووناک، ڕۆیشت، ئەوانە ڕۆیشتن. ئێرە ئیتر کەسی لێ نییە، هەر خۆمانین. تەنیا. تەنیا من و تۆ لێرەین ، تەنیاین.

دایە ڕووناک: (لەپڕێکدا گومان لە کەژاڵ ئەکات) تەنیا؟ ئێمە تەنیاین؟ کچێ هەی کلۆڵ! وا دیارە کوێری! کەڕی! جا باشە بەم کەڕێتییەوە چۆن ئەتەوێ ئەو ڕەنج و ماندووبوونانەی لەگەڵتا کێشاومە، بە ئاکام بگات؟ تا ئێستا خۆتت لە ئاوێنەدا دیوە؟ تۆ نەک هەر شڕ و شپرزە و ناشیرینی، بەڵکو بێ مێشک و کەریشی. تۆ نائومێدم ئەکەیت. ئەگەر ئەتزانی تا چ ڕادەیەک نائومێدم ئەکەیت، ئەچووی شەو و ڕۆژ ئەگریایت، قەنارەت بۆ خۆت هەڵئەخست.. ئەرێ تۆ چیت لێم ئەوێ؟ چی ئەکەیت لێرە؟ تۆ چیت؟ نەکا ئەم چڵک و پیسییانەی ئەیانشۆری، بیانوویەکی سادەی ئەو بەختەوەری و خۆشییە قۆڕانەت بن، تاوەکو بەرگەی بێتاقەتی و بێهودەییەکانی ژیان بگری. ها؟ ئەبێ یارمەتیت بدەم، ئەبێ بیرت بخەمەوە چەندە داماو و کلۆڵی و لەم ترس و سامە مەزنەی نەزانین ڕەهات بکەم، ئەمە مایەی نائومێدییە، کچێ تۆ کەی بەئاگا دێیت؟ ها؟ کەی عاقڵ ئەبی و ئەم گشتە جەردە و ڕێگرانە ئەبینی کە لە هەموو جێیەکدا هەن؟ نامەوێ بتگرێنم، بەڵکو بۆ چاکەی خۆت ئەیڵێم، ئاخری کەی بەتەمای چاوێکی باش بە دەوروبەری خۆتدا بگێڕی؟ کەی؟

کەژاڵ: دایە هەر چییەکی تۆ بیڵێی من باوەڕی پێئەکەم، هەر چییەکیش پێویست بێ ئەنجامی ئەدەم، بەڵام نازانم بۆچی بەشی من هەر تێشکانە و سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنم، لەوانەشە ئەمە جۆرە بەختەوەرییەک بێت، ئەوی ئەمەوێ ببیبینم نایبینم، ئەوی ئەمەوێ بەدەستی بهێنم، بەدەستی ناهێنم یان لەدەستی ئەدەم. تۆ ڕاست دەکەی تۆ ئەوەندە ژیاوی کە لە ڕاستیی زیاتر هیچی تر نابینی، دایە تۆ تاقە کەسێکی کە ڕاستیم پێ ئەڵێیت، ئەوانی تر درۆ ئەکەن. ئەزانم، من ئافرەتێک نیم وا بە ئاسانی ڕازی بم، یان خۆم بەدەستەوە بدەم، بەڵام هەوڵی خۆم ئەدەم. لەبەرامبەر ڕاستی و ڕاستگۆیی تۆدا هەوڵی خۆم ئەدەم، هەوڵئەدەم باشتر ببینم... باشتر ببینم...

دایە ڕووناک: ڕەنگە تۆی لە ڕادەی ئاسایی زیاتر پاراستبێ و خۆشت نەزانی، ئەگینا بەر لەمانە کارێکت ئەکرد، بەر لەمانە پێت ئەنایە ناو دنیای بەختەوەرییەوە. تۆ گێژ و گەمژەیت، نەشارەزایت. هەرچەندە ئەمە خۆ زۆر خراپیش نییە، چونکە هیچ کاتێک وەکو مرۆڤ لە شت ناگەیت. باوەڕ بکە ئەگەر تێبگەیشتیتایە لە چ ڕۆژێکدای، ئێستا دەمێک بوو لە تاریکستانی نائومێدییەکانتدا مردبووی. نەزانین دزێوی کردووی، نەبوونی دزێوی کردووی، ئازاری دەروونیی دزێوی کردووی، بەڵام خۆت تێناگەی. ئەبێ سوپاسی خوا بکەی بۆ ئەم دڵسافی و سادەیییەت، منیش ئەگەر خۆپەرست و خراپ بوومایە، ئەمتوانی بەو تەمەڵی و دزێوییەوە لێت گەڕێم و لێگەڕێم لەو نەزانین و بێ ئاگاییەدا بڕزێی، بەڵام من ئەمەم ناوێ و ناشبێ بمەوێ. ئەبێ ڕاستیت پێ بڵێم. ڕاستی. بۆ بیستنی ڕاستیش ئەبێ خۆت بۆ هەموو سەختییەک ئامادە بکەیت، ڕزگاربیشمان هەر لە ڕێگەی ڕاستییەوە بەدەست دێت، ڕاستییش لە ڕێگەی هوشیاری و ئازارەوە[٣]، ڕاستی و ئازار، ئازار و ڕاستی! سەیری من بکە. سەیری ئەم لەشولارەم بکە! چالاکی و ناسکی و نەرمونۆڵییم هی شیرینیی ئەو ڕەنجەیە کە کێشاومە، هەر سووچێکی برینێکی وایە کە ورە و غیرەت ئەخولقێنێ و جوانتری کردووم: ئەم یەکەیان زامی (ئاکرێ)یە، ئەمە نیشانەی پێنجوێنە، ئەمە نیشانەی هەولێرە، ئەم کۆنە زامەشیان یادگاری (کەرکوک)ە، ئەمانە ڕاستییەکانی منن و جوانتریان

(٣) ئازار: مەبەست لە ئازاری دەروونییە – لە دەقەکەدا (ڕەنج)ی بەکارهێناوە، کە بەرامبەر بە(عەزاب)ی عەرەبییە.





کردووم. من لەو ڕاستییانەوە ئەدرەوشێمەوە، هەروەکو درەوشانەوەی ئەو بۆمبا ئاگرینانەی کە مێک و هانتەرەکان ڕشتیان بەسەرماندا، هەروەکو ئەو گوڵانەی ئەیکەن بەسەر بووکدا. ئەو گوڵانەی لە بووکێنییەکەمدا کردیان بەسەرمدا. کردیان بەسەر من و (وریا)دا، (وریا سوار). (لە پڕێکدا خەمبار ئەبێ) بۆ چاکەی خۆتە کە ڕاستیت نیشان ئەدەم. تۆ ئەبێ ڕاستیی بناسی و بۆ کلۆڵی و ناشیرینیت فرمێسک بڕێژی و سوپاسی خواش بکەی، چونکە لە هیچ ناگەی... لە هیچ ناگەی.. لە هیچ ناگەی.. ناگەی.. ناگەی..

کەژاڵ: چەندم پێ خۆشە لەلاتم دایە ڕووناک، چونکە قسەکانت لەگەڵ ڕاستیدا ڕووبەڕووم ئەکاتەوە. تۆ ڕاستییەکی زیندووی. تەجەللی ڕاستییت. تۆ هەر خۆت ڕاستییت. ئەوانی تر کە دەرەوەی ئێرەن درۆن و.. منیش لە درۆ ئەترسم دایە. لەو چوار مانگی بێدەنگییەتدا تێگەیشتم کە چەندەم پێویستە پێتە، لەگەڵ تۆدا باشتر لە ژیان ئەگەم، باشتر لە دڵەڕاوکەکانم ئەگەم، باشتر لەو درۆ و کەمتەرخەمی و نەفرەتەی هەموولایەکیان لێ تەنیوین ئەگەم. لە فڕوفێڵی ئەو قەمەکێشە ئۆنیفۆرم لەبەرەی تکریت، هەر بە لوتفی تۆشەوە لە شەیدایانی عەرەبییەتی جاهیلیش باشتر ئەگەم. پێم بڵێ دایە، پێم بڵێ تۆ هۆکاری بنەڕەتی و ڕاستی هەموو شتەکان چاک ئەزانی، بۆچی جیاوازیمان هەیە؟ بۆچی ئەوەندە جیاوازین؟ من ناتوانم لەمە بگەم. وا چوار ساڵە ولاتم بەجێهێشتووە، چوار ساڵە لەو کۆچ و ڕەوە ترسناک و مەرگ هێنەرە ڕزگارم بووە. من ئەمتوانی یەکێک بم لەو دووسەد و هەشتا ئاوارەیەی لە بانە بوون بە قوربانی تەرزە و بەفر، یەکێک بم لەو سەد کەسەی لە چەمەکەی (چۆمان)دا خنکان، یەکێک بم لەو سێ سەد کەسەی لە (ساوجی)ی مەریوان-دا لەسەرما ڕەق هەڵاتن، یەکێک بم لەو هەزار و دووسەد کەسەی لە دۆڵی (شلێر)دا لە برسا مردن، یان یەکێک لەوسەدان کەسەی کە ئاوە بەجۆش و خرۆشەکەی سیروان[٤]، لە سەردەشتەوە لەگەڵ خۆیدا بردنی. هەزاران کەس لەسەرما و ماندوێتی و برسێتیدا مردن و من مامەوە، تا تۆ ببینم دایە. تا بتبینم و بپرسم بۆچی جیاوازین. چوار ساڵە لێرەم و لە خەڵکەکەی ناگەم، ئەوانیش ئەمترسێنن، هەموویان لەناو تەمێکی ئەستووری دوکەڵ و ژاوەژاودا گوم بوون وبەپەلەپرووزێیەکی ترسناکەوە لە ڕاکە ڕاکدان، ئەوان بەم ڕاکە ڕاک و دوکەڵ

(٤) ڕێڕەوی ئاوی سیروان لە پارێزگای (سنە- کوردستان)ەوە چاوگە دەگرێ.(وەرگێڕ)

و ژاوە ژاوەوە لە ڕاستی من، ڕاستی ئێمە ناگەن. دایە، ئێستا منم و خەمەکان.

تەنیایی مێردمە. مردووەکان هاودەمن. کلۆڵییەکانی وڵاتەکەم هاوڕێ و دەردەکانی یار و یاوەرمن و گشت ڕۆژێک لە دڵمدا تازە ئەبنەوە. توخوا دایە تۆ کە بیست ساڵ زیاترە لێرەی.. لە نسکۆی (١٩٧٥)وە لێرەی وانییە؟ پێم بڵێ چۆن توانیوتە ئەو گشتە دوور بی لەخاک و ئاومان؟ من قەت توانای ئەمەم نییە، ڕاستییەکەی ئەڵێم دایە، دڵنیام ناتوانم، بۆ ئەوەی بژیم پێویستم بە خاک و ئاوی خۆمە، پێویستم بە بۆنی گژوگیا و ئاڵف و کێوە بەرزەکانێتی، بەڕەشەبا و بەبۆنی چەمەکانێتی، بەساردی بەفرەکانی و بەسەختی تاشە بەردەکانی، پێویستم بە خاکە نەرمەکەی و بەهەرچییەک بتوانێ ئەو هەستەم پێ ببەخشێ، کە لە خاکی خۆمدا ئەژیم، بەپێچەوانەوە ئێرە بۆ من مەرگێکی لەسەرخۆیە. ئیتر بەبێ زەڕەیەک چالاکی، وردە وردە سیس و وشک ئەبم و وەکو زۆر کەسی تر ترش و تاڵ و بێ حەوسەڵە ئەبم. دایە، نامەوێ لە فەزایەکی خۆڵەمێشیدا دڵم بڕزێ. ڕاستە ئێرە لە زۆر ڕووەوە چاکە و ئیش و کار هەیە، بەڵام خەڵکی ئێرە زۆربەیان دووڕوو و فڕوفێڵاوی و من لە ئاین و ئۆینەکانیان ناگەم. هەموو بەیانییەک ئەچمە بەر ئاوێنە و سەیری خۆم ئەکەم و ئەڵێم: باشە کچەکە بۆچی هیچ ئاسۆیەک لەژیانی تۆدا نییە؟ خۆ ئەبێ لە جێییەکەوە تیرۆژێک بێتە هۆدیلکەکەتەوە. دەی کوا؟ لە کوێیە؟ کەی؟ دایە یارمەتیم بدە. هەر تەنیا تۆ تێم ئەگەی، وەڵامی پرسیارە بچووکەکانی ئەم کچۆڵەیە بدەرەوە. هەر تەنیا تۆ هەموو شتەکان باش ئەناسی، تەنانەت وا هەست ئەکەم کە تۆ خاک و وڵاتی منت لە سەدەی ڕابردووشدا دیوە. دە پێم بڵێ دایە، بڵێ ئەو وڵاتە داماوە چۆن بووە؟ تۆ زۆر شتت لە مێشکتا تۆمارکردووە، شتی سەیر و سەمەرە و ڕازدار. دە برێ لەو ڕاز و نیازانەت بخەرە ڕوو. من ئەزانم بیرەوەرییەکانت لەمانە بەنرخترن. بەڵام من تینووی زانینم. ئەمەوێ بزانم ئەو دەمانەی کە هێشتا من لەدایک نەببووم، تۆ و وڵاتەکەم چیتان بەسەر هاتووە. ئەزانم تۆ لەگەڵ پیاوگەل و ژنگەلێکدا ژیاوی کە چەندان جار دۆزەخیان بەچاوی خۆیان دیوە. سەبارەت بەوانە بدوێ. ئەوانەی لێیان نزیک بووی، خۆشت ویستوون، یان لەمست کردوون. ئەم سەفەرەم پێ خۆشە کە بەرەو دەروونی زەمانە. دە بڵێ ئەوانە بە چ کلۆڵییەکدا





تێپەڕیون؟ ئەمەم پێ سەیرە، بەڵام سەخت و ئازاراوییە کە تۆ لەنێوان کەسانێکدا لە دایک بووی باڵاترین کلۆڵییەکانی مرۆڤییان لەمس کردووە. تۆ پردی پێوەندی نێوان من و ئەوانی. پێوەندییەکی پڕ لە ئازار و بیرەوەری. تۆ ئەو پردەی کە ژیانی دوێنێ و ئەمڕۆ، ئەمڕۆ و بەیانی پڕ لە ترس و هیوا بەیەکەوە ئەبەستی. بدوێ دایە. بدوێ. من هەمووم گوێیە دایە؟

(کەژاڵ بە ئارامیی دایە ڕووناک ڕائەوەشێنێ. بەڵام ئەو دەمێکە خەوتووە). دایە هەستە! دایە! منم کەژاڵ هەستە بۆم بگێڕەرەوە. بەڵێ باسی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و زاخۆم بۆ بکە، پێم بڵێ ئەوسا، کە تۆ کچۆڵە بوویت و لە لاپاڵی کێوەکانیدا کایەت ئەکرد، ئەوێ چۆن بوو؟ دەربارەی منداڵیت بدوێ، باسی هەموو ئەوانەی کە لە سەردەمی منداڵیتدا دیت و لەگەڵیدا ژیایت. دایە وەخەبەر بێ و هەموویم بۆ باس کە. دایە!

دایە ڕووناک: کێ کۆت و پێوەندی کردم؟ کێ بە زنجیر بەستمییەوە؟ یا غەوسی گەیلانی! چی قەوماوە؟ تۆ دەستەکانتم نیشان بدە کانی، با بیانبینم! (پەلاماری دەستەکانی کەژاڵ ئەدات) چۆن چۆنی هەر منیان زنجیر کردووە؟ بۆچی هەر تەنیا من؟ خوایەگیان چی قەوماوە؟ بۆچی من چیم کردووە؟ چیم وتووە؟ چیم دیوە؟ چ خراپەیەکم دەرحەق بەخەڵکی کردووە؟ وەڵامم بدەرەوە! ئەمە هەرگیز وا نییە؟) (دایە ئێشم هەیە؟ دایە ئەم زنجیرانە ئازارم ئەدەن). هەرگیز نابێ وابێ (دایە ئێشم هەیە. دایە وەڵامم بدەرەوە! لە کوێیت دایە؟ دایە! دایە لە کوێیت... دایە؟... دایە...)

پرشنگ: (لەپشت تەمێکەوە دەرئەکەوێ) ئارام بە بەندی دڵەکەم! لەدەست مۆتەکە ڕزگار بە، ئەمە کۆت و پێوەندی یەخسیرییە. کۆت و پێوەندێک کە بەرەو هیندی کێشاین. کۆت و پێوەندێک کە یەخسیری ئینگلیزی کردین، تۆ دەربارەی (شێخ مەحمودی نەمر) چی ئەزانی؟ چیت بیر ئەکەوێتەوە لەو سەردەمەی کە ئینگلیز بۆمببارانی شار و دێهاتەکانمانی ئەکرد و جاش و خۆفرۆشی بەر ئەدایە گیانمان. من و تۆش هاوبەندی ئەو شێخە نەمرەین لە هیند و لە بەغدا. من و تۆ و شێرکۆی برام. من و تۆ و شێرکۆ و (هێرشۆ)، (هێرشۆ)ی من، باوکت

(لۆ دەلۆ، لۆ دەلۆ لۆ، ئێمە لە دەربەندی (گریان) داین

دەربەندێک بەخۆی و تاشە بەردەکانییەوە

شێرکۆ سێ جار هاواری کرد
پرشنگ، خوشکەکەم، لەشکری ئینگلیز گەورە و گرانە
لە هەردوو لاوە ماڵیان لێ تەنیوین
ئای لە دەنگی بەسۆزی پیاوەکانمان چەندە شیرینە
ئەو پیاوانەی دەستیان لە دنیا شۆردووە و
ئاوازی ژنانیش ئاوێتەی هاوارەکانیان بووە
لەو دوورەشەوە ئەکرێ دەنگی ئەو شێرەژنانە ببیستی:
من ئەمڕۆ نێرەکەوی دەربەندی (گریان)م
دەربەندێکی پڕ لە تفەنگ و خوێن و بێشە
بەرانی لەوەڕگا بەرزەکانم
من بڵێسەکەی ماڵە باوانم
ئێستا بنوارە پیاوان لە جەنگی پیاواندان
لەشکری ئینگلیز چەند زۆر و زەبەند و
لە ژمارە نایەن.
پرشنگ هەر ئەوان ئابلۆوقەی ماڵەکانیان داین
ئای لە ئاوازی تفەنگەکەی شێرکۆ، چەندە شیرینە
ناڵەی تۆپەکانی دوژمن چەندە سامناکە
من لە دەربەندی (گریان) دام
دەربەندی (گریان) سەراپا سەرو و چنارە
سەرووی داکەوتوو
چناری بێ سەر
پرشنگ خوشکەکەم، بڕوانە ئەوی داکەوتووە شێرکۆیە
ئەوە شێرکۆیە بێ سەر کەوتووە
(لۆ دەلۆ لۆ... دە لۆلۆ... دەلۆلۆ...)

دایە ڕووناک: دایە ئازارم هەیە... دایە ئێشم هەیە... چی قەوماوە؟ بۆچی بەهەمموو





لایەکدا هەڵدێن تا لەدەست مەرگ دەرچن، بۆچی وا ئاڵۆز و گێژ خۆتان و ئەمتان بەمەرگەوە سەرگەرم کردووە؟ کێ نەفرەتی لێکردوون، جادووی لێکردوون، جادوی لێکردوون؟... دایە ڕزگارم کە... یارمەتیم بدە. بێ وەڵامم مەکە... ڕزگارم کە لەو نەفرەت و قینە شوومەی یەخەمانی گرتووە. یەخەمی گرتووە... دایە ڕزگارم کە..دایە... دایە...

پرشنگ: بنوو، ئەی مایەی دڵخۆشی و چاو ڕوونیم
دایکت ڕۆژانە ئێشکت ئەگرێ (بەدرخان)ەکەم
تا زوو بکەویتە باڵەفڕە
بنوو عەشقەکەم، بنوو، ئای یو! ئای یو!
ئێستا کاتی، شەو بێداریت نییە
لانکەکەت بۆ تۆ گەنجینە
بێ خەوی مەکێشە
بنوو عەشقەکەی من، بنوو ئای یو، ئای یو!

کەژاڵ: ئارام بە دایە، پێویست ناکات ئیتر ئەوەندە خۆت ئازار بدەی. ئەم سزا سەختانە هەر بۆ ئەوەیە کە خوا ئەیەوێ ڕزگاربوونەکەت خەملێوتر بێ، تۆ شیاوی ئەوەی... تۆ شیاوی ئەمەی دایە....

دایە ڕووناک: بەڵێ ئەمە نیشانەیەکە. نیشانەیەک. من هەڵبژاردەی خوام و ئەرکی ئەمەشم پێ سپێردراوە، کە خەم و ئازاری دۆزەخییانی سەر زەوی، کە تێکڕای نەفرەت لێکراوان و بەنەعلەت بووان و تاوانباران و کڵۆڵانن، بە کۆڵ بکێشم. سوپاس بۆ تۆ خوای مەزن، بێگومان منێک کە بەم ئازارە هەمیشەییییە مەحکوم کراوم ئەبێ گوناحم لەهی خەڵکی تر زیاتر بێ. ئێمە ئەبێ لە خەڵکی تر گوناحبارتر بین کچێ.. هەستە جەزای تاوان ئەبێ بدرێتەوە. ئەبێ جەزای تاوانەکەمان بدەینەوە. بۆ جەزادانەوەش ئەبێ یارمەتیم بدەیت. ئەبێ پاک و زوڵاڵ بم. بەڕەوشت بم، بێ خەوش بم، بگەم بە ڕۆشنایی، بگەم بە شەوق و هەڵچوون.

هوو، هوو... دەفژەنەکان چییان لێهات؟ دەروێشەکان بۆ کوێ چوون؟ ئاه دەفژەنەکان هاتن! کچێ هەرکە گوێت لێبوو بکەوەرە سەما، وەکو خولخولۆکە لەو سەرزەوییە بخولێرەوە. بقیژێنە. هاوار و داد بکە، مەترسە، ئەمەش هەر

کـۆڕی زیکره. هوو، هوو، حـەی ئەڵلا.... حـەی ئەڵلا... لەم کـۆڕەدا. لەم بازنەیەدا، لەم شەوق و تاسە و بیستنەدا، ئەبێ گوناحەکانم بشۆمەوە... حەی ئەڵلا، ئەبێ لەم زەنازەنایەدا ڕۆحم خاڵی بکەمەوە، ساف و بێگەرد بم، حەی ئەڵلا... لەم بێکەسی و مەستییەدا ئەبێ دەردەکانم بشۆم و پاکژیان بکەمەوە... حەی ئەڵلا... یاخیر الخالقین... حەی ئەڵلا... یاخیر الناصرین حەی ئەڵلا... یاخیر الغافرین. حەی ئەڵلا... یاخیر الصادقین. حەی ئەڵلا... یاخیر المنزلین... حەی ئەڵلا... یاخیر الآمرین... حەی ئەڵلا... مەدەد یاغەوسی گەیلانی... حەی... یاشێخ عەلی کەرکووک... حەی... یاشێخ حیسام الدین... حەی... یاشێخ شەهاب الدین... حەی... یاشێخ عەبدولکەریم... حەی حەی حەی حەی... ئەڵلا، ئەڵلا، ئەڵلا، ئەڵلا، ئەڵلا، ئەڵلا، ئەڵلا، ئەڵلا، ئەڵلا.

کەژاڵ: ئارام بە دایە، ئارام بە، ئارام

پرشنگ: ئارام بە ڕۆڵەکەم، ئارام بە، ئارام!

(بنوو عەشقەکەم، بنوو، ئای یو! ئای یو!
شێوەت بە شێوەی کۆتر و بەرخۆڵە جوان و شیرینە
تەنانەت فریشتەکانیش ستایشی نیگات ئەکەن
دایکت بە قوربانت بێ، بن و بنەچەت پاک و سەرتۆپن
بنوو عەشقەکەم، بنوو، ئای یو! ئای یو!
ئەو زەوییەی ئەچەرخێ، بۆ ئێمە پڕ لە قینە
چارەنووسمان ڕەش و دڵمان شکاوە
تاراوگە نەبێت لە هیچ جێیەکدا ئاسایشمان نییە
بنوو عەشقەکەی من، بنوو، ئای یو! ئای یو!
بێکەس و بێ شت و بێ ئاسایش
ڕۆژێکی تار لە قوڕە ڕەشەی نیشاندین
دەردی دووری و دەربەدەری یەکجار سەختە
بنوو عەشقەکەم، بنوو، ئای یو، ئای یو!

کەژاڵ: دایە ڕووناک، دایە! منم کەژاڵ، دایە. ئەمەتام... دایە، باسی دوورخستنەوە بکە... باسی تاراوگەم بۆ بکە، پێم بڵێ کە مناڵ بوویت و بەو ناوانەدا





تێئەپەڕیت، کێوەکانمان لەدەمەدەمی بەیانیان و ئێواراندا چۆن چۆنی بوون؟ پیاوەکانمان وەبیر بێنەرەوە، چۆن شار بەشار ئەڕۆیشتن؟ چۆن چۆنی هەنگاویان ئەنا، چۆن هەناسەیان ئەکێشا، تیریان ئەهاویشت؟ دایە باسی دەستەکانیان بکە، باسی نیگایان، باسی ئەو خۆشەویستی و قینەی کە لە دەست و دڵ و نیاگایاندا هێلانەیان کردبوو. دایە هیچ شتێک مەشارەوە، هەموویان بدرکێنە... بیلێ..

دایە ڕووناک: نا، نا ناتوانم، ئەو دڵڕەقە چەکمە لە پێیە لەوێیە. لەوێیە و ئەیەوێ بەو چاوە تووڕەییانەیەوە ئازارم بدات. خوارتریش بەخۆی و دڕندایەتێکەیەوە گشت گوڵەکانی (بادینان) و (دیار بەکر) و (هەکاری) و (بایەزید)ی دایە بەر شمشێر و پەڕەپەڕەیانی کرد. ئێستاش وا هاتووە کە ئازارە هەمیشەییەکەی من دەست پێبکاتەوە. ئەزانم ئەبێ ئازار ببینم و ئەشکەنجە بدرێم. بەڵام ئێستا نا. من ئەمڕۆ ماندووم. پێی بڵێن با ڕۆژێکی تر بێت. لێرەوە چاوم لە چاوەکانێتی، کە وەکو گورگێکی خۆڵەمێشی ناو تاریکیی ئەبڵەق ئەبڵەق تێم ئەڕوانی. نامەوێ خۆم بدەمە دەست کەللە شەقییەکانی، چونکە بەتەمایە ئەو دوورییە بڕەوێنێتەوە، کە من و ژنە ئەرمەنییەکە خستمانە نێوان سوڵتانی عوسمانی و ئەو چەند تۆرانییەوە. لە پێشدا ژنە ئەرمەنییەکەی برد بۆ قوربانیگاکە و[5] بەخوێنەکەی دەستنوێژی گرت، ئێستاش نۆرەی منە، پێی بڵێ با بڕوا، حەفتەیەکی تر بێتەوە. تکا ئەکەم پێی بڵێ با زوو بڕوات.

کەژاڵ: (لە سووچێکی ژوورەکەدا خۆی وا نیشان ئەدات کە خەریکی قسەکردنە لەگەڵ کەسێکدا)

نا جەنابی چەکمە لەپێ لەسەری مەڕۆ، دایە ڕووناک ماندووە. ئێوە پێشتر زۆرتان ئازار و ئەشکەنجە داوە... ئێستا ئیتر بڕۆن و هەر باسیشی مەکە، چونکە ئەو بۆ دەقەیەکیش بێ ئێوە ڕازی نییە.

تکا ئەکەم لەسەری مەڕۆن. نا نابێ. تا بەیانیش نەیەنەوە. پێم وتی کە زۆر ماندووە، باشە، خوا حافیز... بێوەی بی. (بەخۆشییەوە بەرەولای دایە ڕووناک ئەگەڕێتەوە) تەواو بوو دایە. تەواو بوو. ڕۆیشت.

دایە ڕووناک: دڵنیایت؟ باش سەیرت کرد؟... چاوت لێی بوو کە لە پلیکانەکانەوە

(٥) قوربانیگا- ئەو جێگایەی قوربانی تێدا ئەکرا.

بچێتە خوارەوە؟ لە پەنجەرەکەوە سەیرێک بکە بزانە ئەچێتە دەرەوە یان نە. خۆ ئەتوانێ خۆی لە پەنایەکدا داشارێ.... قەت نازانرێ ئەم زۆڵە خۆی لەکوێدا دائەشارێ... کانی، لەبەر خاتری دایکە کلۆڵەکەت جوان بگەرێ....

کەژاڵ: (وەکو لەبەر پەنجەرەدا بێ) بەڵێ چاوم لێیەتی. هەر ئێستا چووە دەرەوە. تەقە تەقێک هات وەکو تەقەی بزمار، چاوم لێیەتی کە پاژنەی پێیەکانی توند ئەکێشێ بەشۆستەکەدا و ئەوەندە رێک ئەڕوانێتە پێش خۆی کە تەنانەت لاش ناکاتەوە..

دایە ڕووناک: ئەی سەیری چی ئەکات؟ دە یاڵلا قسە بکە...

کەژاڵ: لە شتێکی تایبەت ناڕوانێ. تەنیا سەیری بەردەم خۆی ئەکات و حەیزەرانەکەی ڕائەوەشێنێ و هیچی تر. تەواوبوو پووری. چیتر ناگەڕێتەوە. پێویستیش ناکات خۆت ئازار بدەی . باوەڕ بکە ئیتر پێ ناخاتە ئێرە.

دایە ڕووناک: (بەخۆشییەوە) ئۆخەی. باش بوو. دڵم ڕەحەت بوو، شادمانم. ئاخرییەکەی ڕۆیشت. ئەم نارەسەنە بەدفەرە، بەخۆی و چەکمە و حەیزەرانەکەیەوە حەوتسەد هەزار کەسی ئاوارە کردووە و سێسەد هەزاریشی کوشتووە. باوک و باپیرانیشی هەر وا بوون. من هەموویان ئەناسم. لە خەودا دیومن. هەموویان جنۆکە ئاسا ڕەش بوون و ئاگر لەدەمیان ئەباری و لەجێی خۆراک، تۆپەڵ تۆپەڵ شمشێریان ئەخوارد. چ حەز و، ئیشتهایەک بوو. بەڕۆژ بەسەر ئەسپەوە بوون و شەوانیش لەناو جەرگ و ڕیخۆڵە و دەست و سەری براودا کفت لێی ئەخەوتن. ئەگەر بزانی چ سەمایەکیان ئەکرد! سەمایەکیانم دی: لەگەڵ چوار جەستەی بێ سەردا هەڵئەپەڕین. جەستەکان ساغ و سلامەت بوون ها! بەڵام سەریان نەبوو. ئەوەی مایەی پێکەنینە لێرەدا ئەوەیە، لە ناوەڕاستی هەڵپەڕکێکەدا لەجێی سەرەکان گوڵ ڕوا. ئەوسا سوڵتانی عوسمانی بەزێڕی سوور شاباشی گوڵەکانی کرد و ناویشی لێنان: گوڵ عەبدولڕەحمان، گوڵ میر محەمەد، گوڵ بەدرخان، گوڵ شێخ عوبەیدوڵلا.. دێت. چ هەرا و زەنا و چ زرم و کوتێک بوو! بۆنی کەباب هەمووولایەکی تەنیبوو، هەموو خەریکی ئاگربازی بوون کە لە پڕێکدا ئەم لەندەهورە چەکمە لەپێیەش هات و دوو گوڵی تری لەوێدا ڕواند و ناویان لێنان سەعید و ئیحسان. لە هەردوو گوڵەکەش نور ئەباری (لەپڕا خەمین ئەبێ) دیسانەوە ئاوارەیی و دوورخستنەوە دەستی پێکردەوە. باوکیشم (هێرشۆ)ی ئازا و





جەربەزە لەوێ بوو، چوو بوو بۆ (وان). پاشان بەرەبەیانێک لەگەڵ سەد کەسی خوێندەواردا بە خۆیان و کتێبەکانیانەوە لە توورەکەیان لە توورەکەیان خستن و سەری توورەکەکانیان دووری و خستییانە زەریاوە، لەو کاتەوە ئیتر گریانەکانی دایکم دەستی پێکرد، گریا، گریا، ئەوەندە گریا تا ئاوی زەریاچەکە سەر ڕێژی کرد. دایە بەسە ئیتر مەگری.. ئەڵێم بەسە ئیتر.. بەسە فرمێسکت نەما.. دایە.. دایە.

پرشنگ: چاوگەی فرمێسکم ئەو کاتە وشکی کرد، کە دەردەکانی خۆمم لە بیرکرد. ئەو دەمەی چاوم لێبوو لە ئەشکەوت و عەمبارەکاندا بە زیندوویێتی خەڵک ئەسووتێنن، ئەو کاتەی ئابڵۆقەی دارستانەکانیان دا و بەو کەسانەشەوە لە لادێکانەوە پەنایان بۆ بردبوو ئاگریان دان. کە (دەرسیم)یان لەبن و بێخەوە وێران کرد. کە کچان و ژنانم دی لەدوای مەرگی پیاوەکانیان خۆیان خستە چەمەکەی (مۆنزۆر)ەوە.

(ئای بێڕەحم بێڕەحم بێڕەحم

من باڵندەیەکم لەناو باڵندە ڕەشەکاندا

کە داماوانە لەبەر قولیپەکانی دیاربەکردا کسکۆڵەم کردووە

پەڕوباڵم یەکجار شەکەت و

باڵای زراڤم چەماوەتەوە

جا سبەینێ چۆن توانای ڕۆیشتنم ئەبێ؟..)

من تەنیا و ماندوو بووم، من بووم و کچۆڵەیەکی بچووکی بێ زمان...

(ئەگەر زوو نەکەوینە خۆمان ئەمانبەن بۆ ئەناتۆڵی، بۆ ئەو جێگایەی کە لەهەر گوندێکدا مافی ئەوەمان هەیە تەنیا پێنج لە سەدی خەڵکەکە بین. ئەبێ دەستبەکار بین دایە، دەستوبردیش کەین، شاخ و کێوەکان باشترن. با بەرەو سنوور بڕۆین.)

(ئای بێڕەحم بێڕەحم بێڕەحم

بەرەبەیانان نە توانای چوونە پێشەوەم هەبوو

نە هێزی هەڵاتنیش

بڵێی ئەمشەو کوڕە ئازایەک پەیدا بێ و

ڕاسپێری من بەو سوارە کاکۆڵ قەترانییە بگەیەنێ؟

ڕەنگە ویستی بمڕفێنێ

ئاه، ئەرێ، بڵێین با بمڕفێنێ!

داخوازیکەرم زۆرن

ئەو پیاوانەی لە دیوەخانەکەماندا دانیشتوون و خەریکن

لە باوکم خوازبێنیم ئەکەن

بڕوانە چەند زۆرن)

لەو زەمهەریرەدا مەلایەکم دی کە فڕۆکەکانی ئینگلیز، تا سەر سنووریان ڕاونابوو. لەو سەفەرەیدا کە بەسەهۆڵبەندانی لاپاڵی کێوەکاندا تێپەڕین، هەشتسەد کەسی لەگەڵدا بوو، لەسەرما شین و مۆر هەڵگەڕابوون، چواردە ڕۆژ بەناو بەفر و سەهۆڵبەنداندا ڕۆیشتین. بەڵام ئەوەندە شڵەژابووین هەر ڕێگاکەی پشتەوەی خۆمان پێوابوو.چواردەشەو بە ژن و مناڵ و بریندارەوە ڕۆیشتین و لەترسی دوژمن و بۆ ئەوەی لە بەرگوللەی سەرباز و جاشدا نەبین، لە ڕاست و چەپەوە ڕێمان گوم ئەکرد، بەندی دڵەکەم من ئەمویست ئەو زەمهەریرە ببەزێنم تا تۆ ببێنی، کەچی خۆم نەمام. کە گەیشتینە خاکی بەفری سوور من هیچم لێ نەمابووەوە.

ئای بێڕەحم بێڕەحم بێڕەحم

من باڵندەیەکم لە باڵندە سوورەکان

کە لەبەر قوڵپەکانی دیاربەکری سووتاودا هەڵنیشتووم.

پەڕوباڵم ڕچیون و ئێسقانەکانم تێکشکاون.

سبەینێ ئیتر نە توانای فڕینم ئەمێنێ و

نە هێزی ڕۆیشتن

بەشی من لەوێشدا هەر حەپەسان بوو. لەو ڕەشبگیرەدا مام سمێڵ، کە لەهەموو شتێک زیاتر بەو سمێڵەیەوە ئەنازی، لەگەڵ ئەو خەڵکەی سەر سنووردا بەرەو سیبری ڕەتاندینی. لەوێش لە بەفرەکەی زیاتر هیچم لە بیر نەماوە. هەر بەفر و بەفر بوو. بەفر و سەرما و برسێتی و ئاوارەیی بوو، هەر لەوێ هەرچیم لە مێشکدابوو، پاک و کاڵ بووەوە. سەفحەی بیرەوەرییەکانم





ئەوەندە کاڵ و کاڵ و کاڵتر بووەوە، تا ڕۆژێک سەیرم کرد لەگەڵ بەفرەکەدا بووە بە یەک، سپی بووە و دوایین خاڵی ڕەشی ئەو سەفحە ڕزیوەش وێنەیەکە، کە لەگەڵ ئەودا بەجێم هێشتی: لە شەمەندەفەرێکی شەقوشڕدا مناڵێک خۆی بەسنگی چرچی دایکێکەوە هەڵواسیوە. بێ قەراری مناڵەکە و سەرما. بێ هێزی و برسێتی دایکەکە و ئاڵۆزی هەمووان، باوکەکە وەڕس ئەبێ. چیتر توانای بینینی دەردی مناڵەکە و دایکەکەی نامێنێ. ئاخرییەکەی لە وێستگایەکدا، کە بەفر داپۆشیوە پەلاماری مناڵەکە ئەدا و دائەبەزێ. هەردوو پێی مناڵەکە ئەگرێ و بێ تێڕوانین سەری ئەکێشێ بە دارتەلە ڕچیوەکەدا. جا ئێستا دارتەل و بەفر و مێشک سوور سوورن. بێدەنگییش دووبارە سارا سپییەکە ئەگرێتەوە. منیش ئیتر لە هیچ حاڵی نەبووم، هیچم نەدی، هیچم نەبیست، ئەوەندە ئەزانم کە منیش بەناو ئەو بەفرانەدا فڕیم. هەر تەنیا خۆم. بەبێ تۆ، بەبێ شەمەندەفەر، هاوسەفەرم هەر ئەو مناڵە بێ سەرە بوو.

(ئای بێڕەحم بێڕەحم بێڕەحم

من باڵندەیەکی بێ سەری تۆقیوم

بڵێی کوڕە ئازایەک پەیدا ببێ و

ڕاسپێری من بەو سوارە کاکۆڵ قەترانییە بگەیەنێ

ڕەنگە ویستی بمڕفێنێ

ئاه. ئەرێ بڵێین بمڕفێنێ

ئەگەریش نەیویست

زۆرن ئەوانەی بە تاسەمەوەن

داواکارانم زۆرن

داخوازیکەر لە دیوەخانەکەماندا دانیشتوون

جوان وردبنەوە، بیست و شەش کەسن)

دایە ڕووناک: بیست و شەش کەسن! بیست و شەش کەس! بیست و شەش! بیست و شەش کەسن!

کەژاڵ: ئارام بە دایە، ئارام بە! پێویست ناکا چیتر خۆت ئازار بدەیت، بخەوە، ئارام بگرە، پیاوە چەکمە لەپێکەش ناتوانێ ئازارت بدات. دڵ لەدوای دایکیشت

مەبە. ئەو بەناو بەفرەکاندا فڕی و بەئارامییش گەیشت. ئێستا بخەوە، ئارام بگرە. تۆ ئەبێ بحەسێیتەوە. بحەسێیتەوە. بحەسێیتەوە و پاشان پێم بڵێ کە لەدوای دوانزە ساڵ گەڕایتەوە بۆ دۆڵە سەر سەوزەکانی گوندەکەت، ئەوێ چۆن بوو! دایەساڵی هەزار و نۆسەد و پەنجا و هەشتت لەبیرە؟ دایە؟ دایە؟ (دایە ڕووناک چاوەکانی ئەنووقێنێ، پێئەچێ خەوتبێ. کەژاڵ بەسەرسامییەوە لێی ورد ئەبێتەوە) بۆچی ئەبێ ئەم هەموو ساڵە ناسنامەی خۆی لەدەست دابێ؟ بۆچی؟ بڵێی هۆکارەکەی بێجگە لەترس و تۆقاندنی هەمیشەیی چی تر بێ؟ تاقە شتێک کە لەدوای ئەم هەموو ساڵە هەر تێیدا ماوە و وجودی بەجێ نەهێشتووە، ترس و نەفرەتە. ترس و نەفرەتە ڕاستییەکانە. باشە بۆچی ئەبێ بەشی ئەو لەم خاکەی خۆماندا هەر دەردەسەری و کلۆڵی و ئاوارەیی بێ؟ بۆچی ئەبێ لەهەموو سامانێک بێ بەری بێت و مێشک و هۆشی ئاوا گوشراو و پارچە پارچە بێت؟ دایە ئەو ترس و دڵەڕاوکانەی تۆ وایانکرد کە من خۆم بدۆزمەوە. بزانم کێم، لەکوێدا وەستاوم. بەبێ ئەو چارەنووسە سەیر و خەمینەت قەت نەمئەتوانی خۆم بدۆزمەوە. لەگەڵ خۆمدا ڕووبەڕوو ببمەوە. لەگەڵ خۆماندا و ڕووبەڕووی گشت برینە هەوکردووەکانی ڕابردوومان بوەستم. خوای من، یارمەتی دایە ڕووناک بدە تا لەو شێتییەی ڕزگار ببێ. لوتف بکە، بەر لەمردن ئەگەر بۆ ساتێکیش بووە، عەقڵ و ڕۆحی بەدەست بێنێتەوە و بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو دنیا. سەیرێکی من (کەژاڵ)ی سستەری بکات. تەنیا جارێک بڕوانێتە خۆم، نەک (کانی)، هاوڕێ گوم بووە، یان کوژراوەکەی. خوای گەورە، لەبەر خاتری من کارێ بکە، کە دیسانەوە بزەی ڕاستەقینە بکەوێتە سەر لێوەکانی و بەسەلامەتی لەم ئاسایشگایە بێتە دەرێ و بەسەلامەتی بگەڕێتەوە بۆ لای تۆ. کارێ بکە کە ڕاستی و حەقیقەتی سادە و ئاسایی خۆی بناسێ و بۆ هەتا هەتایە بە ئارامیی بگات.

دایە ڕووناک: (لەپڕ لە خەو ڕائەپەڕێ)

خۆیەتی، خۆیەتی، بینیم (لە کەژاڵ بە گومانە) کەواتە ئەو دەستبەرداری کەس نابێ، تەنانەت تۆش... تەنانەت تۆش...تۆش جاسووسی ئەکەیت؟ ها؟ جاسووسی ئەکەیت؟... چ دەردەسەرییەکە! چ سووکایەتییەکە! مۆر و نیشانەی ئەم نەفرەتە بەرتۆش کەوت؟... ئەبێ جەزای تاوانەکەت بدەیت!... ئەبێ کەفارەکەی بدەیت! ئەبێ جەستەت بەشەق بسپێری، تا لەمۆر و نیشانەی ئەم





پیسی و ناشیرینییە ڕزگار ببی. هەر توندوتیژی و کوتەک و ئازار ئەتوانن ئەم نەنگییە بسڕنەوە. تەنیا هیچ و پووچی و بێ شکۆیی دۆزەخەکەی (ئیستخباراتی) بەغدا ئەتوانێ ڕیشەی ئەم تاوانە لە قووڵاییت دەربهێنێ..

بەڵێ ئێستا بەڕوونیی ئەیبینم.. ئێستا بە ئاشکرا ئەمە لە یاریەکەتدا ئەبینم، کچێ هەی ئاگری ژێر کا، دووڕوو! جاسووس! غەیبەتکەر! قسە هەڵبەست. پێت وابوو ئەتوانی بەمجۆرە هەڵمفریوێنی. توخوا سەیری من کە، وام ئەزانی پاک و بێگوناحی، بۆگەن! چاک سەیرمکە! چاک سەیری چاوەکانم بکە! کێ تۆی ناردووە بۆ ئێرە بەرەڵڵا؟ هەواڵ بۆ کێ ئەبەی؟ بۆ عەبدولکەریم قاسم یان عەبدولسەلام عارف؟ یان براکەی؟ وا نەزانی دەستەکەتم کەشف نەکردووە و فڕوفێڵ و کەڵەکەکانتم نەدیوە؟ دانی پێدا بنێ کە ئەتویست لای ئەحمەد حەسەن بەکر ئاشکرام بکەی، یان لای خوشکەزا شمرەکەی! چاک غافڵگیرم کردی دەم هەراشی مەلعوون! بێ چاوڕووی ناشیرین! خۆفرۆشی خاین.

(دایە ڕووناک هەوڵئەدا کەژاڵ بگرێ و لێیدا. بەرگریکردن و هەڵاتنی کەژاڵ–یش شەڕێکی بێ سەروبەری هەڵگیرساندووە)

کەژاڵ: ئەڵێی چی دایە؟ ئارام بە! ئارام بە دایە! ئیتر دووبارەی ناکەمەوە. ئای! ئای! ئای! ئای!.... لێم گەڕێ....

دایە ڕووناک: پێت وایە بەم جۆرە ئەتوانی خۆت ڕزگارکەی؟ ها؟ بۆگەنی هیچ و پووچ؟ میللەت فرۆشی بێ ویژدان؟ بەڵام تۆ بەهەڵەدا چووی، ئا وەرە بیگرە (لە کەژاڵ ئەدات) دوای دوانزە ساڵ دووری، خۆ نەهاتوومەتەوە، تا جاسووسیم بەسەرەوە بکەن! نەهاتوومەتەوە جاسووسیم بەسەرەوە بکەن، خوێڕی!.

ڕاستە لە وڵاتی خۆمدا غەریبم، بەڵام بەرگەی ئەوە ناگرم جاسووسیم بەسەرەوە بکەن! نەخەڵەتابی دەور و خولی من بدەی! حەسوود، نارەسەن، دز!

کەژاڵ: ئیتر دووبارەی ناکەمەوە دایە، بەڵێن ئەدەم، سوێندت بۆ ئەخۆم. باوەڕ بکە دایە، بەڵێن ئەدەم، سوێند ئەخۆم... (دایە ڕووناکی هێمن کردەوە) لەجیاتی ئەم جۆرە قسانە بڵێ کەی گەڕایتەوە؟ بۆ کوێ گەڕایتەوە؟ کەی گەڕایتەوە دایە؟ دە قسە بکە.

(دایە ڕووناک لە پڕێکدا دائەمێنێ)

دایە ڕووناک: کەی؟ بەهاربوو. بەهاربوو گەڕامەوە. شار قەرەباڵغ، بەڵام نوقمی خونچە

بوو، خەڵکەکە تەڕوتەمیز و چالاک بوون. هەموو شتەکان ئەبریسکانەوە. کۆڵان ڕووناک و ماڵەکان تەژی بوون لە ڕۆشنایی. منیش وەکو بارانێکی وردی بەر با بووم، وەکو پەڵە هەورێک بەسەر بەرزایی زەریاوە... نازانم من لەناو خەڵکەکەدا گوم بووم، گوم بووم و پیاوێک دۆزییەوە... پیاوێک دۆزییەوە.. وریا.. وریا سوار.. ئەو دۆزییەوە... پیاوێکی تۆکمە و داڕێژراو... وریای من لەشولارێکی زیندوو و چالاک و بەهێزی هەبوو... چاوەکانی ڕۆشن بوون... کانی میهرەبان بە لەگەڵمدا... زۆریان ئازار داوم... ئەمە ڕاستە من زۆرم ڕەنج کێشاوە... میهرەبان بە لەگەڵمدا دایە، میهرەبان، هەروەکو میهرەبانییەکەی وریا. وریای من، سوارەکەم. ئەو بەڕادەیەک میهرەبان و دڵنەرم بوو لەگەڵمدا کە لەچاوە نیلیەکانیدا گوم ئەبووم.

ئای سوار، ئەی سوار
کوێستان یەگجار بەرزە و، ئیتر ناتبینم
دەستەکانم کە ئەیانویست گوڵاڵە سوورە و
نێرگز و ڕەیحانە بچێنن،
ئێستا ناتوانن ببزوون
بەختم ڕەش بوو، بەختی باوکم ڕەش بێ!
لەدوای دیتنی چاوەکانی وریا سوار
ئیتر ستایشی هیچ دڵێکم قەبووڵ نییە
ئای سوار، ئەی سوار
بەیانی بوو کە هەستام
بەڵام هێشتا...

بەڵام هێشتا ئەوەندە لە بەهار نەگوزەرابوو کە بەیانییەک شار بەیەکدا درا و (سالح) و (دەبابە) و زۆری تریان بەقۆڵبەستی برد. ئاگری شەڕ شارەکانی چۆڵ کرد و ئێمەش ڕوومان کردە دێ. چووین بۆ دێ لەکاتێکدا من دڵم پارچەیەک ئاگر بوو. ڕاجیمە و ناپاڵم (دهۆک و ئاکرێ)ی سووتاند، لەکاتێکدا وریا دەمێک بوو ڕۆحی منی بە ئاگرەوە دابوو. کاتێ ڕاجیمە و ناپاڵم گەیشتە پشدەر و شارەزوور، گەیشتە هەولێر، گەیشتە کەرکووک... کوشتاری ماڵات و قەلاچۆی دەغڵ و دان، وێرانیی ماڵان و سووتانی کێڵگەکان بوو، ئێمە بەرەو کێوەکان هەڵاتین، بەرەو کێوەکان. گشت لایەک





ئەسووتا و من شیفتەی وریا و بۆنەکەی بووم. لەگەڵ خێڵەکییەکاندا دامانە کێو. هەزار؟ دوو هەزار؟ دە هەزار؟ نازانم. نەمژماردن، بەڵام ئەو شاڵاوەی کردیانە سەر کۆڵەکەکان هەناسەی لە قاسم بڕی، منیش لە نێوان ئاوری دەشت و سەرکەشی کێوەکاندا، گوڵە نارنجم لە خۆم دا. ئەو گوڵانەی کە لە زەماوەندەکەمدا کردیان بەسەرما، نیوەی ئاگر بوو، نیوەکەی تریشی ئاوێتەیەک بوو لە زرمەی دەهۆڵ و دەنگی تۆپ. بەڵام ماڵی ئێمە دوور بوو. سەربانێکی بەرز و بڵندی نزیک بە ئاسمان بوو، لەو دەشت و دەرە. «وریا، چ دەهۆڵێکی بەشکۆیە! بیکوتە! بچریکێنە! هەڵپەڕە! ئەمە (لەنجە)و (سێ پێیی) و (خانەمیری)یە. لەگەڵ مندا وەرە وریا»

(ماڵەکەمان دوورە
ماڵەکەمان لە ماڵانی تر بەرینترە
لەو خەڵوەت و تەنیاییەدا
کاتێ کچەکە مشتێکی لێدا
وریا وتی: کچێ هەی شێتۆکە
کە بەمشت لێتدام
وامزانی هەسارەکەم لە ئاسمانەوە داکەوت و
درەختەکەی بەهەشتم گەڵای ڕژا و
تێکڕای ژیانم لە پڕێکدا لەناوچوو)
ماڵەکەمان لە هی خەڵکی تر بەرینترە
ڕووناک مشتێکی لێدا و
لەو تەنیایی و خەڵوەتەدا
بزە لەسەر لێو، بەهێواشی و بەگاڵتەوە
بەمێردەکەی وت:
(ئەی لاوی شێتۆکە لەو بەرەوە وەرە
کاتێ بەمشت لێمدای
ئەستێرەکەت لە ئاسماندا
زۆر لە جاران گەشاوەتر
درەختەکەی بەهەشتت نوقمی گوڵان بوو
تەمەنێکیشم پێ بەخشیوی لە سەدەیەک پتر ئەبێ)

دەهۆڵ مەکوتە! فڕۆکەکان! بۆمبا ئەڕێژن! بچۆرە پەنایەکەوە! کام سەدە؟ وریا؟ بۆ کوێ چووی؟ دایە؟... وریا؟ توخوا دایە ئەمەش بوو بە زەماوەند؟ دایە ئەم خەڵکە برسی و برینداران. خەریکن ئاژەڵەکان ئەکوژن و دانەوێڵە ئەخۆن.... دایە؟... وریا؟. وریا! وریا هەڵپەڕە! ئەمە (زەنگی) و[٦] (سوتەپا)یە. دەهۆڵ!

(وریا وەرە، بڕوانە، سەر ڕێگای بەهەشت. سەوزەڵانییە
ئەی لاوی شێتۆکە وەرە و بەرەو ئەم،
کێوە بەرز و سەرکەشانەم ببە
پێشتر پێم وتبووی:
ئەگەر عاشقەکەم لاو بێ
باکم نییە کراسی جاویشی لەبەر بێ
بۆچی ئەملاو ئەولا ئەکەی؟
قۆڵەپان و پۆڕەکانم سەیرکە
چۆن دەستەکانمی داپۆشیوە
ئەو دەستانەی بە بازنەی زیوینی دەگمەن ڕازاونەتەوە
پەنجەکانم ببینە پڕن لە موستیلەی زەڕ و ئەڵماس
کەمەرەی مرواری چنم، سەیرکە
گەردنە ناسکەکەم سەیرکە
بۆ بینینی ئەم گشتە شتە سەیرانەت
شەوێکی تەواو پێویستە
خۆ ئەگەر ئەم جیاوازییەش بەشی نەکردیت
دڵیشمی بخەسەر، کە پێشکەشتی ئەکەم،
دڵم، دڵم، دڵم.)

(دایە ڕووناک کپ و خامۆش لێی ئەکەوێ، کەژاڵ لە باوەشی ئەگرێ) ئارام بە دایە. ئارام!

کەژاڵ: دایە باسی وریام بۆ بکە. پێم بڵێ لەدوای ئەو هەموو ساڵە سەختانەی سەردەمی شەڕی پێنج لایەنە، چۆن لەباوەشتا گریا؟ لەپاش ئەو گشتە

(٦) ناوی جۆرە هەڵپەڕکێیەکە، کە ڕەنگە وشەکە لە ڕووی ئیملاوە هەڵە نووسرابێ لەبەرئەوەی ئەم شانۆنامەیە هەر دەستنووسە و بە باشی نەخوێندرایەوە.





لێکبڕانە، کاتێ پێک گەیشتنەوە، مێردەکەت چۆن چۆنی گریا، دایە؟ دایە تکات لێ ئەکەم باسیم بۆ بکە، باسی تاقانە عەشقەکەت.... ئێوە دووساڵ پێکەوە ژیان، وا نییە؟ لەنێوان ساڵانی **١٩٦١** تا **١٩٦٣** ئەگەر هەڵەشم کرد، پێم بڵێ دایە، سەبارەت بە بەختەوەرییە لەتوکوت کراوەکەت بۆم بدوێ. پێم بڵێ ساڵی **٦٣** چ بەڵایەکت بەسەردا هات؟ سەبارەت بەو دوو ساڵەی کە لەگەڵ وریادا بووی بۆم بدوێ! باسم بۆ بکە دایە، بۆ منێک کە لەتەنیاییەکی لەبن نەهاتووی ژیانێکی خۆڵەمێشی و لەبەریەک هەڵوەشاوە زیاتر هیچی ترم نییە. هیچ شتێ دایە، هیچ شتێ. ئێستا هەرتۆم هەیە و ژوورێکی بچووک کە شەوانە بەتەنیایی لەوێدا ئەخزێمە ناو جێگاکەمەوە ئەگریم، دایە وەڵامم بدەرەوە، قسە بکە، شتێ بڵێ.

دایە ڕووناک: وتت ژوورێکی بچووک؟ منیش ژوورێکم هەبوو ساڵانێک تێیدا ئەگریام. کاتێ لەناو ئەو ژوورە خۆڵەمێشییەدا بووم، گەلێ شووڵکیان تێدا شکاندم... دەستانێکی پان و پۆڕ بوون، پەنجەی گەورە و نینۆکی کورت کورت کە ژێرەکانیان پڕ بوون لە چڵک و چەوری (نا، نا، بۆچی لێم ئەدەی؟ ئێشێ! من ڕاستیم وت، ڕاستیم وت، بۆچی ناتەوێ ڕاستی ببیستی، دایە یارمەتیم بدە! یارمەتیم بدە!) شووڵکەکە بوو بە دەسکی قامچی و بنمیچەکە نەویتربوو. کێو دوور و دایک دوورتر. هەمیشە خەوم بەبرینداریەکانەوە ئەبینی. لەهەر کۆڵانێکدا ئەگەر ماڵێک بەساغی مابوو کردبوویان بە نەخۆشخانە. من هەر بۆ ئەمە هاتبووم، بەڵام قامچی بەدەستەکە، بڕوای نە ئەکرد، (نا! نا! باوەڕ بکە من سستەرم، هاتووم چاودێری بریندارەکان بکەم، وریا وتی لە کێوەکە نەچیتە خوارەوە، بەڵام من گوێم لێ نەگرت. وتم: منیش ئەبێ کارێک ئەنجام بدەم، وریا؟ پیاوەکەم، مێردەکەم، خوێنەکەم! نا لێم مەدە! لەجیاتی ئەوەی وەکو نەخۆشەکان لێم بدەی گوێم بۆ شل کە، خۆم بەدەست چڵک و خوێنەوە ئازار ئەکێشم، لێم مەدە! ئەرێ بەڕاست ئەو هەروا بەبێ سزا ئەمێنێتەوە؟ من بەدەست ئەو هیچ و پووچەوە کەرەسەیەکی یاری بووم. شووڵک بوو بە قامچی و قامچیش بوو بە حەیزەرانێکی گرێ گرێ! ئیتر ماندوو ببووم، خەریک بووم هەست و ئیحساسەکانم لەدەست ئەدا... بنمیچەکە نەویتر و دیوارە خۆڵەمێشییەکە خۆڵەمێشی ببوو.. بەگران هەناسەم ئەدا... خەوم نەبوو...

(لە پڕا قەڵەمبازێک ئەدا و توند دەست ئەنێتە بینی کەژاڵ)

(یاڵڵا خۆفرۆش قسە بکە، کارێ مەکە سەروگوێلاکت لێکەمەوە. بلێ بزانم کە لەدەرەوە بووی، لە کوێ دەورەت دی؟ لەکام دۆڵی دۆزەخێ دا؟ لای کام خاینی وڵاتفرۆش؟ قسە ناکەی؟ زۆر باشە، ئەو نامەردی چڵکاوخۆرە، ئەو بێگانەیە چی ئەکات لەو کێوانە؟ نەکا بۆ پیاسە چووبێ؟ تۆی بۆچی بۆ بەغدا نارد؟ تەتەر بووی، یان جاسووس؟ جفرەی نامەکەت کوا؟ ئەدرەس و پردی پێوەندیتان؟ دە قسە بکە، ئەمە دەستوور و یاسایە... نەکا هاتبێتی بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لەگەرەکی کوردەکاندا تۆوی ئاژاوە داچێنی و ئاشووب بەرپا بکەیت؟...

لاڵ بووی یان سەگ زمانتی خواردووە. بۆگەن! من قسەم نەبوو، لاڵ ببووم، تەنیا هەردوو نیگابووم. دوو بیلبیلەی تەڕ. نیگا تەڕ و ڕیپۆقاوێکەیم هێشتا لەبیرە، هێشتا ئەو پەردەیەم لە بیرە، کە چاوەکانی تار کردبوو. هەر کاتی بەفیڕۆ ئەدا، چیم پێ بوتبایە؟ ئەوان بۆمبارانی گەڕەکە کوردنشینەکانی بەغدایان کرد نەک من! لەو گەڕەکەدا دەستەکانی من هەر برینیان ئەپێچا، من شارەزاییم لەچەکدا نەبوو، ئێستاش هەر نیمە، ئەکەوتمە پشت هەر شیشێک هەر ئەوەم ئەوت، بۆ هەر کوێیەک ئەچووم گرێکی ڕەش، نوورێکی تۆخ و تاریکم ئەدی، هەشت ماڵی ڕەشم دی، هەشت ڕۆشنایی ترسناک، هەشت دیواری بەرز و نزم، ناویان چی بوو؟ کانی تۆ لەبیرتە؟ (نوگرە سەلمان)، (ئەبو غرێب) (هەیئەی کەرکووک)...، (ئەمنی عامە).....

ڕۆڵەکەم تۆ لەکام یەک لەم ماڵە پڕ لە فڕوفێڵ و زەبروزەنگە خۆڵەمێشییەدا بەجێت هێشتم...ها؟ وێڵت کردم یان گوم بووی؟ کانی قسە بکە! مەترسە ئەو هیچ و پووچە دەم گەنیوە ڕۆشت. سەربازەکانیش ڕۆشتن. ئیتر لەچی ئەترسی، وەرە باوەشی دایە، چاوت لێیە؟ مرۆڤ نابێ بترسێ، ئەو جادووگەرە بەدفەڕەش ڕۆیشتووە، چیتر ناتوانێ بە سیحر و جادووەکانی ئازارت بدات، ئیتر ناتوانێ دڵت بشکێنێ... ڕۆڵەکەم ئەزانی دایە خۆشی ئەوێی؟ تۆ ئەزانی چەندە ئەو چاوە تەڕوجەستە شل و شێواوەتم خۆش ئەوێ. لێرە لەتۆ زیاتر، من کەسی ترم نییە، لەتۆ زیاتر کەسی ترم خۆش ناوێ، دوای ئەوەی کە وریا مرد، وریا؟ مردووە؟

کەژاڵ: نا نەمردووە، وریا نەمردووە، ئەو هەرگیز نامرێ. دایە باسی کانی بکە. باسی





کانی. باسی من! ئەو کێ بوو؟ بۆ کوێ ڕۆیشت؟ مەهێڵە ترس و فرمێسکەکانت ئاشکرا بن. باسی شیشە و حەوشەکان. باسی دیوارە بەرزەکان و ئەو فرمێسکانەی لە پشت ئەو دیوارانەدا لە گۆڕت نان، کانی هاوڕێ و هاودەمت بوو، وا نییە؟ هاوڕێکەت بۆ کوێ چوو؟ چییان لێ کرد؟ قسە بکە دایە، باسی کانی بکە، کانی،

دایە ڕووناک: کانی؟ ئەها، هەموو ئازای گیانیان ڕەش کردەوە، بۆگەنی کرد، بەڵام ڕۆحی هەروا بە سپێتی مایەوە، دڵخۆشم کانی لەوەی نەتهێشتووە کەس دڵت داگیر بکا، ئافەرین کچ، لەناو گوناح و توندوتیژی و تاواندا ڕزگاری مرۆڤ بەهێزترە، ئەوە بۆ شتەکانت کۆ ئەکەیتەوە؟ ئەتەوێ بۆ کوێ بچی، ئەی من چی؟ خۆیان هیچ و پووچن، بمێنەرەوە، دوایی بەیەکەوە ئەڕۆین جا بۆچی ئەمشەو؟ نازانم وەڵڵا، ناڵێی بەم تاریکییە بچیتە دەرەوە گوم ئەبی؟ من خۆ زاتی ئەوەم نییە، ئەمێنمەوە تا وریا بێتەوە، وریای من، وریا من ماندووم پێڵوەکانم یاخین، تۆ وەرە و ئاگات لەکانی بێت. هەر ئەمشەو مەهێڵە کانی بەو تەنافەدا سەرکەوێ کە خۆی چنیوێتی! مەهێڵە جێم بهێڵێ، مەهێڵە لەو ئاسمانەدا گوم ببێ، ئاخر بەیانی من بەبێ ئەو چی بکەم؟ وریا ڕێگاکەی دوورە، تۆ وەرە دایە، تۆ کە هەمیشە منت لە بیرە، ئەمشەو لە بیری کانی دایە، دایە، دایە، هاتی؟)

پرشنگ: (من سێوم
سێوم سێوی تازە
مێخەکێکم دوانزە پەڕەم هەیە
ئەو دەمەی چاوەکانم
چیتر دڵدارەکەم نەبینێت
ئەژنۆم ئەشکێ و
ئیتر توانای جووڵە و بزاوتێکی نابێ
ئێستا ئیتر
ئەژنۆم شکاوە و
جووڵەم نەماوە)

دایە ڕووناک: بۆ منت خوێند یا بۆ ئەو؟

پرشنگ: بۆ گشت سێوە تازەکان، بۆ گشت مێخەکە دوانزە پەڕەکان. بۆ ئەو، بۆ تۆ، بۆ

ئەوانەی کە هەمیشە ڕۆحیان پاکە.

دایە ڕووناک: بۆ من بچڕە دایە کە قژی سپیم لە پشت شیشەکاندا هۆنییەوە. بۆ منێک کە بوون و ژیان و عەشق و جوانیمت فەرامۆش کرد، زۆر دوورە، زۆر سەختە، دایە پێنج ساڵ؟ دە ساڵ؟ بیست ساڵ؟ زیاتریش؟ زۆر باشە من ڕادێم، جیاوازییەکانمان لەبیر ئەکەم، بەڵام ئەوان چی؟ لەبیری ئەکەن؟ نا دایە ئەوان بیریان ناچێتەوە من کێم، تکات لێ ئەکەم من و کانی بەتەنیا جێ بهێڵە، من و ئەو ئەبێ چەندان ساڵ شیشە بژمێرین، یەک، دوو.. یەک، دوو.. یەک، دوو.. یەک، دوو.. یەک، دوو.. ئەم واتە واتە لە کوێوەیە؟ زرمەی پۆستاڵ دێ.. کانی وەرە، جەنگی سێیەم و چوارەم و پێنجەمیش ڕوویدا، لەدەرەوە چ باسە؟ (حەرەس قەومی) بەهەموو لایەکدا وەکو تاریکی بڵاوبوونەتەوە، لە هەموو لایەک باسی ڕاگوێزان و ویرانکردنی دێهاتەکانە، ئاه، ئارام بە بچکۆڵ، بێقەراری مەکە، من چوزانم لە کوێ؟ زۆربەیان لە کەرکووک و خانەقین و سنجارن، بێگومان باسی ئاگر و نەوتە، پەنجەت لە لووتت دەرهێنە ڕۆڵەکەم، برۆ دەستەکانت بشۆ، ئەبێ ژێر بی هەشت لەشکر، هەشتسەد تانک، بیست هێزی ماتۆڕی، بیست هەزار پۆلیس و یانزە هەزار هێزی ئاسمانی، خۆ نایەن تەتەت بۆ بهێنن! زۆر باشە بێ گوێی هاروهاج. ئەوسا بزانە کە چۆن تەمێ ئەکرێی. بەڵێ! خۆت سەیرکە بزانە چۆن سێسەد هەزار کەسیان لە ئاو و خاکی خۆیان هەڵکەند و هەر سێ چوار بنەماڵەیەکیان لەنێوان دێهاتە عەرەب نشینەکانی (زبێار) و (عەمارە) و (بەسرە)و لیتە و زۆنگاوەکانی (حەبانییە)دا پەرەوازە کردن. جا حاڵی بووی! جا ئێستا هەر جووکەت بێت! جلەکانت ڕێکوپێک کە! سەیرکە چ سەروسەکوتێکت هەیە! هەر ئەوەندەی بروانیتە ئاوێنەکە و سەیرێکی خۆت بکەیت، سەرتاپات لە خاک و خۆڵدایە، ئەه ئەه لەم منداڵە چەند ناشیرینە! ناشێ منداڵی من بێ، بێگومان هی ژنێکی ترە، ڕاست ناکەم وریا؟ وریا؟ بۆچی وەڵامم نادەیتەوە؟ وریا، وریا..

کەژاڵ: باسی وریا بکە دایە، باسی بریسکەی چاوەکانی، نووری ناوچەوانی، باسی دەستە مەزن و پێیە بەهێزەکانیم بۆ بکە. بلێ تا ساڵی (١٩٧٥) لەکام جێگایانەدا شەڕی کردووە؟ چەند جار بریندار کراوە، تا کوێ بە دواتدا هات؟ چەند شار گەڕا و بۆچی قەت نەیتوانی بتدۆزێتەوە؟ دایە سەبارەت بە دڵە گەورە و خەمینەکەی بۆم بدوێ، باسی تاسە و ئارەزووەکانی، تاسەی تۆسقاڵێ





ئارامی، کێڵگەیەک و ماڵێکی چکۆلەو چەند منداڵێک، باسی گۆرانییەکانیم بۆ بکە، ئەو شیعرانەی ئەیخوێند، ئەو چیرۆکانەی ئەیزانی و ئەو نمایشەی شەوانە بە سێبەری دەستەکانی لەسەر دیواری ژوورەکە ئەینواند، باسی وریا و منداڵەکەیم بۆ بکە. منداڵەکەتان، منداڵەکەی تۆوئەو..

دایە ڕووناک: خانمان ئەم کوڕپەیە قەت لە من نەبووە، نا ئەمە ڕاست نییە، هەڵم مەخەڵەتێنن. دڵنیام بەهەڵەدا چوون، بڕوام پێبکەن. من پێشتر نەمدیوە، من تازە هاتووم بۆ ئێرە و هیچ کەسیشم لەگەڵدا نەبوو. مێردەکەم؟ مردووە! تێئەگەن؟ چاوتان لێبوو چۆن بەهەڵەدا چووبوون، ئافرەت چۆن ئەتوانێ منداڵی ببێ کە مێردەکەی بۆ سەفەری مەرگ چووبێ. ئەمەش خۆ زۆر ئاشکرایە! بۆیە تکا ئەکەم ئیتر لەسەری مەڕۆن. من کەمێ ماندووم. لوتف کەن بمبوورن، ڕێگاکە بەربدەن، مۆڵەتم بدەن با ڕەت بم،

کەژاڵ: چۆن دایە، خۆ وریا لە تۆ منداڵێکی بوو، کوڕێک! ئەمەش ڕاستە دایە، ڕاستە، منداڵی تۆیە. منداڵی تۆ و وریایە! ڕاستە ئەو منداڵە چەند مانگێک دوای مەرگی باوکی لە دایک بوو، بەڵام خۆ کوڕی ئێوەیە و ئێستاش پیاوێکی مەزن و دڵڕفێنە، لە بیست ساڵیدا نووری ئومێد لە چاوەکانی ئەبارێ، سێ ڕۆژ بەر لەمە هاتبوو بتبینێ، لەکاتی چوونە دەرەوەدا دیم، بەکوڵ ئەگریا. دایە ئەو پیاوە دڵڕفێنە ناوی (هیوا)یە. ئاخری ڕۆژێ هەر ئەبێ ئەو پیاوەت بیر بکەوێتەوە. بیناسی. ئەگەر ئەتزانی ئەم مەسەلەیە تا چ ڕادەیەک بۆی گرنگە، ئەگەر پێت خۆش بێ من ئەتوانم بچم بەشوێنیدا و هەتا حەفتەیەکی تریش لێرە ئەبێ... پاشان ئەڕوا، ئەیوت کاری زۆرە و هەر خوا ئەزانێ کەی بۆی ئەکرێ بگەڕێتەوە... دایە ئەگەر بتتوانایە وەبیری بهێنی.... ئەگەر بتتوانایە دووبارە بیناسیتەوە.... دایە ئەگەر....

دایە ڕووناک: ئەو تەنانەت لە منداڵەکانی تریش لە (چەمچەماڵ) و (زرێبار)یش دزێوترە، ژاکاو و بێدەنگە... ڕاستە چاوەکانی وەکو هەزار دانە ئەڵماس ئەدرەوشێنەوە، بەڵام من نایناسم... تا ئێستاش نەمدیوە... نازانم بۆچی وا لێم ورد ئەبێتەوە؟ بێگومان ئەبێ – یەکێک بێ لەو هەزاران منداڵەی کە میراج و مێکەکان ئاگربارانیان کردن.... یا منداڵێکی ونبوو بێ لەو هەزاران منداڵە لادێییانەی کە حەرەس قەومی دێهاتەکانیانی لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و خەڵکەکەی ڕاگوێزا، ئەو تەنانەت تەنیا و بێکەسیشە، برسی و تینووە، چونکە

کێڵگەکەیان سووتاندن و کانییەکانیان کوێر کردنەوە و گەچ و چیمەنتۆیان تێ کردن، بەڵێ وایە، ئەبێ برسی و تینوو بێ، بەڵام منالّی من نییە، باوەڕ بکە دایە منالّی من نییە، درۆت لەگەڵدا ناکەم.. دڵنیات ئەکەم. بڕواش ناکەی لە وریا بپرسە، چونکە ئەو دوای مەرگیش ئەتوانێ وەڵامت بداتەوە. دایە ئەم منالّە بەم جلە ترسناکەوە ئەبێ هی دەوروبەری (زینۆ) و (ڕاوان) بێ، هی کێوەکانی (بەمۆ)، یان ناوچەی (ڕەواندز) بێ. دیارە ئەو دەمەی قەلەڕەشەکانی بەغدا ئێرەیان چۆڵ کردووە و خەڵکەکەیان ڕاگوێزاوە، ئەم بەجێماوە، ئەمەش بەتەواوەتی لە قەلافەت و سەروسەکوتیدا دیارە کە خەرمانێک لە ترس و تۆقین و نائومێدییە، ئەگری، گریانەکەی ئەمترسێنێ. هەنسکە هەنسکی گریانەکەی نایەڵێ پێم بڵێ لاشەکەی وریای من لە کوێیە... وریا، مێردەکەم، مێردە ڕەنج کێشەکەم، ئەوکەسەی بەر لە لەدایکبوونی منالّەکەی بۆگەن ببوو، دایە من گرفتارم. ئەگەر ئەتوانی کەسوکاری ئەم منالّە بدۆزەرەوە و بیسپێرە بە خاوەنەکەی، ئەرێ ئەوە لای لایە بوو، یان گۆرانی، ئەوەی دایکی ئەیخوێند؟ ئەیخوێنی دایە؟ زەمزەمەکانت هەمیشە شیرینن..

پرشنگ: (کوڕە قۆزەکەم
ڕوومەکەرە خاکی بێگانە، لەبیرم مەکە
هەستە و بمکە بە سێوێکی سوور و
لەبەرکتی نێ!
ئەو دەمەی ئەچیتەوە ناو ڕووخۆشان و دلڕفێنان
یان کە دوژمن بە زەبر و زەنگ ئەتبا
جار جارە لە بەرکتی دەرهێنە و سەیرێکی بکە
لەبیرم مەکە.

پرشنگ: منالّەکەت زیندووە، ڕووناک تۆ ئەوت بە زیندوویەتی بووە..

کەژاڵ: منالّەکەت زیندووە دایە ڕووناک، تۆ ئەوت بەزیندوویەتی بووە... بەهەموو بزێوی و جورئەت و بەهەموو ئازایەتی و پرسیارە ئاگراویەکانییەوە، کوڕی تۆیە و بیست ساڵە چاوەڕێی نیگای تۆیە دایە! زۆریش بەختەوەر ئەبێ ئەگەر بۆ تەنیا جارێک لە هەموو ژیانیدا و بەهەموو هەستییەوە بیناسی، بۆ ئەو تەنیا جارێکیش بەسە، باوەڕ بکە دایە، ئەو ئێستا وەکو کێوێکی گەورەیە، دایە، دایە،





دایە ڕووناک: هەرکە لەم سکە سیسەوە هاتە دەرێ، شوێن پێ و ئاسەواریم لێ گوم بوو. ئەو منالّە لە مردوویەک زیاتر هیچی ترنییە، لە دنیای ئومێدی مندا ئەو هەر بە مردوویەتی و سارد و سڕی و خەمگین و بۆگەن لەدایک ئەبێ. ئەو ڕۆڵەی مەرگە، منالّی زیندووش هەر لە عەشقی زیندووەوە لە دایک ئەبێ، بۆیە کە ئەو ڕوو ئەکاتە کەسانی تر ئەتوانێ نەمری بە ئێمە ببەخشێ، ڕاست ئەکەم دایە منالّەکەم بەمردوویەتی لەدایک بوو، ئەمە ڕاستە، ئەزانم تۆ تێم ئەگەیت ئەزانم، وریا مردووە لاشەکەیتان لەکوێ بەخاک سپارد؟ نەکا گۆڕەکەشیم لێ بشارنەوە، ڕاستییەکەیم پێ بڵێن، لە مارسی حەفتا و پێنج دا من ئازاد ئەبم و خۆم بە ئازادی ئەبینم دایە، ئازاد لە شیشە و دیوار، ئازاد لەسەرما و وشکبوونەوە و تۆقین، مارسی حەفتا و پێنج، دەوروبەری نەورۆزی پەنجا و چوار، دایە من ڕابردووم بەخاک ئەسپێرم و خەو بە ئایندەوە ئەبینم. ئەوسا پێ ئەنێمە دنیایەکەوە کە سەرتاپای بلّقی لەرزۆکن... دایە پێ ئەنێمە سەرکێوەکان و سروشت بۆ ئەوەی ڕۆشنایی ببینم، ڕۆشنایی... بەڵام کۆچم دی... کۆچ... سەیرم کرد ئەم دنیایە وێنەیەکی ئالۆزی خەوەکانمە، دنیایەک ئاوارەم لەسەر جادەکەی حاجی ئۆمەران و دەربەندە سەخت و زستانییەکاندا دی. کاروانێکی ماندوو، سەرشۆڕ، بێ ئایندە، توێشەبەرەی ڕێگای سیل، گرانەتا، سیرۆژە، سەر ئێشە، ڕەشە برین، کەم خوێنی، سەرما و بێ خۆراکییە، دیاری ڕۆژانەی قەسابەکانی تکریت، مەرگی ئاسایی و هەرزانی حەفتا منالّ، سی پیر و سەد پێشمەرگەی بێچارە بوو.

کانی؛ ناونیشانی وریا لە کێ بپرسم لەکاتێکدا کە باوک لە کوڕ، برا لە برا و دایک لە کچی خۆی بێ هەواڵە؟ دێ بەدێ ڕۆشتم و پرسیم... دێ بەدێ بێ ئەوەی چاو بتروووکێنم فرمێسکم ڕشت. لە چل هەزار ماڵی وێران کراو، لە سێسەد هەزار ئاوارە، لەدە هەزار کانی بەچیمەنتۆ کوێر کراوە و... لە کەلاوەی هەزار گوندی وێران و چۆڵکراودا شوێن پێیم هەڵگرت تاوەکو لە ژنێک، لە ژنێکی تەنیا کە حەوتەمین کوڕی خۆی بەخاک ئەسپارد هەواڵیم پرسی. ئەویش زۆر بە سەخت بیری کەوتەوە کە مانگێ لەوەبەر وریا سوار–ی منی بەحەوت زامی قوولّەوە لە جێبێکدا دیوە کە بەرەو پیرانشار، یان تاران–یان بردووە. پیرانشار یا تاران؟ تاران لەکوێیە؟ نەچووم، نازانم، توانای ڕۆشتنم نییە، من سەرچاوەی ئازارەکانی دنیام و هیچ کەس ئەمە نازانێ، تەنیا وریا ئەیزانی،

وریا ، وریا! وریا ؟! ئاه ئەمە تۆ لێرەی! هاتی! لەپاش ئەم ماوە زۆرە. میهرەبان بۆچی بەجێتهێشتم، ئەی هاورێکەم من بۆ دۆزینەوەت هەشت شوورەم بڕی، هەزار دێی وێران گەڕام، حەوت کێوم بڕی و بە چواردە شاردا تێپەڕیم، ئەزانی خۆشم ئەوێیی تۆ شایستەی ئەوەی کە گیانم لە پێناوتدا دانێم، چەندە دوورو درێژبوون ئەو ساڵانەی بە دووری تۆوە تێپەڕین، ئەزانم تۆ لە جەنگدا بووی، لە پێناوی وڵاتدا جەنگای، ئێستا ئیتر نامری، لەمە بەدواوە بۆ هەمیشە هی خۆمی، زۆرم چاوەڕێ کردی، ئەزانی؟ پێم وابوو کە ڕەنگە فەرامۆشت کردبم، وتت مردووە، سەرنگون کراوە، ئای وریا ، جەستەی بریندارت چەندە شیرین و تەڕوتەمیزە، پێستت چەندە نەرم و بۆنداره، لەو ساڵانەی زیندان و ترسەدا، جگە لە سۆز و میهری تۆ زیاتر پاڵپشتێکم نەبوو، لە چاکەی تۆ زیاتر بیرێکی ترم نەبوو، بێجگە لە دووریت خەمێکم نەبوو، کێ تۆی کێشایە ئەم مەیدانی مەرگەی کە هی ئەوانە؟ بۆ ئەوەی جارێکی تر بتبینمەوە ئەبێ چەند و تاکەی چاوەڕوانی و دەرد بکێشم؟، بیست ساڵ لێک دووربووین و لەم هەموو ساڵەشدا زەردەخەنەی من شکابوو. زەردەخەنەی تۆ چۆن بوو؟ وریا ئەم حەوت برینەکارییەت لەکوێ هێنا؟ تۆ چۆن ئەتوانی جەستەیەکت ببێ بەم ئەندازەیە ماندوو، و بریندار؟ بەم ئەندازەیە ورد و خاش؟ تۆزێ لەو ماندووبوون و عەرەقی عەشقەی ئەتسووتێنێ، بە من بدە، کانی یارمەتیم بدە، وەرە وریا ، ئارام بە. لەم سەرجێگایەدا ڕاکشێ... بهێڵە با برینەکانت خۆش ببنەوە. چاوانیشت لێک نێ و خەو بە میللەتەکەتەوە ببینە. بیانبینە، تێکڕایان هیلاک و ماندوو، بریندارن.... ئارام بگرە، بخەوە، چاوە لێک نەنراوەکانم چاودێری زام و برینەکانی تۆ ئەکەن و دڵم جێیی ڕازی خەمەکانتە.... من پاسەوانیی تۆ ئەکەم، بۆ هەمیشە، تا هەتایە، (ڕووناک بە کوڵ ئەگری)

کەژاڵ: مەگری دایە ڕووناک، مەرگی وریا بەدەست خۆی نەبوو، ئەو خۆشی ئەویستی و دوای بیست و دوو ساڵ دووری و حەوت برینی کاری، هێشتا گوڵ و دڵ و هێزی ئەژنۆکانی هەرتۆ بووی. پووریێ تۆ عەشقی بووی، بیرت نایە؟ خۆت ئەمەت پێ وتم، مەگری دایە، ئەی من چی بڵێم؟ شانس و ناوچەوانی تۆ لەمن باشترە، من شتی وام لە ژیانمدا دیوە کە تۆ هەر نەتدیوە، نەتبیستووە، عەشق و سۆزی وریا شتێکی ئەوتۆی بەتۆ بەخشیوە، کە بتوانیت خۆت لەخۆتدا زیندانی بکەیت و ماوەیەکی زۆر لەگەڵ تەنیایەکەتدا بسازیت، ئەوەندەی ڕۆشنایی





پێداوی کە بتوانی هەزار ساڵ بەتەنیایی بژیت، دایە، دنیای دەرەوە دنیایەکی تاریک و بێ ڕووناکییە، تۆ کاتت ڕاگرت، بۆ تۆ هەموو شتێکی دنیا لە (١٩٧٥) دا و لەگەڵ مەرگی وریادا بڕایەوە، ڕێک دوو مانگ دوای بیست و دوو ساڵ دووری، حەقتە دایە، تۆ دەرگاکانت لە ڕووی خۆتدا داخست. دیواری قورس و قایمت بەدەوری خۆتدا دروست کرد و لەدوای ئەو نەتهێشت قەت کەسێ درزێ بکاتە دەروونتەوە، نەتهێشت ڕووداوی ترسناک ڕۆحت ئاڵۆزتر بکات تۆ هەواڵەکانت نەبیستووە، نازانی دووبارە چی بەسەر خەڵک و وڵاتەکەتدا هاتووە و چییان کردووە. ئەزانی لە بیست و پێنجی ڕەشەمێ دا واتە ڕێک لەو ڕۆژەدا کەتۆ بێدەنگییەکەت شکاند - لەساڵی (٦٦)دا واتە مارسی (١٩٨٨) چی ڕوویدا؟ دایە تۆ هیچ دەربارەی گازی خەردەل و ئەعصاب و سیانور نازانی، تۆ دەربارەی هەورە زەردە ژەهراوییەکان شتێکت نەبیستووە، ناوی گازی (ئیپریت) و (باردل) و هۆکاری (تابون)ت بەرگوێ نەکەوتووە. نەبووی تا ببینی چییان کرد لە شاری (نالی) و (تایەر بەگی جاف)، لە شاری حەفتا و دوو مزگەوت، لە هەڵەبجە، دایە تۆ تەنانەت وێنەی منالان، ژنان و پیاوانی بێ چەکی (کانی عاشقان) و (پاشا) و (تەکیەی پیر محەمەد)ت نەدیوە، لەکاتی ڕەش بوونەوە و ژاکاندا .. دەربارەی منالانی (دوجەیلە)، کە لە باخچەی ماڵەکانیاندا بێدەنگ مردن ،کەس شتێکی پێ نەوتی، تا ئێستا فرمێسکێکت بۆ منالانی (سەرگەڵو) و کچانی جوانە مەرگی (جەزیلە) نەڕشتووە، لە[سەرگەڵو]ی کیمیاویباران کراودا چۆن پانزە منالی کۆرپەی ئەو لادێیانە بە کوڕ و کچەوە پێکەوە نەتدی بەخاکیان سپاردن و ناوی کیمیا-یان نا لە گۆڕی ڕەش و بچووکی ئەو کوڕ و کچانە، پووریێ من هەموو ئەمانەم دیوە، بیستوومە و بۆشیان گریاوم، لەخاڵی سفری مەرگی بەکۆمەڵدا سی و چوار کەسی خۆم لەژێر زەمینی ماڵێکدا لە (کانی قوڵکە)ی هەڵەبجەدا ڕەش بوونەوە، مامم و ئامۆژنم و منالەکەیان لەکاتی هەڵاتندا لە تیۆتایەکی شەق و شڕدا تەواوبوون. دەرودراوسێیەکانم لەو دەشتە سەوز و ژەهراوییەدا ڕەش بوونەوە، هاوسەرەکەشم، مێردەکەم (کاوان) لە قەراغ چەمەکەی (زەڵم)دا شەهید بوو، پووریێ من بەدەستی خۆم (کیمیا)کەمم بەخاک سپارد (بەهاوارەوە) ڕۆڵە! (یاخەکەی ئەکاتەوە) ئەم ملوانکەیەی ئەیبینی وێنەی ئەو پانزە کیمیایە و (کاوان)ی شەهیدە، دایە من لەگەڵ مردووەکانمدا ئەبزووم، لەگەڵ شەهیدەکەمدا هەناسە ئەدەم و لەگەڵ ناڵە و هاواری پێنج هەزار

بێگوناحی کۆڵانە شەهیدەکانی هەڵەبجەدا ئەژیم، ئێستا تێ ئەگەم دایە کە بۆچی ئەمڕۆ بێدەنگییەکەت شکاند، ئەم هاوارە گوم بووە، ئەوانە کە تۆی بێچارە کردووە، دایە بۆچی خەڵک ئەبێ هەموو شتێکیان ببێ و ئێمە هیچ؟ بۆچی بۆ خەڵکی تر ئەبێ هەموو شتێک بخرێتە لاوە و بۆ ئێمە هیچ؟ هیچ شتێک، مەرگ و تەنیایی و ئاوارەیی و سووکایەتی نەبێ؟ سوکایەتییەکی بێدەنگ. دایە ئێستا تێئەگەم کە ئێمە توانایەکی سەیرمان لەتەنیاییدا هەیە. باسی بیروباوەڕی دەروونیمان سەر سوڕهێنەرە و خواوەندیش دڵێکی پێداوین کە بەرگەی هەموو خەم و ئازارێک بگرێ، ئەگینا چۆن ئەم بارە هەڵئەگیرێ؟ چۆن ئەبێ بەبەر چاومانەوە هەڵەبجە شەهید بکەن و چوارساڵ دواتریش بیانەوێ دووبارە هەموو شتێک لەناوبەرن و چوار ملیۆن ئاوارە ڕەوانەی ناو بەفری کێوەکان و سەهۆڵبەندانی دۆڵەکان بکەن؟ چوار ساڵ پاشتر، چوار ملیۆن ئاوارەی برسی و بریندار و بێ پەنا. چوار ملیۆن مێشکی ماندوو و خەمین، چوار ملیۆن ئازار و بێ ئاکامی. چوار ملیۆن نائومێدی و تەنیایی، دەیان هەزار مەرگی تاڵ و تاریک لەو سەرەڕێیانە... ئاه دایە خۆزگە لەمانای هەموو ئەمانە تێگەیشتبام! هیچ تێناگەم دایە، هیچ. تەنیا شتێک کە ئێستا تێیئەگەم خۆشویستنی تۆیە.... بەختم یاربوو کە لەم ئاسایشگەیەدا کارێکم بۆ خۆم دابین کردووە. شانسم بوو کەتۆم دۆزییەوە. تۆیەک کە بەتەنیا من ئەزانم خەمی چیتە. تۆیەک کە لەبەر ئەوەی وتبوویان شێتی زیندانیان کردی. کێ وتویەتی لە پاش عەشق، لەپاش زیندان و دەستدرێژی و ئاوارەیی و تەنیایی، تۆ هەر بەکەڵکی ئەوە دێیت کە زیندانت بکەن دایە؟ کێ وتوویەتی ئەم چارەنووسە ئەبێ لەناو چاوانتا هەڵکۆڵرێ؟ دایە من خۆشم ئەوێی چونکە تۆ بە خواستی خۆت دەرگا و پەنجەرەکانت لەخۆت داخستووە، تەنانەت گوێ لە منیش ناگری کە خۆشم ئەوێی. من خۆشم ئەوێی، چونکە دڵ و ڕۆحت ئەوەندە گەورە و دەوڵەمەندە کە بتوانی ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆت کەلا بخەی، خۆت لەم دنیایە ڕەها بکەی. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە خەڵک پێی ئەڵێن ترسنۆک و بوودەڵە، بەڵام ئەوان چوزانن تۆ چیت کێشاوە و چیت دیوە؟! من ئەزانم. من ئەزانم تۆ ئەتەوێ بە ڕاگرتنی زەمان جارێکی تر ژیانێکی شکۆدار پێکەوە بنێی. تۆ ئەتەوێ لەخۆتدا تەواو کامڵ ببی و شێوەیەکی جوانی خۆت بخەیتە ڕوو، لە ڕاستیدا من ئەو ئازایەتییەی تۆم نییە. من ئیتر هیچم نییە.. هیچ شتێ.. هیچ کەس و هیچ شتێ. لەم دنیایەدا تەنیا تۆ شک ئەبەم و ئەم





ملوانکەیە، کە ئەبێ ڕۆژێک بەمەوە بە خاکم بسپێرن. دایە هەرچەندە ئەشزانی چەندەم خۆش ئەوێی و لەم چوار ساڵەشدا کە هاتوومەتە ناو ژیانتەوە، تەنیا زەردەخەنەیەکی ڕاستەقینەشت بۆ نەکردووم. تۆ خۆت لەهەموو کەسێک نەبان کرد و تەنانەت دەستت نا بەڕووی تاقە کوڕەکەشتەوە... تۆ قەت نەتویستووە بیناسی و هەر من نەبێ، پێئەچێ تەنیا منم کە گوێم لێ ئەگری، ئەوەش ئەزانم کە قسە ئەکەی لەگەڵ منت نییە. ئەزانم قسەکانت لەمن تێئەپەڕن و بەرەو دوورتر ئەڕۆن، تا بگەن بەکەسێکی تر. کەسێ کە ناوێکی تری هەیە، زۆرم پێخۆشە کە ڕۆژێک یەک جار، تەنیا جارێ، لەدوایدا لەگەڵ خۆم ئەدوایت، من کەژاڵ-م سستەرەکەت، کەوا چوار ساڵە هاوڕێ و هاودەمتم. خەڵکی پێیان وایە کە تۆ بەڕاستی لەگەڵ خودی مندا قسە ئەکەی، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی وا بیربکەنەوە، گوایە من لەوان لەبەرترم، منیش بەجۆرێک ڕەفتار ئەکەم ئەڵێی تۆ منت خۆش ئەوێ، ئەمناسی، ئەمبینی، دایە سەیرمکە! منم کەژاڵ! کەژاڵ! کەژاڵم! کەژاڵ! ئافرەتێکی تەنیا و بێکەس، تەنیا، بێکەس (بەکوڵ ئەگری).

دایە ڕووناک: کچۆڵەکەم، تۆ گوێت لێبوو، باڵندەکان بخوێنن؟.... بیستت؟ گوێ بگرە! گوێ بگرە!.... ئەرێ ئەم خۆشی و شادییە ئاوا کتوپڕ لەکوێوە هات، کە ئەم باڵندانە وا بێ پێشەکی دەستیان بەخوێندن کرد؟.... ئەمە ئەبێ نیشانەی جۆرە شادییەک بێت، جۆرە شادمانییەک!.... هۆ کچۆڵەکەم، ئەرێ دەنگم ئەبیستی؟ ئەسڵەن گوێم لێ ئەگری؟ کچۆڵە چکۆڵەکەم... بەڕاست ناوت چییە؟

کەژاڵ: کەژاڵ، دایە کەژاڵ!

دایە ڕووناک: ... کەژاڵ؟.... کانی هەر وا زوو لێرە ڕۆیشت؟... نا، نا کچەکەم نابێ لەبیری بکەین. ئەبێ دوعای بۆ بکەین. ئەمە هەڵەی منە کە پێشتر دوعام بۆ نەکردووە، دوعا بۆ ئەو کەسەی بە تەنافەکەدا سەرکەوت، دوعا بۆ چنارێک کە تۆپیان نا بەسەرییەوە، دوعا بۆ کەسێک کە بەکتێبەوە تا بنی زەریاچە ڕۆیشت، دوعا بۆ دایکێک کە لە سەهۆڵبەندانی دەشتێکدا باڵی لێڕ وا، دوعا بۆ ئەو پیاوانەی کە بەحەوت برینەوە ئەمرن، دوعا بۆ ئەو منالانەی کە لە (سەرمۆرد) و (سێ کانیان)دا، ڕیخۆڵەکانیان ڕژانە دەرەوە، بۆ ژنانی (بیارە)، کە بەئاگری ناپاڵم بوون بە خەڵووز.... بۆ ئەو پیاوانەی کە لە

(هەنجیرە) و (سەرسەنگ) و (سوارەتووکە)دا، خرانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە، بۆ هەموو ئەوانەی کە لە (کەلار) و (چەمچەماڵ)دا، بنمیچ بەسەریاندا ڕووخا و کەس دوایین هاوارییانی نەبیست.... خوایە لەم نەفرەت و نەفرینە، لەم دەربەدەرییە. لەم مەرگە هەرزان و ڕۆژگارە دۆزەخییانە ڕزگارمان کە. لەو ئازار و زنجیرانە ڕزگارمان کە.... ئەزانم ئێمە نەفرەت لێکراوین، لەم نەفرەتەمان دوور خەرەوە و... کەسێکمان بۆ بنێرە کە هەموو شتێک نیشانی دنیا بدا و وتەکانمان بە وان بگەیەنێ، ئەگینا تا دنیا دنیایە پیاوەکانمان بە تێشکاوی ئەبینین و ژن و کچەکانیشمان ئەخەینە بەر زەبر و زەنگیان.... خوایە گیان کارێ بکە لەم یەخسیرییە، لەم ڕەنج و ئازارە، لەم دۆزەخە ڕزگار ببین، ئامین، ئامین! یەخسیری، یەخسیری، ڕەنج، ڕەنج، دۆزەخ، دۆزەخ، کەففارە، کەففارە، گوناح، گوناح، قین، قین، دەرد، دەرد، خوێن، خوێن، دەربەدەری، دەربەدەری، ئاوارەیی، ئاوارەیی، ڕزگاری، ڕزگاری، ڕزگاری، ئامین، ئامین، ئامین، ئامین.......

کەژاڵ: بەڵێ دایە. زەلیلی، ڕەنج، دۆزەخ، کەفارە، گوناح، قین، دەرد، خوێن، دەربەدەری، ئاوارەیی، ڕزگاری، ڕزگاری پووریێ! ئامین! ئامین! ئەزانم ئەو پلە و پایەیەی کە خوا بە ئێمەی داوە پیرۆزە. من تەنانەت شانازی بەو ڕەنج و ئازارەشەوە ئەکەم کە ئەیکێشم و ئەیچێژم دایە. چونکە تا ئازار نەچێژین شایستەی هیچ بەهرە و خەلاتێک نین، ئەمەش بە لوتفی دەرد و ئاوارەیی و خوێن و ڕەنجەوەیە کە چاوەکانمان ئاوا کراوەیە، کە ڕۆژێ هەر بە مەنزڵگای مەبەستمان ئەگەین، ئەگەر ئاوارەیی نەبوایە، ئەگەر (ئەنفال) و گۆڕی بەکۆمەڵ نەبوایە، ئەگەر توانای وێرانکاری گازی خەردەل و سیانور و ئەعصاب نەبوایە، ئەگەر ڕاگوێزانی ملیۆنان ژن و منداڵ و پیر و لاو و سەرلێ شێوانیان لەناو ئەو دۆڵانەی پڕبوون لە مەرگ و بەفر و زستانی بێ سەروبەرە، نەبوایە، ئەوە هاوارە بزربووەکانمان مانای وا شیرینیان لەخۆ نەئەگرت دایە، ئابڕووچوونی ئەو قەمە کێشەی تکریت وا ئاشکرا نەئەبوو. ئەو ترسە منالآنە و تەمبەڵییە شاراوانەمان نەئەڕەوییەوە، بڕوا و ئومێد و عەشق نەئەچوونە جێی بێدەنگی و مەرگ و بێهوودەیی، دایە من بڕوام بە نوور و ڕووناکی هەیە، تەنانەت لە تاریکترین شەوانی زستانیشدا... چونکە هەر ڕۆژێک کە دەستپێکردنی هەبێ کۆتایەکیشی هەیە، هەموو سەرەتایەکیش ئاکامێک...





تەنیا شتێکیش کە هەمیشە لەجێی خۆیدا قورس و قایم وەستاوە، ڕاستییە دایە، ڕاستی.... ڕاستی..... تەنیا ڕاستییە کە هەمیشەیی و نەمرە.... ڕاستی دایە....

(ڕۆشناییەک دێت و ئەچێ، دایە ڕووناک لە ژوورەکەیدا تەنیایە. بەرەبەیانە، نزیکەی چواری بەیانییە. دایە لە پڕێکدا خەبەری ئەبێتەوە و لەناو جێگاکەیدا دائەنیشێت. خەوالّوو و حەپەساوە، کە بۆچی وا زوو خەبەری بۆتەوە)

دایە ڕووناک: ئاخ چ مۆتەکەیەک بوو! چ خەوێکی ناخۆشم دی! دەستەکانم چەندە لەڕولاواز بوون، پێستەکەیان قلّیشاوە، ئێرە کوێیە؟ من لێرە چی ئەکەم؟ وریا؟ ئاخ، خوایەگیان، خۆ ئەو مردووە!... بەڵام من لێرە چی ئەکەم؟

(بەپەلە چاو بەهەموو لایەکدا ئەگێڕێ و ئەکەوێتە پشکنین و گەڕان) کوڕەکەم، هیوا، هیوا لەکوێیە؟! هیوا! کوڕە چکۆڵەکەم لە کوێیە؟ ئێستا کاتی شیر خواردنێتی.... بەڵام سەعات چەندە؟ چ ڕۆژێکە؟ من لەکوێم؟ زیندانی کرام، نەخۆش بووم لە بەشی منالّبووندام دەستەکانم بۆ وایان لێهاتووە؟ سووتاون یان چرچ بوون! ئەمە نابێ وابێ، ئەبێ خۆم ببینم ئەبێ ئاوێنەیەک پەیدا بکەم. ئەبێ سەیری خۆم بکەم، (دەست بەسەرو چاوی خۆیدا ئەهێنێ) ئەمە سەرو چاوی من نییە، ئەمە پێستی من نییە، چی قەوماوە لێرە؟ خەریکم شێت ئەبم، فریام کەون. فریام کەون. یارمەتیم بدەن.... یارمەتیم بدەن! تکا ئەکەم کەسێک یارمەتیم بدات! یارمەتی!... یارمەتی!! ئاخر ئەمە مومکین نییە، زیندانیان کردووم و کەسیشی لێ نییە، چ بەڵایەکم بەسەردا هاتووە؟ سووتاوم؟ هیچم بیرناکەوێتەوە! هیوا! هیوا! هیوا! دایکم هەر دێت، بەتەنیا جێم ناهێڵێ! دایکم؟.... جا خۆ ئەو مردووە... کێ ئاگای لەهیوایە؟ چ بەڵایەکی بەسەردا هاتووە؟... چ بەڵایەک بەسەر خۆمدا؟... چی قەوماوە؟.... من لەکوێم... لێرە چی ئەکەم؟ وشیاربە ژنێ! بیرت بخەرەکار! چی قەوماوە کە ئاوا بەم جۆرە فڕێمدەنە ئێرە و ئاوا ببمە پارچەیەک پێست و ئێسقان؟ خوایەگیان هیچ سەر دەرناکەم لەم دوا دواییەی ژیانم هیچم بیرنایە، بەجارێ گشتیم لەدەست دا، ساڵگەلێک من لە زینداندا بووم، پاشان وریام دۆزییەوە لەتاران بوو... لە نەخۆشخانەیەکدا، پاشان وریا مرد. دوای مەرگی ئەو من بەیەکجاری لێم قەوما. زۆر نائومێد و بێچارەبووم ڕەنگە... بۆچی

جەستەم ئاوا وشک و بێ هێز بووە؟ دەموچاوم بۆ وا ڕزیوە؟ تێناگەم، نازانم.

(لە بێدەنگییەکی درێژخایەندا، دایە ڕووناک، کەم کەم پەی بەڕاستی ئەبات)

من پیر بووم، لەکوێ پیر بووم؟ لێرە؟! (پرشنگ دەردەکەوێت و بەدەم لای لایەکانییەوە، دایە ڕووناک هێواش هێواش ڕادەکشێت و دووبارە خەوی لێ ئەکەوێ. خەوێکی وا کە هەر ئەڵێی دوایین خەوێتی).

پرشنگ: (من لەمەرگ ئەترسم دڵەکەم

لەم پاییزەدا دەلای لۆ

لەم پاییزەدا.

بڵێ با گۆڕێکم بۆ ساز کەن دڵەکەم

لەژێر ئەو دار گوێزەدا دەلای لۆ

لەژێر ئەو دارگوێزەدا

دڵەکەم، ئەبێ ماچێکی

سێ ئەگریجەی(٧) ڕووناک بکەم هۆیۆ

ماچێکی سێ ئەگریجەی ڕووناک بکەم دەلای لۆ

ماچێکی سێ ئەگریجەی ئەم کچۆڵەیە.

من لە مەرگ ئەترسم دڵەکەم

لەم بەهارەدا، هۆیۆ

لەم بەهارەدا دەلای لۆ

لەم بەهارەدا

بڵێ با گۆڕێکم بۆ ئامادە بکەن دڵەکەم

لەژێر ئەو دارگوێزەدا دەلای لۆ

لەژێر ئەو دار گوێزەدا هۆیۆ

لەژێر ئەو درەختەدا

دەلای لۆ

دەبێ ماچێکی ئەو

(٧) سێ ئەگریجە، کە لە فارسییەکەدا (سە طرە)ی بەکارهێناوە و مەبەست لە ئەگریجە و پەرچەم و کاکۆڵە.



دوو دەستانەی ڕووناک بکەم، هۆیۆ

نێوچاوانی بەرزو بڵندی دەلای لۆ

کاکۆڵی ڕووناک، هۆیۆ

ماچی ئەو گۆڕە نماوییە

دەلای لۆ.....)

تاران

گەلاڕێزانی ١٣٧٤ک ١٩٩٥ز

# موبارەک... پاسەوانی بچووک

# موبارەک... پاسەوانی بچووک

## 1

(ئەکتەرەکان لەناو تاریک و ڕوونی شانۆکەوە، هەروەکو بووکە سەماکەرەی زیندوو دێنە ناوەوە. تیشک. گۆڕەپانێکی چکۆڵە لە قەراغ دارستانەکە. لەناو بازنەی بینەراندا مەراسیمی «عاروس گوڵی»[(١)]

بەڕێوە دەبرێ: سێ کەسایەتی، دوو پیاو و ژنێک لەگەڵ دەهۆڵ ژەنێک و زوڕنا

(١) «عاروس گوڵی، یان عروس گوڵی»، کە من لێرەدا کردوومە بە «بووکە گوڵێ». لە ڕاستیدا مەراسیمێکی دەڤەری «گێلان و مازەندەران» بووە و پێنج ڕۆژ بەر لە نەورۆز بەڕێوەدەبرا. ئەم مەراسیمە هەر کۆسەی ناو کوردەوارییە و هەر ناوچەیەک بەجۆرێکیان ئەنجام دەدا.
کۆسەش: مەراسیمێکە بۆ گاڵتە و خۆشی لەلایەن چەند کەسێکی ناسراوی ناوچەکەوە ئەنجام دەدرا. کەسەکان بریتی بوون لە: کۆسە: پیاوێک کە کەوڵێک یان جلێکی شڕ و چلکنی لەبەردەکرد.
پیاوێک: جلی ژنانی لەبەردەکرد و بەقەڵافەت لە پیاوی کۆسە زل و قەبەترە و ژنی کۆسەیە. دەهۆڵ ژەنێک. ئەمانە دەگەڕان و داوای شت (خۆراک و پارە)یان دەکرد. ژنی کۆسە داوێنی دەگرتەوە و شتەکانی تێدەکرا. هەندێ جاریش لێیان دەبوو بەشەڕە قسە. مناڵان شوێنیان دەکەوتن و شیعریان بەسەردا هەڵدەدان:

کۆسە هاتە لە چەمۆ     ڕەقەی هاوە دەمۆ
کۆسە هاتە بۆ تووتن     کەوتە وەک سەگی کوڵکن

ئەم جۆرە بەڕێوەبردنەی کۆسە هی ناوچەی سەقزە. بەڵام خودی ئەو مەراسیمەی کە تایبەتە بە«گێلان» وەک لە کتێبی «کتاب گیلان»دا هاتووە بەم جۆرەیە:
«عروس گوڵی» مەراسیمێکی نمایش ئاسابووە و ئەوانەی ڕۆڵی بنەڕەتییان تێدا بینیوە بریتی بوون لە دێو، پیربابو و نازخانم. دێو کڵاوێکی پووشی لەسەر دەکرد کە لە لاسکی وشکی برنج دروست دەکرا. زەنگ و زەنگۆڵەی بەخۆیدا هەڵدەواسی و قامچییەکیشی بەدەستەوە دەگرت.
پیربابو خۆی بەشێوەی پیرەمێردێک دەنواند (ئەم ڕۆڵە لەناوچەکانی ڕۆژئاوای گێلاندا کۆسە و لە کێوەکانی ڕۆژهەڵاتدا پیربابوی پێدەڵێن). ڕۆڵی نازخانمیش گەنجێک دەیبینی کە جلوبەرگی ژنانی لەبەردەکرد. بابەتی نمایشەکە شەڕی نێوان دێو و پیربابو بوو، لەسەر نازخانم. لە ئاکامدا بڕیار دەدرێ کە زۆران بگرن. دێو یارییەکە دەباتەوە و لەگەڵ نازخانمدا بەسەماکردن کۆتاییان بەکایەکە دەهێنا.
گرووپی «عروس گوڵی» شەش حەوت کەس دەبوون و ئەوانی تر بریتی بوون لە: =





ژەنێک ئەندامانی ئەم هەڵپەڕکێ شانۆ پێکەنیناوییەن. دوو پیاو، یەکێکیان نیقابێکی سپی و کەوڵی مەڕێک، یان بزنێکی ڕەشی لەبەرە (پیربابو)[(٢)] و ئەویتریان نیقابێکی ڕەش و کەوڵی مەڕێک یان بزنێکی ڕەشی لەبەرە (دێو) و لەسەر داگیرکردنی ئافرەتێک (گەنجێک جلوبەرگی ژنانەی پۆشیوە)، کە بەدرێژایی نمایشەکە و لەنێوەندی شەڕەکەدا سەما دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە خەریکی سەما و هەڵپەڕکێن، لەشەڕێکی دوور و درێژیشدان، سەماکەران هەریەکەیان دارێک بەدەستی چەپ و شمشێرێک بەدەستی ڕاستییانەوەیە. نمایشەکەش لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئاوێتەی مۆسیقا و شیعر و ئاوازە. هاوڕێیانیشی یەک ڕیز تەرجیح بەندی شیعرەکە دەخوێنن:

بووکە گوڵێمان هێناوە     گیانی دڵمان هێناوە
لەڕێی دوورمان هێناوە     خێرا و گورجمان هێناوە
بووکێ لە تۆ موبارەک     نەورۆزت لێ موبارەک

لەئاکامدا سەماکەری (ڕەش) بەدار و شمشێرەکەی سەماکەری (سپی) دەبەزێنێ و پاشان سەماکەرەکە لە ئامێز دەگرێ و لەگەڵ خۆیدا دەیبا بۆ ناو کۆڵێتەکە. تێکڕا چەپڵە لێدەدەن و ئەکتەر و مۆسیقاژەنانیش بێجگە لە (پیربابو)، سەری (ڕێز دادەنوێنن)

ئەکتەری دێو: هەستە یاقوت.

ژن پۆش[(٣)]: ئەوە شەرم و حەیاکەت کوا کوڕە؟

ئەکتەری دێو: خەڵک سەیرمان دەکەن.

ژن پۆش: هەستە زۆرمان کار هەیە.

= چرا هەڵگر، مۆسیقاژەن، هەندێ جاریش ئافرەتێکی تر بەناوی «کاس خانم» کایەی دەکرد. ئەم دەستەیە چەند ڕۆژێک دوای نەورۆزبێژەکان دەردەکەوتن. شەوانە دەستبەکار دەبوون و لەبەردەرگای هەرماڵێکدا کایەیان بکردایە نەورۆزانەیان لە خاوەن ماڵەکە وەردەگرت. نەورۆزانەشیان وەکو هی نەورۆزبێژەکان بریتی بوو لە برنج و هێلکە و شیرینی و هەندێ جاریش پارە. نمایشی «عروس گوڵی» ڕەگ و ڕیشەی لەناو ئەو نمایشە میللییانەی ناو ئستوورە کۆنەکاندا هەیە، کە پێوەندی بەسەرەتای بەهارەوە هەیە و لەوێدا سیما و ڕوخسارەکانی ساڵی تازە و کۆن پێکەوە دەجەنگن. ئەم جۆرە نمایشانە بەشێوەی جیاجیا و لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران و دەوروبەریاندا هەیە. «وەرگێڕ»
(٢) پیربابو: بەمانای بابەپیرە: باوەپیرە
(٣) لەجیاتی ئەوەی بڵێین ئەو ئەکتەرەی جلی ژنانی پۆشیوە، ئەڵێین (ژن پۆش)

ئەکتەری دێو: دەبێ بۆ گوندەکەی سەرەوە بچین.

ژن پۆش: ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی «بووکە گوڵێ»ی ئەمساڵە.

ئەکتەری دێو: گورجکە بجووڵێ، خەڵکەکە چاوەڕوانن.

ئەکتەری پیربابو: ناتوانم

ئەکتەری دێو: ناتوانی؟

ئەکتەری پیربابو: خراپت لێدام

ئەکتەری دێو: هەستە، لە گاڵتە و شۆخی گەڕێ.

ئەکتەری پیربابو: پێم وایە کەمەرم شکاوە.

ژن پۆش: خێراکە دەی، نمایشەکە تەواو بوو.

ئەکتەری پیربابو: نمایش؟ من ئەوەندەم ئازار هەیە هەناسەم دەرنایە.

ئەکتەری دێو: هەر بەدارەکەی من؟

ئەکتەری پیربابو: بەدار و شمشێرەکەت.

ژن پۆش: وتم مەشقی تەواوی نەکردووە.

ئەکتەری دێو: چارەیەکی ترمان نەبوو، ئەو (ڕشکی)یە ناپیاوە درۆی لەگەڵ کردین.

ژن پۆش: ئەو نا، کەسێکی تر.

ئەکتەری دێو: نەبوو. هەموو مازەندەران گەڕام.

ژن پۆش: من پەرۆشی بەرنامەکانی ئەم چەند ڕۆژەم.

ئەکتەری پیربابو: کارەکەم

ژن پۆش: چیت وت؟

ئەکتەری پیربابو: کارەکەم، من پەرۆشی کارەکەمم.

ئەکتەری دێو: جا ئێستا چی لەگەڵدا بکەین؟

ئەکتەری پیربابو: ژن و منداڵەکەم. بمبەن بۆ لای ئەوان.

ژن پۆش: دەبێ ببرێتە لای «حەکیم»ێک.

ئەکتەری دێو: حەیف بوو!

ئەکتەری پیربابو: ئەم دەمامکەم لابەن





(لایدەبەن. لە ژێر دەمامکی سپی پیربابودا ڕوخساری ڕەشی یاقوت دەردەکەوێت).

ئەکتەری دێو: بمبوورە. بڕوات بێت بەئەنقەست لێم نەدایت.

یاقوت: بەهەرحاڵ نەخۆشت خستم

ژن پۆش: حەیف بوو. سەد حەیف! لەم پێنج ڕۆژەی کۆتایی ساڵەدا دەمانتوانی کاسبییەکی باش بکەین.

یاقوت: ئەی کارەکەم دەبێ بەچی؟ موبارەک لە کوێیە؟ ئەهای نەبات خانم فریام کەوە.!

ژن پۆش: ئەی لەعنەت لەم بەخت و شانسە! بەوە دەڵێن ڕەشە بەهار!

ئەکتەری دێو: من ڕۆشتم حەکیم ئاگادارکەم.

یاقوت: ئاخ کەمەرم!

ژن پۆش: حەوساڵەت بێ پیاوەکە!

## 2

## کۆڵیت، یاقوت لە جێگادایە

**خاتو نەبات:** ئەمەش لە بەخت و شانسی ئێمە!

یاقوت: هەمووی هەر دەرد و ئازارە. لە پێشدا غەریبی بوو. ئێستا نەخۆشی. ئەی پشتت بشکێ ڕۆژگار!

خاتو نەبات: پەرۆش مەبە. چیت دیوە؟ تا بەیانی خوا خۆی دەمێنێ و مولکی[۱]

یاقوت: لەم دارستانە گەورەیەدا بەم دارشەققەوە چی دەکرێ؟

خاتو نەبات: دڵت هیچ نەکا. زوو چاک دەبیتەوە و دەبێتەوە سەرخۆ.

یاقوت: ئەی پاسەوانی ئێرە چی لێدێت؟

موبارەک: بۆ من مردووم؟

خاتو نەبات: زمانت بگەزە، کوڕە.

یاقوت: تۆ هێشتا زۆر منداڵی.

موبارەک: چەند ڕۆژێک دەچمە جێی تۆ، ئیشەکانت لەسەر من.

(۱) پەندەکە لە فارسییدا دەڵێ: «تا بەیانی سەد کڵاو دەچەرخێ»

یاقوت: تۆ چی لە پاسەوانی دەزانی؟

موبارەک: چاوم لێ بووە چی دەکەیت.

یاقوت: بە بینین کار جێبەجێ نابێ.

موبارەک: وەکو تۆ دەگەڕێم.

یاقوت: بۆ ئەم کارە دەبێ هێز و توانات ببێ، قەڵافەتت ببێ، تۆ بستێ منداڵی.

موبارەک: هەر تەنیا چەند ڕۆژێک.

یاقوت: باسی هەرمەکە.

موبارەک: جا من ئیتر بەکەڵکی چی دێم؟ هەر خواردن و خەوتن؟

یاقوت: خەریکی کایەی خۆت بە!

موبارەک: ئەی ئەگەر کارەکەت لەدەستدا چی؟

یاقوت: تۆ خۆت تێکەڵاوی گەورەکان مەکە.

موبارەک: ئەی ئەگەر ئەم کۆڵێتەیان لێ سەندینەوە؟

یاقوت: خۆ دنیا هەر وا نابێ.

خاتو نەبات: لەخۆوە وانابێ. ئاخر منیش پەرۆشم پیاوەکە.

یاقوت: پێت وایە من پەرۆش نیم؟

خاتو نەبات: ئەگەر گیرۆدەی ئەم منداڵە شیرەخۆرەیە نەدەبووم، خۆم پاسەوانییەکەم دەکرد.

یاقوت: پیف، بەخوا جوانە. ئێ چیتر؟

خاتو نەبات: جا خۆ نابێ هەروا دانیشین.

یاقوت: دەی دەڵێی چی بکەم؟

موبارەک: بابە تاقیم کەرەوە.

خاتو نەبات: لێیگەڕێ با یارمەتیت بدات. ئەویش پیاوە شوکور.

موبارەک: تۆ پشوویەکم بدەرێ. هەر تەنیا یەک جار.

یاقوت: زۆرباشە، چی دەکەی؟

موبارەک: کەوڵەکەی تۆ لەبەردەکەم با گەورەتر دیاربم. سەیرکە.





یاقوت: ئیتر؟

موبارەک: ئەم پێڵاوە تەختەییانە لە پێ دەکەم. بیرت نایە؟ خۆم دروستم کردوون.

خاتو نەبات: چ دەنگێکی خۆشی هەیە!

موبارەک: حەیف تەقەی پاژنەکانی بەرزن!

خاتو نەبات: چاو ڕێ و ڕۆشتنت چ شکۆیەکی پەیدا کردووە!

یاقوت: ئەی دوایی؟

موبارەک: دوایی؟ دوایی... دەبێ پانتۆڵێکی دەڵب و گەورە لە پێ بکەم.

خاتو نەبات: هەیە! پاییز بۆم دووریوی. بڕوانە قسمەت چۆنە! من ویستم یەک دوو ساڵی تر لەبەریکەی. ها بیگرە کوڕم.

موبارەک: (لەپێی دەکات) ئەمیش ئەم. چۆنە؟

یاقوت: دوایی چی؟

موبارەک: دوایی... پێم وایە کڵاوێکیشم پێویستە بۆ ئەوەی گەورەتر و گەورەتر بنوێنم.

خاتو نەبات: (بەیاقوت) ئەو کڵاوە کۆنەکە چۆنە؟ کڵاوەکەی باوکت.

یاقوت: لە ڕاستیدا هی باپیرم بوو. دەزانی لەکوێیە؟

خاتو نەبات: لەبنی باوڵەکەدایە.

یاقوت: ئادەی بیهێنە. (خاتو نەبات کڵاوەکە دەهێنێ) بیکە سەرت با بیبینم.

خاتو نەبات: بیگرە. چ کڵاوێکە! چ باڵا و قەڵافەتێکە!

یاقوت: بڕوام نەدەکرد ڕۆژێ بێ کوڕەکەم ئاوا باڵا بکات. تۆ بڕوا دەکەی؟

خاتو نەبات: خۆ بەڕاستی بووە بە پیاو!

موبارەک: هێشتا چیت دیوە؟

یاقوت: چیترت کەمە؟

موبارەک: داردەستێک.

یاقوت: کەمێکیش دڵ و جورئەت.

موبارەک: دەبێ داربڕ و ڕاوچی بترسێنم! وا نییە؟

یاقوت: زۆر چاکە، با بزانم چی دەکەی! ئەمە تۆ و ئەمەش دارستان.

موبارەک: یاڵڵا بۆ پێشەوە بەرەو دارستان!

خاتو نەبات: باشە! باشە! ئەوەی ناوێ جارِ بدەی. «بۆ پێشەوە بەرەو دارستان»!

موبارەک: من ڕۆیشتم!

یاقوت: زوو بێیتەوە!

خاتو نەبات: تا تۆ خولێ بدەیت. نیوەڕۆش ئامادە دەبێ.

موبارەک: تا ئەو کاتە هاتوومەتەوە.

خاتو نەبات: ئاگات لە خۆت بێ.

موبارەک: پەرۆشم مەبە دایە.

یاقوت: جامێ ئاو برێژە بەدوایدا.

موبارەک: زوو دێمەوە بابە.

## 3

## گۆشەیەکی دارستانەکە

موبارەک: بۆ پێشەوە موبارەک. پیشانی بدە کە تۆش پیاوی و بەکەڵکی کارێک دێیت. چ دارستانێکە! تا ئێستا بەم ڕێگەیەدا نەهاتبووم. چ دارستانێکە! سووره چنار و سنەوبەر و مازوو، سەر و و سپیدار و گوێز. ئەوەش هەرمێ کێویلەیە. دەبێ لە پشت هەر درەختێکدا نێچیرێک هەبێ. ڕەنگە ڕاوچییەکی دڵڕەقیشی لێبێ. خێراکە موبارەک. زۆر چاک چاو بکەرەوە. ئێرە ماڵی خۆتان نییە تا هەموو قوژبنێکی شارەزابی. بابزانم ئەم ڕێگەیە بەرەو کوێ دەچێ. چی بوو؟ دەڵێی دەنگێک هاتە گوێم! ئەرێ کەسێکی لێیە؟ خۆ بەڕاستی شتێک جووڵایەوە. مەترسە موبارەک، بڕۆ بەرەوپێشەوە. (لە پڕ بەورێک دەردەکەوێ) بەور!(١)

بەور: مەترسە ڕۆڵە گیان! ڕاستە ڕواڵەتم کێوی و نالەبارە، بەڵام دڵنەرم و میهرەبانم.

موبارەک: لێم نزیک نەبیتەوە ئەگینا بەم داردەستە لێتدەدەم.

بەور: تۆ کێی؟ چەندە وریای!

موبارەک: پاسەوانی دارستان.

(١) بەور: لەخانەوادەی پڵنگە و جیاوازییان لەوەدایە کە پڵنگ خەت خەتە و بەور خاڵ خاڵە.





بەور: پاسەوانی دارستان؟

موبارەک: من پاسەوانی دارستانم.

بەور: بەڵام ئێمە کەسێکی ترمان دیبوو.

موبارەک: ئەوە باوکم بوو.

بەور: جا ئێستا تۆ لەجێی ئەو هاتووی!

موبارەک: بۆ ماوەیەک، تا باوکم چاک دەبێتەوە.

بەور: ئەوها! کەواتە باوکت نەخۆشە.

موبارەک: بەڵێ وایە! تۆ چۆنت زانی.

بەور: باشە دەی! بزانم تا ئێستا چیت کردووە؟ دەتەوێ چی بکەی؟

موبارەک: دەبێ چاودێری داربڕەکان بم.

بەور: چیتر؟

موبارەک: ئاگام لەنێچیر و ڕاوچییەکانیش بێ.

بەور: دیارە دەشزانی نێچیر کێیە و ڕاوچی کامەیە؟

موبارەک: بێگومان.

بەور: من چیم؟ نێچیر یان ڕاوچی؟

موبارەک: دەی، تۆ... وتنی دژوارە... تۆ دەبێ ڕاوچی بیت!

بەور: چاوت لێیە هەڵەت کرد! من نێچیرم.

موبارەک: نێچیر؟

بەور: سەیری ئەم برینە بکە.

موبارەک: خوێن!

بەور: نازانم ئەو ڕاوچییە دڵڕەقە لە کوێرە پەیدا بوو، کە ئاوا کتوپڕ تیرێکی لێدام.

موبارەک: خوا گیان چ برینێکە!

بەور: خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیشتووە. گیانم دەرچوو!

موبارەک: جا دەبێ چی لێ بکرێ؟

بەور: دەبێ ئەم برینە ببەستم.

موبارەک: بە چی؟

بەور: بە شتێکی نەرم و قایم، ئەگینا لێ بوومەتەوە.

موبارەک: جا من شتێکم پێدەکرێ؟

بەور: نازانم.

موبارەک: من کەرەسەیەک، شتێکم پێ نییە.

بەور: بگەڕێ.

موبارەک: کوێ؟

بەور: ئەم دەوروبەرە.

موبارەک: لە لق و پۆپ زیاتر هیچی تر نابینم.

بەور: خۆت شتێکت پێ نییە؟

موبارەک: مەگەر ئەم داردەستە.

بەور: ئەمەی لەبەرت کردووە چییە؟

موبارەک: هی خۆم نییە، بەقەرز لە باوکم وەرگرتووە.

بەور: بۆ یەک دوو ڕۆژ.

موبارەک: ڕاستییەکەی...

بەور: لەوانەشە یەک دوو سەعات.

موبارەک: نازانم...

بەور: تا ئەو کاتەی ئەم خوێنە دەوەستێت.

موبارەک: وەڵامی باوکم چی بدەمەوە؟

بەور: تا ئێستاش هەر لە خۆڕایی ماوم! کەواتە تۆش ناتەوێ یارمەتیم بدەی!

موبارەک: من وام نەوت.

بەور: چ خوێنێکە! تا دێ زیاد دەکا.

موبارەک: شەڵڵا باوکم لێرە بوایە. شەڵڵا...

بەور: ناپیاوە پەکی خستم. نەمدەزانی ئەوەندە بەگەنجی دەمرم. خوات لەگەڵ ڕۆڵەگیان.





موبارەک: ڕاوەستە. وتت یەک دوو سەعات؟

بەور: نا قەیناکە زەحمەت مەکێشە، ئەو خێرەشمان نەویست. ماڵئاوا دارستانی مەزن!

موبارەک: وتم بوەستە!

بەور: ئێشێکت هەیە؟

موبارەک: ئیش؟ ڕاستییەکەی دەمویست...

بەور: بڵێ. شەرم مەکە.

موبارەک: ڕاستییەکەی بەتەواوەتی گێژ بووم... دەمویست بڵێم...

بەور: بڵێ، لەوانەیە بتوانم بەر لەمەرگم کارێکت بۆ بکەم.

موبارەک: ویستم ئەگەر بکرێ...

بەور: باشە، منگە منگ مەکە، بیڵێ.

موبارەک: ئەو شتە، ئەو برینە ببەستە.

بەور: بە چی؟

موبارەک: بەم کەوڵە.

بەور: کەوڵ؟

موبارەک: ئەمەم لێ وەرگرە.

بەور: دەی، وەڵامی باوکت چی دەدەیتەوە؟

موبارەک: شتێکی لێدەکەم. ئەو یەکجار بەڕەحم و میهرەبانە.

بەور: دڵنیایت.

موبارەک: دڵنیام. ئەو لە من زیاتر لە ئێش و ئازاری بریندارێک دەگات.

بەور: ڕاستییەکەی ئەگەر نەگەیشتایەتە تینم، وەرم نەدەگرت.

موبارەک: سوپاست دەکەم.

بەور: من سوپاست دەکەم. دەستت خۆش. تۆ بەم کارەت گیانمت کڕییەوە.

موبارەک: من هیچم نەکردووە.

بەور: تۆ پیاوەتی خۆتت کرد! بەم زووانە بۆت تێ دەهێنمەوە.

موبارەک: شتێکی ئەوتۆ نییە شایانی تۆ بێ.

بەور: بەڕاستی پیاوی! هەموویت حەل و فەسڵ کرد. لەمە چاکتر هەر نابێت! ئێستا بەم کەوڵەوە کە لە خۆمم پێچاوە، من مەزنترین بەوری دارستانم.

موبارەک: شادمانم.

بەور: من شادمانترم. خوات لەگەڵ لاوەکەی من.

موبارەک: خوات لەگەڵ بەوری زامدار، خوات لەگەڵ بەوری مەزن!

(بەورەکە دوور دەکەوێتەوە)

## 4

موبارەک: پێم خۆش بوو! وەکو گەورە ڕەفتارت کرد! چ دنیایەکە! قەت بیرم نەدەکردەوە، کە ڕۆژێ فریای بەورێکی زامدار بکەوم و لە سەغڵەتی ڕزگاری بکەم. بەهەرحاڵ ڕۆژم بەباشی دەست پێکرد. لە خۆم ڕازیم. هەر بژی کوڕ! دیسان بۆ پێشەوە! لەم ڕێگایەوە!

(بەبیستنی دەنگێک دەوەستێ)

دەنگی کەروێشک: فریام کەون!

موبارەک: چی بوو؟ کێ بوو؟ ئەم دەنگە لە کوێوەیە؟

دەنگی کەروێشک: فریام کەون! فریام کەون!

موبارەک: تۆ کێی؟ لە کوێی؟

دەنگی کەروێشک: منم، کەروێشک.

موبارەک: ناتبینم.

دەنگی کەروێشک: لێرەم. لەژێر ئەم بنچکە توترکەدا.

موبارەک: بۆ چوویتەتە ئەوێ؟

دەنگی کەروێشک: بەتەڵەوە بووم.

موبارەک: تەڵە؟

دەنگی کەروێشک: تۆڕ و تەڵە نابینی؟

موبارەک: با!

دەنگی کەروێشک: ئەگەر دەتوانی ڕزگارم بکە، تکات لێ دەکەم.





موبارەک: ئەی بەسەرچاو کەروێشکی زیتەڵەی شەیتان.

(کەروێشکەکە لە تۆڕ و تەڵە ڕزگار دەکات)

کەروێشک: سوپاست دەکەم.

موبارەک: دە بڵێ بزانم، بزێوی هاروهاج، یانی تۆ ئەم تەڵە گەورەیەت نەدی؟

کەروێشک: لەڕاستیدا شتێک حەپەساندبوومی، کە تا ئەمڕۆ نەمدیبوو. ئیتر خۆشم نەمزانی چی بوو. هەموو لایەک هەر تۆڕ بوو.

موبارەک: چی حەپەساندتی؟

کەروێشک: دوو ماری ڕەش و سپیم دی خەریک بوون یەکیان دەخوارد.

موبارەک: دەی؟

کەروێشک: بەڕاستی سەیربوو. کارەکەیان کۆتایی نەدەهات.

موبارەک: شتی وا نابێ.

کەروێشک: منیش وام بەخۆم وت. بەڵام سەیرم کرد هەر کە سەری یەکتریان قووتدا و ئاسەواری هیچیان دیار نەما، دووبارە دەستیان کردەوە، بەخواردنی یەکتری.

موبارەک: بەخوا جوانە!

کەروێشک: ئامادەم نیشانتیان بدەم. هەر لەم دەوروبەرەدا بوون.

موبارەک: لەسەری مەڕۆ ئاگات لەخۆت بێ! کەسێکی تر لە جێی من بوایە هەر خۆی کەولی دەکردی!

کەروێشک: تۆ لاوێکی چاکی، بووم بەمایەی ئەرک و زەحمەت بۆت.

موبارەک: زەحمەتی چی! وردە وردە خەریکم ڕادێم. ئەمڕۆ تۆ دووەمین گیانلەبەری ڕزگارت دەکەم.

کەروێشک: یەکەمەکە کێ بوو؟

موبارەک: زۆر لە تۆ گەورەتر و بەهێزتر.

کەروێشک: بەهێزتر؟

موبارەک: بەورێکی زامدار!

کەروێشک: وتت بەورێکی زامدار؟

موبارەک: بەڵێ. پێت سەیرە؟

کەروێشک: شتێکیشی لێ سەندی؟

موبارەک: تۆ چۆن دەزانی؟

کەروێشک: ئەی فێڵباز! ئەوە کاری هەر ئەمەیە!

موبارەک: کێ؟ بەورە زامدارەکە؟

کەروێشک: ئەی زۆڵ! بەم کۆنە زامەوە سەد جار چزەی لەم و لەو هەستاندووە!

موبارەک: زامەکەی خوێنی لێ دەهات!

کەروێشک: فریوی داوی. دوو مانگ لەمەوبەر ئەم فێڵەی لەمنیش کرد و منالەکەمی کرد بەپاروویەک و قووتی دا.

موبارەک: بەڵام بەکەوڵەکەی من خوێنەکەی ڕاگرت.

کەروێشک: جا ئەوە هیچی ناوێ، هەر برینێکت بوو، چنگێکی لێ بگرە، بزانە چۆن خوێن لە هەموو لایەکەوە فیچقە دەکات.

موبارەک: حەرامزادە!

کەروێشک: کەواتە کەوڵەکەت لە کیس چوو!

موبارەک: نا. ناهێڵم هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە فریوم بدەن.

کەروێشک: لێگەڕێ کوڕە، وەرە باسەیری مارەکان بکەین. سەیرن، سەیر.

موبارەک: وەڵامی باوکم چی بدەمەوە؟

کەروێشک: خۆت تووشی گێچەڵ مەکە.

موبارەک: بەڵێنم بە باوکم داوە.

کەروێشک: زۆڵ و حەرامزادەی وەکو خۆی نییە، بەتۆ نابەزێت!

موبارەک: من ڕۆشتم.

کەروێشک: بەتەمای لە کوێ گیری بێنی؟ ئەسڵەن تۆ شارەزای ئەم دارستانە هەیت؟

موبارەک: لەم ڕێگایەوە ڕۆشت، یان لەوی تریبیانەوە؟

کەروێشک: دەبێ ئا لەو ڕێگەیەوە ڕۆشتبێ. وازبێنە. لەکەلی شەیتان وەرە خوارێ!

موبارەک: بەهیوای دیدار.

کەروێشک: ڕاوەستە. خۆت مەنوێنە. هێشتا زووە، بۆ کوێ؟ کوڕە واز لە کەوڵ و مەوڵ بێنە و هۆشت بەگیانی خۆتەوە بێ. دەڵێم سەبرکە!... ئەها! خۆ بەڕاستی ڕۆشت.





هەستی تۆڵەسەندنی چۆن هاتووەتە جۆش! بەخوا خۆی دادەنێ! (لەپڕێکدا مارەکان دەبینێ) ئای خوایەگیان! وەرە سەیرکە. کوڕە بگەڕێرەوە. وەرە سەیر کە. سەیری مارەکان بکە. (بەحەپەسانەوە سەیر دەکات) ئەمەیە شاکاری سروشت!

## 5

موبارەک: دەماری دەردەهێنم. ئەوەندەش دوورنەکەوتووەتەوە. موبارەک وەخۆکەوە! ڕەنجی خۆتت بە با دادا!(١)

پێ هەڵگرە، بجوولێ ئەگینا نەک هەر کەوڵ، ئابرووشت چووە! دەڵێی تا ئێستا ئەم بەشەی دارستانم نەدیوە. جا بەکام ڕێگەیاندا بڕۆم؟ چۆنی بدۆزمەوە؟ ئەی فەقیری بەستەزمان! هۆو، هۆو! بۆ کوێ چووی؟ هۆو! نا دەنگ و باسێک نییە. (نەڕەیەک دەبیستێ) کێ بوو؟ چی بوو؟

(بەورێک لەپشتەوە دەردەکەوێ)

بەور: بێ جوولە! داردەستەکەت فڕێدە! (موبارەک دەیەوێ جوولەیەک بکات) جوولەنەکەیت!

موبارەک: تۆ کێی؟

بەور: تۆ کێی؟ دەستت بخە سەر سەرت دەی.

موبارەک: من موبارەکم.

بەور: لا نەکەیتەوە. دەڵێی بەدوای کەسێ، یان شتێکدا دەگەڕێی؟

موبارەک: بەڵێ. بەدوای بەورێکدا.

بەور: بەور؟

موبارەک: بەورێکی زامدار.

بەور: بەوری زامدار؟

موبارەک: ڕاستییەکەی بەشوێن کەوڵەکەمەوە بووم.

بەور: بەور یان کەوڵ؟

موبارەک: هەردووکیان. کەوڵەکە هی باوکم بوو.

(١) لەدەقە فارسییەکەدا دەڵێ «بەئاودادا».

بەور: کەوڵی باوکت چ پێوەندییەکی بە بەوری زامدارەوە هەیە؟

موبارەک: چیرۆکێکی دوور و درێژە. هاتم لەجیاتی باوکم پاسەوانی بکەم. بەورێک بەفێڵ و تەڵەکە فریوی دام و کەوڵەکەی باوکمی لێ سەندم. منیش دەبێ وەری بگرمەوە.

بەور: چ چیرۆکێکی شیرینە!

موبارەک: شیرینتر ئەو کاتەیە، کە کەوڵەکەی لێ بسێنمەوە.

بەور: بەهیوابە!

موبارەک: یانی ناتوانم؟

بەور: فشە مەکە کوڕە. تۆ هێشتا بەور ناناسی. بەتایبەتیش ئەو زۆڵە حەرامزادەیە.

موبارەک: دەستەکانم شل بوون. دەتوانم دایانگرم؟

بەور: نا، بچووکترین هەڵەش بکەیت، لەت و پەتت دەکەم.

موبارەک: دەکرێ هەر لایەک بکەمەوە؟

بەور: مرۆڤێکی گوێڕایەڵ بە، ئەگینا ئەنجن ئەنجنت دەکەم.

موبارەک: ئاکاری باشت نییە. جا خۆ ئەمەش هەمووی هەڕەشەبوو!

بەور: ئەگەر ئازای بجووڵێ.

موبارەک: زۆرچاکە، زۆرچاکە.

بەور: ئەو فێڵبازە چیتری کرد؟ چیتری وت؟

موبارەک: هیچ. هەر لەکاتی ڕۆشتندا وتی: ئێستا من گەورەترین بەوری دارستانم.

بەور: گەورەترین بەوری دارستان؟

موبارەک: بەڵێ. هەر ڕاست ئەوەم لێ بیست.

بەور: ئەی فێڵباز! تۆ گەورەترین تەڵەکەبازی ئەم دارستانەیت!

موبارەک: جەنابتان دەیناسن؟

بەور: چۆن ناسینێکیش!!

موبارەک: لەکوێ دەیناسن؟

بەور: ئەو نامەردە، کۆنە ڕەقیبمە.





موبارەک: ڕەقیب؟

بەور: بەڵام حەریفم نییە.

موبارەک: حەریف؟

بەور: نازانێ بەورمان هەیە تابەور!

موبارەک: (لەناکاو لادەکاتەوە) بەور؟!

بەور: ئەگەر لەجێی خۆت ببزویت بەم چڕنووکانە جەرگ و دڵت دێنمەوە دەرەوە. لەت و کوتت دەکەم.

موبارەک: خۆ هیچم نەکردووە!

بەور: بێ جووڵە!

موبارەک: زۆر چاکە. زۆر چاکە. ئێستا چیت لێم دەوێ؟

بەور: هیچ.

موبارەک: کەواتە بهێڵە بەڕێی خۆمدا بڕۆم.

بەور: بەمەرجێ.

موبارەک: چ مەرجێک؟

بەور: بەڕای من ئەم پانتۆڵە لەبەرتا ناڵە ناڵێتی، تۆزێ بۆت هەراو نییە؟

موبارەک: هەراو؟

بەور: ئەڵڵا لە ڕەنگی! لە درووماني!

موبارەک: ناکا دڵت گرتبێتی!

بەور: چۆن گرتنێکیش!

موبارەک: دەی؟

بەور: دەی لە جوانییەکەت! تەنیا بەو مەرجە چاوپۆشی لە خواردنت دەکەم، کە بەهەردوو دەست پێشکەشمی بکەیت.

موبارەک: ئاخر ئەم پانتۆڵە دایکم.

بەور: نەکا لەگیانی خۆت بێزاربی؟

موبارەک: نا، بەڵام ئاخر پاسەوانی دارستان بەبێ-

بەور: کەواتە ئامادەبە بۆ مردن!

موبارەک: زۆرباشە، زۆرباشە!

بەور: خاوەخاو مەکە.

موبارەک: ئاخر ئەم پانتۆڵە بەکەڵکی چیت دێ؟

بەور: وا دیارە ئاگات لەکار نییە! بەو پانتۆڵەوە من جوانترین بەوری ئەم دارستانەم!

موبارەک: بەور و پانتۆڵ؟

بەور: ئەویش جۆرە تازەگەرییەکە! پانتۆڵێکیش هەر پانتۆڵێکە.

موبارەک: شتی تازە دەبیستم!

بەور: خێراکە تا گیانتم نەکێشاوە.

موبارەک: وا دیارە هەڕەشەکانت لەبن نایەن.

بەور: بێنە دەی!

موبارەک: باشە. ها وەرە.

بەور: ئەی گیان! هەر ئەم شتەم نەبوو. باشە ئیتر کاسە و کەوڵت کۆکەرەوە، هەڵێ دەی، لەسەرچی وەستاوی؟

موبارەک: ماندوو و شەکەتم. دەڵێی نەخۆشم. سەرم گێژ دەخوا.

بەور: چاکە دەی. تۆ بێنەرەوە من دەڕۆم. بەرەوپێش بەوری جوان! جا ئێستا تۆ جوانترین و بەهێزترین بەوری دارستانی!

(دەچێتە دەرەوە)

## 6

موبارەک: وەک شتێ پەنیان پێدام، بەمە دەڵێن خوا چاکت بۆ نەکات! چ ڕۆژێکە! چ دارستانێکە! لە هەر هەنگاوێکدا یا داو و تەپکەیان داناوە، یان فڕوفێڵ، یان هەڕەشە دەکەن. ئای خوایە گیان، تەنانەت لە داردەستەکەشم کەڵکێکم وەرنەگرت. چ پەنێکم بەخۆم دا! جا ئێستا بە چ ڕوویەکەوە ئەم ڕووداوە بگێڕمەوە؟ بەجارێ ئابڕووم چوو. داوەشێی هەی!

کیسەڵ: ماندوو نەبی.

موبارەک: ئەوە کێ بوو؟





کیسەڵ: من بووم.

موبارەک: تۆ کێیی؟

کیسەڵ: منم، کیسەڵ.

موبارەک: لەکوێیی؟

کیسەڵ: لێرە.

موبارەک: لەکوێ؟ ناتبینم.

کیسەڵ: لەژێر قەدی ئەو درەختەی کە لەسەری دانیشتبووی.

موبارەک: لەوێ چی دەکەیت؟

کیسەڵ: بەخۆشی خۆم نەهاتوومەتە ئێرە، بەڕێی خۆمدا دەڕۆیشتم، لەپڕێکدا ئەم درەختەم بەسەردا کەوت.

موبارەک: باشە چیت لەمن دەوێ؟

کیسەڵ: چیم دەوێ؟ گیرم خواردووە، کوڕی باش. وەرە یارمەتییەکم بدە.

موبارەک: حەح کەمیشی ناوێ!

کیسەڵ: هەی بەدفەڕ!

موبارەک: دەڵێی قەرزت لامە!

کیسەڵ: قەرز؟ شەڕی ناوێ من هەر یارمەتییەکم لێت ویست. لەلایەکی ترەوە چزەیان لێ هەستاندووی و داخەکەی دڵت بەسەر مندا دەڕێژیت! ڕەنگە حەقیشت بێ. دڵسۆزییش بۆ خۆی بەدبەختییەکی گەورەیە.

موبارەک: (پەشیمانە) بمبوورە. بڕێک توندوتیژ بووم. بەخوا هیچ دڵ و دەروونێکیان بۆ نەهێشتووم.

کیسەڵ: جا خەتای خۆتە.

موبارەک: من؟!

کیسەڵ: بەڵێ!

موبارەک: زۆر بێ ویژدانی! ئەی ئەو دڕندەیەت نەدی؟

کیسەڵ: با، زۆر چاکیش دیم و گشت قسەکانیشتانم بیست.

موبارەک: دەی ئێستا دەڵێی چی؟

کیسەڵ: تۆ خەتاباری!

موبارەک: دیسان وای وتەوە!

کیسەڵ: تۆ ئەم درەختەم لەسەر لابە، منیش پێت دەڵێم بۆچی خەتاباری.

موبارەک: دەتەوێ بمخەڵەتێنی؟

کیسەڵ: من؟ بەم قەد و قەڵافەتەوە؟

موبارەک: چوزانم! بەجارێ وا سەرم لێ شێواوە، کە ئیتر هیچ شتێکم بەلاوە سەیر نییە.

کیسەڵ: جا خۆ من توانای بزووتنم نییە، ئەگەر فێڵێ، تەڵەکەیەکت لێم دی، دەتوانی هەر بەم درەختە بمفلیقێنیتەوە.

موبارەک: ئەوەش دەبێ.

کیسەڵ: دەی لەسەر چی وەستاوی؟

موبارەک: زۆر چاکە. ئەها (درەختەکە لادەبات) ئەمیش درەختەکە. باش بوو؟

کیسەڵ: خوا چاکت بۆ بکات. حەسامەوە.

موبارەک: دە باشە ئەمجار پێم بڵێ بۆ خەتابارم؟

کیسەڵ: هەر ئێستا نیشانتدا.

موبارەک: چیم نیشاندا؟

کیسەڵ: ئەمەی کە تۆ خەتاباری!

موبارەک: مەتەڵم لێ دامەهێنە!

کیسەڵ: مەتەڵ؟ تۆزێ سەیری خۆت بکە!

موبارەک: سەیری چیم؟

کیسەڵ: توانات.

موبارەک: توانام؟

کیسەڵ: کێ ئەم درەختەی بەم گەورەییە لابردووە؟

موبارەک: دەی، من.

کیسەڵ: ئەرێ قەت بووە کەسێک ئەم هەموو هێز و توانایەی ببێ و لە هەڕەشەی بەورێک بترسێ؟ ها، دەبێ؟





موبارەک: هیچ بیرم لێ نەکردبووەوە.

کیسەڵ: خۆتت پێ کەم نەبێ. تۆ هێشتا خۆتت نەناسیوە. تۆ زۆر شتت لەدەست دێت!

موبارەک: ڕقم لەخۆم دەبێتەوە.

کیسەڵ: لەجیاتی ئەم قسانە شتێ بکە.

موبارەک: چی بکەم؟

کیسەڵ: تا زۆر دوورنەکەوتووەتەوە شوێنی کەوە.

موبارەک: هەروا دەکەم.

کیسەڵ: چاوت لێ بوو لە کام لاوە ڕۆشت؟

موبارەک: بەڵێ. لێرەوە.

کیسەڵ: خاوە خاو مەکە، مەهێڵە مافت بخۆن.

موبارەک: بەڵێن دەدەم.

کیسەڵ: بێگومان دەرەقەتی دێیت.

موبارەک: دەزانم

کیسەڵ: نەکەی هەڵێی! بیرت بێت کە ماف ئەشخورێت و ئەشگیرێت.

موبارەک: (لەگەڵ دوورکەوتنەوەدا) پێ هەڵگرە موبارەک! مافە خوراوەکەت وەرگرەوە!

کیسەڵ: بێ وەی بی.

## 7

موبارەک: چ بێ وەبییەک؟ دڵمیان شکاند. منێک کە سەراپام زەوق و خۆشی بوو، ئێستاکە پەشێو و دڵ مردووم. ئاخر من چ خراپەیەکم بۆیان بوو[1] چاوەڕێی ئەمەم لێ نەدەکردن. چ دەرسێک بوو! هەرچەندە ئێستا دەزانم بەرامبەرەکەم کێیە. درەختەکانیش ئیتر لەبەرچاوم ئەوەندە بەرز نین بترسێن. ئاخ ئەی حەیوان چ دەبوو ئەگەر بەردەستم بکەوتیتایە! خۆزگەم جارێکی تر دەمبینیت! دڵنیابە کەوڵم دەکردی! ئەم ڕێگایانەش خۆ یەک لەیەک خراپتر و پێچاوپێچ ترن. جا ئێستا لەکام لاوە بڕۆم باشترە؟ (لە ناکاو بەورێک لە پشتەوە پەلاماری دەدا و دەیدا بەزەویدا) ئاخ! نامەرد! (تا موبارەک بەخۆیدا دێتەوە،

(١) پەندەکە لە فارسییدا بەم جۆرەیە: ئاخر چ دارەتەڕێکم پێ فرۆشتبوون.

بەور کڵاوەکەی هەڵگرتۆتەوە).

بەور: نامەرد خۆتی، ناکەس!

مویارەک: کێ بوو لێیدام؟

بەور: چاکت خوارد یان نە؟

مویارەک: لە کوێی؟ چاوم ڕێشکە و پێشکە دەکات.

بەور: سەرتم دا لەبەرد تاکو ئیتر بەبێ ڕوخسەتی من قەرەی ئەم پاوانە نەکەوی.

مویارەک: تۆ کێی؟

بەور: بۆ نابینی؟

مویارەک: ڕاستییەکەی زۆر نا. تۆ بەور نیت؟

بەور: ئەی بەور نەبم چی بم؟

مویارەک: نازانم

بەور: باقڵ بەورت خۆش ناوێ.

مویارەک: سەرم گێژ دەخوا. خراپت لێدام.

بەور: بۆ ئەوەی تا هەیت پێ لە بەڕەی خۆت زیاتر ڕانەکێشی.

مویارەک: بەڕە؟

بەور: لێرە چی دەکەیت؟ مەگەر نازانیت تا شارەزای بوار نەبیت، نابێ لە ئاو بدەیت و تا شارەزاشت لەگەڵدا نەبێ نابێ بەدارستاندا تێپەڕیت.

مویارەک: من خۆم پاسەوانی دارستانم.

بەور: هاها! مەمخە پێکەنین! پاسەوان! چ شانازییەکیش هەڵنەلووشێ نەکا بتەوێ دووبارە بتشێلمەوە؟

مویارەک: چیت لێم دەوێ؟

بەور: پێشان گیانتم دەویست و ئێستا کڵاوەکەت.

مویارەک: کڵاو؟

بەور: شتی وا چاکم نەدیبوو. (کڵاوەکە لەسەر دەکات). چ شکۆیەکم پێ دەبەخشێ!

مویارەک: جا ئەمە بەکەڵکی چیت دێ؟

بەور: هێشتا نازانم. بەڵام تا ئێستا بەورێکم نەدیوە، لەم کڵاوەی ببێ.

مویارەک: بەور و کڵاو؟





بەور: بەور بەکڵاوەوە!

مویارەک: جا دەبێ بە چی؟

بەور: پرس و جو مەکە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا پلە و پایەیەکە.

مویارەک: چ پلە و پایەیەک؟ کڵاوەکەم بدەرەوە!

بەور: خەڕەک ڕستێ بەسە. ئەگەر پیاوی هەستە.

مویارەک: ناتوانم. خراپ ئازارم پێ گەییوە.

بەور: بەختت هەبوو کە ئاوا زیندوو مای.

مویارەک: چ بەختێ!

بەور: تا ئێستایش لە زیادە ماوی. خوا بتکا بەقوربانی ئەم کڵاوەی پێشکەشت کردم.

مویارەک: پێشکەشم کردی؟!

بەور: هەر چۆنێکت پێ خۆشە وای ناو بنێ. بۆ من جیاوازییەکی نییە. چونکە ئەم کڵاوە، تازە کڵاوی منە و بەس.

مویارەک: باوکم ئەو کڵاوەی پێداوم. یادگاری باوەگەورەم بوو.

بەور: ئێستاش لەسەری مندایە. دەڵێی هەر بۆ خۆم دووراوە. چۆنە؟

مویارەک: چ سامێکت هەیە! ترسناکتر بووی.

بەور: منیش هەر ئەوەم دەوێ. هەرچی ترسناکتر باشتر.

مویارەک: جا چ پێویستت بەوەیە لێت بترسن؟

بەور: لەم دارستانەدا، یان دەبێ سوڵتان بی، یان هیچ.

مویارەک: ئێستا تۆ چیت؟

بەور: دیارە سوڵتانێکی ڕاستەقینە. من گەورەترین و بە شکۆترین بەوری ئەم دارستانەم. بەتایبەتی بەم کڵاوەوە. بەهیوای دیدار پیاوی بێ کڵاو!

مویارەک: پێک دەگەینەوە!

بەور: (بەدەم دوورکەوتنەوەوە) دەبووری سەرت بێ کڵاو مایەوە.

مویارەک: جارێ هیچ مەعلوم نییە. چیت دیوە. هەر سەر ساغ و سەلامەت بێت، کڵاو زۆرە گوێت لێم بوو؟ هەر سەر ساغ بێت کڵاو زۆرە! هەر ئەوەندەی تۆزێ بێمەوە سەرخۆ، ئەوسا من دەزانم و تۆ!

## 8

سمۆرە: ئارام بگرە. ڕۆشت.

موبارەک: ئەوە کێ بوو؟

سمۆرە: پیش مەخۆرەوە. ئەو تازە دوورکەوتۆتەوە.

موبارەک: تۆ کێیت؟

سمۆرە: تا ئێستا سمۆرەت نەدیوە؟

موبارەک: حەقت بەسەرمەوە نەبێ!

سمۆرە: قوڕ مەپێوە. من بەڕێی خۆمدا دەڕۆم، حەقی تۆم چییە؟

موبارەک: ئەی بۆ وەستاوی؟

سمۆرە: گەرەکمە دانەوێڵە کۆکەمەوە. چوار ڕۆژی تر زستانە.

موبارەک: ئێ کۆکەرەوە، من حەقم چییە؟

سمۆرە: ئاخر دەبێ لەپێشدا تۆ بجوولێی.

موبارەک: من بۆ؟

سمۆرە: چونکە کۆڵێ دانەوێڵە لەژێر دەست و پێی تۆدا ڕژاوە.

موبارەک: سەیرە! ئەم گشتە دانەوێڵەیە چییە لێرە؟

سمۆرە: ئەوە لە هێلانەکەی منەوە ڕژا، بەپەلاماری ئەو نارەسەنە.

موبارەک: تۆش چاوت لێبوو؟ دیت چ نارەسەنێک بوو!

سمۆرە: کۆڵێکیش سەیرمکرد!

موبارەک: سەیر؟ کوێی ئەو پەلامارە هی سەیرکردن بوو؟

سمۆرە: گشت شوێنێکی!

موبارەک: تۆ لەو بێ ویژدان تری.

سمۆرە: دەی باشە دارستان هەر وایە ئیتر! ئاخر پیاوی عاقڵ خۆ تۆ دنیات دیوە، چۆن تا ئێستا گیانلەبەرانی ناو دارستانت نەناسیوە؟

موبارەک: وردە وردە خەریکم دەیانناسم.

سمۆرە: ئەگەر لەپشتەوە نەیانپێکی، لە پشتەوە دەتپێکن!





موبارەک: ئاخر بۆ؟

سمۆرە: هەر وایە! تۆش دەبێ دەست بوەشێنی، ئەگینا بەگیرت دێن و بەزیندوێتی لەم دارستانە ناچیتە دەرەوە!

موبارەک: چ نەریتێکە!

سمۆرە: بڕیار لای خۆتە. ڕاوچی نەبیت، نێچیریت.

موبارەک: بەڵام من مرۆڤم.

سمۆرە: هەرچیت پێ خۆشە ئەوەبە. ئێستا لەجێی ئەم قسانە یارمەتیم بدە تا ئەم دانەوێڵانە کۆکەمەوە. بزانم تۆ دەستت دەگاتە ئەو هێلانەیە؟

موبارەک: ڕاستییەکەی... زۆر خراپ ئازارم گەییوە.

سمۆرە: بەچکەکەم کەوتۆتە خوارەوە.

موبارەک: بەچکەکەت؟

سمۆرە: مەترسە، خۆم سەری دەخەمەوە.

موبارەک: داوای لێبووردن دەکەم، دەستەکانم یەکجار بێ هەست و خوست بوون.

سمۆرە: بەڕای من هەرکەسێ بەهەڕەشە و گوڕەشەیەک مەیدان چۆڵ بکا، تووڕێ ناهێنێ!

موبارەک: تۆ بەهەڵەدا چووی.

سمۆرە: منیش دەیان دوژمنی جۆراوجۆرم هەیە، بەڵام دەستبەرداری کار و ژیان نابم، هەر وا دانیشم و بناڵێنم.

موبارەک: وریابە هەڵە نەکەیت. من مەیدانم چۆڵ نەکردووە.

سمۆرە: بیرت نەچێ تا باش نەخۆی، باشیش دەست ناوەشێنی. ئاوا قورس و قایمتر دەبی. منیش لەم دارستانەدا لەمە گەیشتم. هەستە دەی هەستە!

موبارەک: ئەو لەپشتەوە پەلاماری دام.

سمۆرە: تۆش بیکە.

موبارەک: ئاخر ئەو چنگ و کەڵبەی هەیە.

سمۆرە: تۆش هەتە. ئەوەی بەدەستتەوەیە. خۆ گۆچانی پیری نییە. بۆچی کەڵکت لێ وەرنەگرت؟

موبارەک: خۆ چاوت لێبوو. غافڵگیر بووم.

سمۆرە: ئەمجار هەر چاوێکت بکە بەچوار و وریابە.

موبارەک: ئەمجار وریام.

سمۆرە: هۆشت بێ ئەو دانەوێڵانەی ژێر پێت ورد نەبن.

موبارەک: کۆیان دەکەمەوە.

سمۆرە: نا، بەو حاڵ و ئەحواڵەتەوە چاکتر وایە خەریکی خۆت بی. تا درەنگ نەبووە ڕێکەوە.

موبارەک: بهێڵە با یارمەتیت بدەم.

سمۆرە: پەرۆشی من مەبە، ئەوەندەش دەستەپارچە نیم.

موبارەک: من نەم وتووە...

سمۆرە: تۆ هێشتا دەستوبردی منت نەدیوە.

موبارەک: باشە، ڕاستییەکەی...

سمۆرە: خێراکە پیاو! لەولاوە ڕۆشت. هەرچاو بترووکێنی، تێی تەقاندووە. گیری بە!

موبارەک: کەواتە، کە گەڕامەوە یارمەتیت دەدەم.

سمۆرە: تۆ بگەڕێوەوە، من یارمەتیم ناوێ!

موبارەک: دڵنیابە دەگەڕێمەوە.

سمۆرە: لەسەر چی وەستاوی؟ دەبڕۆ دەی!

## 9

موبارەک: ئای لەو بەدبەختییە! نائومێد و ماندووم. بەخۆمدا نانازم. کێشەم بەورێک بوو، هەنووکە بوون بە سییان. شوێن پێی کامیان هەڵگرم. جا ئێستا هەرچی گیانلەبەری وردودرشتە، لەم ئابڕووچوونە ئاگادارن! ئای خوایەگیان! حسابی ئەمەیانم نەکردبوو. یادت بەخێر دایە! هەمیشە دەتوت: هەر سەر ساغ بێت کڵاو زۆرە. باوکیشم دەیوت خۆ دنیا هەر وا نابێ. ئەم وتانە ویردی سەر زاری هەردووکیان بوو. بەڵام نازانم بۆچی بۆ من دنیا هەر وایە و کڵاوێکیش چنگ ناکەوێت؟ چ دوورم! چەندە لەوان دوورم. هەست دەکەم ساڵانێکە لێیان بەدوورم. خۆزگەم لایان دەبووم. زۆر حەزم دەکرد بزانم باوکم چۆنە، دایکم چی





دەکات و برا بچووکە شیرە خۆرەکەم بەچییەوە خەریکە! ئەوە دەنگی چی بوو؟ سێبەرێکم دی، وا چاکە لێرەدا خۆم حەشاردەم! نەکا غافڵگیرم کەن! (بەورێک دێتە ژوورەوە. موبارەک کتوپڕ بەداردەستەکەی پەلاماری دەدا)

موبارەک: بگرە (بەورەکە خێرا خۆی لادەدا).

بەور: (بەگومانەوە) چیی؟ پەلاماری من دەدەیت؟

موبارەک: ئەی چیی؟ بوەشنە، تا بوەشنم(١)

بەور: من زۆر بابەتی گاڵتە و شۆخی نیم!

موبارەک: منیش نیم.

بەور: دەڵێی نازانی من کێم؟

موبارەک: دەبێ تۆش من نەناسی.

بەور: تا ئێستا نەمدیبووی.

موبارەک: جا ئێستا دیت؟

بەور: وەک شتێ لە خۆت وەڕسی؟

موبارەک: گرنگ نییە. بەڵام ئیتر نایەڵم بخەڵەتێنی، هەڕەشەم لێ بکەی، یان لە پشتەوە پەلامارم بدەی.

بەور: شتی تازە دەبیستم.

موبارەک: بڵێ بزانم لەو سێ نامەردە تۆ کامیانی؟ وەڵام بدەرەوە.

بەور: لە خۆڕایی تووشی چەند و چوونم مەکە.

موبارەک: دەزانم هەمووتان لەیەک دەچن.

بەور: باسی چی و کێ دەکەیت؟

موبارەک: باسی ئەو سێ ناپیاوەی کە کەوڵ و پانتۆڵ و کڵاوەکەیان لێ سەندم.

(١) بوەشنە تا بوەشنم: لەفارسییەکەدا دەڵێ (بچرخ تابچرخیم). واتە (هەڵخولێ تا هەڵخولێین). ئەم ڕستەیە زۆرتر لات و لوتەکان لەکاتی شەڕکردندا بەکاری دەبەن ئەویش بۆ خۆ گیڤ کردنەوە، بەڵام من لێرەدا ئەو دەستەواژەیەم بەکاربردووە. کە تایبەتە بەشاری سنە. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو وشەی (چرخیدن: هەڵسووڕان:هەڵخولان)ە لەبنەڕەتدا واژەی ناو زۆرخانەیە و پاڵەوان بۆ هەڵسەنگاندنی بەرامبەرەکەی داوای لێ دەکات دەورێک بسووڕێتەوە تا بزانێ چەندی لەباردایە.

بەور: وتت سێ چی؟

موبارەک: سێ بەور! ڕەنگە هەریەکێکیش بووبێتن. نازانم.

بەور: ئاوا

موبارەک: هەریەکەیان بەدزینی پارچەیەک لەجلەکانم خەیاڵی دەکرد، کە جوانترین، مەزنترین و بەشکۆترین بەوری دارستانە! هاهاها! چەندە نەخۆشن! چەند خۆش خەیاڵن!

بەور: بەڵام من هیچ کام لەوانە نیم.

موبارەک: بەچیدا بزانم؟

بەور: بەوەی کە نەکلاوم هەیە و نەکەوڵ و نەپانتۆڵ. خۆزگەش دەخوازم ببوایە!

موبارەک: بتبوایە؟

بەور: عەیبەکەی لەکوێدایە؟

موبارەک: لە هەموو شوێنێک؟

بەور: دارستانەکەی مازەندەرانە و چوار بەور، ئەوان بەشی خۆیان وەرگرت، من بۆ وەری نەگرم؟

موبارەک: چی وەرگری؟

بەور: بەشەکەم!

موبارەک: کام بەشە؟

بەور: دەی خۆ منیش مافم هەیە! جا ئەگەر شتێک لە تۆ نەسێنم، یانی لەوان کەمترم! تێدەگەی؟ واتە مەسەلەکە مەسەلەی ئابڕوو و شەرەفە.

موبارەک: ئابڕوو و شەرەفی منیش، منیش مافێکم هەیە.

بەور: خۆت لەگەڵ مندا بەراورد دەکەی؟

موبارەک: بۆ تۆ کێیت؟

بەور: ئینجا خەریکی قسەی زل دەکەیت!

موبارەک: من؟ ئەگەر دەوێری دەست پێبکە.

بەور: ئێستاش بەتەمای لەگەڵمدا بجەنگی!

موبارەک: دەمەوێ سەرت پان کەمەوە.





بەور: ئەوەندە خۆت مەناسێنە! ئەو قەلە نیت[٢]. بەدەستی پەتی؟

موبارەک: بەم دارە.

بەور: دار و چنگ؟ دار و ئەم دانە تیژانە؟

موبارەک: من ناترسم.

بەور: مەترسە ناتخۆم، هەر پێڵاوەکانتم دەوێ.

موبارەک: پێڵاو؟ کەواتە تۆش چاوت لەدوی ئەمانەیە!

بەور: یەکجار دڵمیان گرتووە!

موبارەک: ڕیخۆڵەکانت بەم دارەوە هەڵدەواسم.

بەور: فشە مەکە، سەروبن دەبی! وەرە، پیاوانە و بەبێ شەڕوشۆڕ ئەم بەزمە ببڕێنینەوە.

موبارەک: مەگەر بەسەر تەرمەکەمدا بڕۆی.

بەور: پێڵاوەکانت دانێ و بڕۆ.

موبارەک: هەرگیز لەقسەی خۆم پەشیمان نابمەوە.

بەور: زۆر چاکە. خۆت نەتویست هاوڕێیەتێکەمان بەردەوام بێت.

موبارەک: حاح؟ هاوڕێیەتی! نەمردین و مانای هاوڕێیەتیمان زانی.

بەور: باشە. شەڕ لەشێف و ئاشتی لەخەرمان؟

موبارەک: بەرگری لەخۆت بکە!

بەور: بوەشنە تا بوەشنم.

(شەڕ دەست پێدەکا. بەور زۆر زوو موبارەک تەخت دەکا و لەسەر سنگی دادەنیشێ)

چاک بووی؟ چەندە گوناحی! وتم حەریفم نیت. لەم دارستانەدا بەتەنیا چیت لەدەست دێ؟ نقەت نایێت! هەروەکو بەڵێنم دا، ناتخۆم، بەڵام پێڵاوەکانت دەبەم. جارێ ئەمە لە هەموو شتێک گرنگترە. دەبێ تەققەی پاژنەکانی بەهەموو دارستانەکەدا بتەنێتەوە، هەموان بتۆقێنێ! (پێڵاوەکان لەپێ دەکات) جا ئێستا منم، مەزنترین و بەسامترین و جوانترین و بەشکۆترین

(٢) ئەم ڕستەیە لەفارسییەکەدا دەڵێ «خۆت مەنوێنە بەدەستی پەتی». لێرەدا من ئەو دەستەواژەیەم بەکاردبووە کە زۆر تایبەتە بەشاری سەقز.

بەوری دارستان!

موبارەک: لێم گەڕێ- برۆ.

بەور: ئەمەش داردەستەکەت، هەڵیگرە، ڕەنگە ببێ بەگۆچانی پیریت!

موبارەک: ڕێی خۆت بگرە و برۆ!

بەور: بەهیـوای دیدار حەریفی پێ پەتی و سەر ڕووت! خوات لەگەڵ جەنگاوەری بێ ترۆتفاق!(٣)

موبارەک: دڵنیابە، یەکتری دەبینینەوە.

بەور: (لەگەڵ دوورکەوتنەوەدا) حەواڵەمان دەکەی بەداهاتوو؟ داهاتووش بۆ تۆ!

## 10

موبارەک: ویستم تێهەڵچمەوە، نەکرا! حەح، داهاتوو! حاڵم جوانە! ئاخر ئێستا منی هەژاری ڕووت و قووت و دەست خاڵی لەم دارستانەدا چی بکەم؟ تازە چ داهاتوویەکم هەیە؟

کۆتر: خەم مەخۆ!

موبارەک: ئەوە کێ بوو؟

کۆتر: من بووم! خەم مەخۆ، کەس نازانێ داهاتوو هی کێیە!

موبارەک: تکایە دەکرێ دڵسۆزی نەنوێنی.

کۆتر: مەبەستم دڵسۆزی نواندن نەبوو. وتم ڕەنگە هاودەنگێکت بوێ!

موبارەک: لێم گەڕێ توخوا، ئیتر قسەم نەما،

کۆتر: من لەو سەرەوە هەموو شتێکم دی و هەموو شتێکیشم بیست.

موبارەک: ئێ؟

کۆتر: دیارە دڵت پڕە!

موبارەک: هەر باسی مەکە.

کۆتر: بۆچی باسی نەکەین؟ لە چی دڵگرانی؟

موبارەک: دڵگرانییەکەم زیاتر هی ئەوەیە کە نازانم خۆم خەتابارم، یان خەڵکی تر.

(٣) ترۆتفاق: لەبەرامبەر (سازوبرگ)دا بەکارم بردووە کە دەبێتە کەرەسە و جلوبەرگی شەڕ.





کۆتر: تۆ خەتاباریت؟

موبارەک: ئاخر من هیچ هەنگاوێکم بەرەوپێشەوە نەناوە. لەخۆم بێزارم. وا هەست دەکەم درزێک لەکارەکەمدا هەیە.

کۆتر: بۆچی؟ چ درزێک؟

موبارەک: چونکە بەقۆناغێک گەیشتووم کە ئیتر هیچ نەماوە لەدەستی بدەم. چونکە هەموو شتەکانیان لێ سەندم و ئێستا هیچ هیچم بەدەستەوە نەماوە. چونکە بەچوار دەورمدا لە دەعبا زیاتر هیچی ترم نەدی. چونکە بەهەرلایەکدا ڕۆشتم بەزمانی زەبروزەنگ نەبێ بەهیچ زمانێکی تر لەگەڵمدا نەدوان. چونکە بەشەوق و ئارەزووەوە، کەوتمە ڕێ و ئێستا بێ سەر و دڵ دەگەڕێمەوە. شەکەت و بێ ڕوح!

کۆتر: ئەم قسانە هیچ دەردێکت دەرمان ناکا، دارستانیش هەر ئەمەیە.

موبارەک: نابێ وابێ، چونکە بەم شێوەیە جێیەک بۆ ئێمەومانان نامێنێ.

کۆتر: بۆ منیش. هێشتا تۆ بەهێزتریشی!

موبارەک: چی بکەم؟ نە هێزێکم ماوە، نە پیلانێک، نە بڕوا بەخۆبوونێک.

کۆتر: هێشتا ڕێگایەکت هەیە...

موبارەک: چ ڕێیەک؟

کۆتر: تێوە مەگلێ.

موبارەک: یانی هەر دانیشم و سەیرکەم؟

کۆتر: نا، مەبەستم ئەوەبوو خۆت تووشی نەکەی.

موبارەک: قسەی قۆڕ دەکەی. ئەی کێ تووش کەم؟

کۆتر: خۆیان!

موبارەک: خۆیان؟ هەروا بەئاسانی!

کۆتر: بەڵێ، ئاسانە. من و تۆ، هێزی ئەوانمان نییە. بەڵام ئەوان هاوهێزی یەکن.

موبارەک: بەتەواوەتی گێژت کردم...

کۆتر: بۆچی گێژم کردی؟

موبارەک: ئاخر من هێزێکم نییە تا...

کۆتر: ئێ خۆ مێشکت هەیە.

موبارەک: مێشک؟

کۆتر: بەڵێ مێشک.

موبارەک: مێشکیشم ئیتر کار ناکا.

کۆتر: خۆی ئێستا دەبێ مێشکت بخەیتەکار.

موبارەک: چی بکەم؟

کۆتر: مێشک لەجیاتی زەبروزەنگ.

موبارەک: چی بکەم؟ پیلانەکەت بخە ڕوو!

کۆتر: ئەوان لەگەڵ سێبەری یەکتریشدا شەڕ دەکەن، هەرگیز ئاویان پێکەوە بەجۆگەیەکدا نەڕۆشتووە.

موبارەک: ئێ؟

کۆتر: ئێ تۆش لەوەوە دەست پێبکە.

موبارەک: بەدەم ئاسانە.

کۆتر: دەبێ بزانی ئەوان بەچی قەڵس دەبن.

موبارەک: ئەمە دەزانم: ڕقەبەری!

کۆتر: ئێ؟

موبارەک: خۆشیان لەوانی تر بەمەزنتر و جوانتر و بەسامتر و بەشکۆتر دەزانن.

کۆتر: کەواتە دەکرێ بەئاسانی ئاگری ڕقەبەرایەتی لەنێوانیاندا خۆش و خۆشتر بکرێ و ئەو ڕقەبەرایەتییە ببێتە هۆی تاقیکردنەوەی هێز و توانایی، یان -چوزانم- شەڕە دەنووکێکی تەواو.

موبارەک: مەبەستت لە شەڕە؟

کۆتر: مەترسە، من لە تۆ زیاتر شەیدای ئاشتی و تەباییم. بەڵام ئیتر هەندێ جار ناچاریی.

موبارەک: ئەی ئەگەر پیلانەکەمان نەیگرت؟

کۆتر: مەترسە دەیگرێ! بیرت نەچێ کە هەر خۆیان دەرەقەتی یەکتر دێن.

موبارەک: واتە هەرکامێکیان زرمەی لێ هەستا، یانی درندەیەک کەمتر.





کۆتر: هەروایە!

موبارەک: چ باشە! خوایەگیان! ئاخر تۆ ئەمانە لەکوێوە دەزانی؟

کۆتر: باپیرانم هەموو نامەبەربوون. من سەرم لەشەڕ و کێشەی ئەم حەریفانە چاک دەردەچێ.

موبارەک: دەبا دەستوبرد کەین.

کۆتر: لە کوێوە دەست پێبکەین؟

موبارەک: دەست پێبکەین... دەست پێبکەین... ئەها! دۆزیمەوە. دەکرێ هەر بەناوی ئەم بەوری چوارەمەوە پەیامێک ئاراستەی یەکەیەکەیان بکرێ و هەموویان بکێشرێنە جێگایەک.

کۆتر: باشترین جێگا ئەو گۆڕەپانە چکۆڵەیەی قەراغ چۆمەکەیە.

موبارەک: وتیشی کە کاممان لەوانیتر مەزنتر و شۆختر و بەسامتر و بەشکۆترین. چۆنە؟

کۆتر: زۆر چاکە! ئەوسا بزانە چ هەرا و زەنانەیەک بەرپا دەبێ.

موبارەک: هەر ئەوەندەی یەکێکیان چاوی بەویتر بکەوێ، شەڕێک دەقەومێ هەر مەپرسە. تا یەکێکیان سەرنەکەوێ نابڕێتەوە. ئەوسا دەبێ لە سووچێکدا بوەستی و سەیر بکەی.

کۆتر: سووچ نا. دەبێ بچیتە سەر درەختێک.

موبارەک: هۆش و بیرم هەر لای ئاکامی ئەم کارەساتەیە.

کۆتر: مەترسە، هەموو شتێک یەکلا دەبێتەوە.

موبارەک: هەر بەبیریشمدا نەدەهات.

کۆتر: خێراکە، بجوولێ.

موبارەک: من یان تۆ؟

کۆتر: ڕاست دەکەی، من ڕۆشتم.

موبارەک: سەبرکە، کەمێ تاریکی نەکردووە؟

کۆتر: کاتمان نییە.

موبارەک: جا ئێستا تەنگی بانگی شێوانە.

کۆتر: نا، قەیناکە دەبێ تا زووە هەر چواریان پەیدا بکەم.

موبارەک: من پەرۆشی تۆم.

کۆتر: پەرۆش مەبە و تا بەیانی لەسەر ئەو درەختە ئیسراحەت بکە. من ڕۆشتم!

موبارەک: وریای خۆت بە!

کۆتر: وریام.

موبارەک: کەواتە ژوانمان سبەینێ لە گۆڕەپانە چکۆڵەکەی قەراغ چۆمەکە بێ.

کۆتر: باشە سبەینێ لای نیوەڕۆ. (لەگەڵ دوورکەوتنەوەدا) ئەهای- ئەهای، هاوار- هاوار...

## 11

موبارەک: ئەمیش گۆڕەپانە چکۆڵەکەی قەراغ چۆمەکە. چ هەرا و زەنایەکە! ئەو چوار دەعبایە چەند زوو کۆبوونەوە. چ نەڕە نەڕێکە! چ جۆش و خرۆشێکە! شاری بێ حاکمە(١).

دەبێ نزیکتر ببمەوە. نا، چاکتر وایە بچمە سەر ئەم درەختە. چونکە لەوێوە چاکتر چاوم لێ دەبێ و مەترسیشی کەمترە. ئەرێ بەڕاست کۆترەکە لەکوێیە؟ دەبێ چووبێتە ئەوبەری گۆڕەپانەکە. چ ململانێ و پێکدادانێکە! بەمە دەڵێن مەیدانی شەڕ.

(بەورەکان بەچرەچر و تووڕەییەوە دێنە ژوورەوە)

بەوری یەکەم: هەر کاتی خۆتان بەفیڕۆ دەدەن! پێم وتن! من مەزنترین بەوری دارستانم!

بەوری چوارەم: چ بوێرییەک!

بەوری دووەم: منیش مەزنترین و بەشکۆترینم.

بەوری یەکەم: چ بێ ئابڕووییەک!

بەوری سێیەم: منیش نەک هەر مەزنترین و بەشکۆترینم، بەڵکو شۆخترینیشم.

بەوری دووەم: چ کەرێتییەک!

بەوری چوارەم: منیش مەزنترین و بەشکۆترین، شۆخترین و بەهێزترین بەوری

(١) شاری بێ حاکمە: لە فارسییەکەدا دەڵێ «جەنگل مولاست»: کە ئەمە بۆ جێی شڕ و شپرزە بەکار دەبرێ، هەڵبەتە لە زاراوەی سووک و چرووکی سەر زمانی خەڵکدا. هەروەها بۆ شوێنێک کە یاسای تیا نەبێت. بەقژی پڕ و ئاڵۆزاو و نالەباریش دەوترێ جەنگەڵی مەولا.





دارستانم!

بەوری سێیەم: چ گەمژەییەک!

بەوری یەکەم: چ فیز و لووت بەرزییەک!

بەوری دووەم: چ شکۆ و جەلالێک!

بەوری سێیەم: چ لاف و گەزافێک!

بەوری چوارەم: چ سنگ دەرپەڕاندنێک!

(وردە وردە جلەکانیان دادەکەنن و ئامادەی هێرشکردن دەبن)

بەوری سێیەم: تۆ کلک قرتاو؟

بەوری چوارەم: تۆ ئاینوئۆینکەر؟

بەوری یەکەم: تۆ سەگی کێیت؟

بەوری دووەم: بیگرە چنگ!

بەوری سێیەم: بیگرە دان!

بەوری یەکەم: بیگرە چنگ و دان!

بەوری چوارەم: بگرە هێز و چنگ و دان!

بەوری سێیەم: ئێستا کە وای لێهات ئامادەبە بۆ مردن!

بەوری یەکەم: تۆش!

بەوری دووەم: تۆش هەروا!

بەوری چوارەم: کوڕە تۆش!

(لەگەرمەی شەڕی بەورەکاندا. لەو کاتەدا کە کلکی یەکتریبیان بەدان گرتووە، بەدەوری درەختەکەدا دەخولێنەوە، پاشان وردە وردە دەچنە دەرەوە. موبارەکیش هەروا سەیریان دەکات.)

موبارەک: خوایەگیان چەند خۆشە! چەند سەیرە! هەڵدێن و دەخولێنەوە. دەخولێنەوە و هەڵدێن. بەچنگ گرتنەوە دەخولێنەوە. بەگاز گرتنەوە دەخولێنەوە. چ گازێکە! چ چنگێکە! چ خولانەوەیەکە! چ شەرێکە! چ شەرێک! چ شەرێک!! چ شەرێک!!(کۆترەکە دێتە ژوورەوە)

کۆتر: موبارەک لەکوێی؟

مویارەک: لێرە. لەم سەر درەختە.

کۆتر: وەرە خوارەوە.

مویارەک: وا هاتم.

کۆتر: فێڵەکەمان گرتی.

مویارەک: دیتم.

کۆتر: خاوە خاو مەکە. جلەکانت هەڵگرە و برۆ.

مویارەک: دەمەوێ سەیری شەڕەکەیان بکەم.

کۆتر: جلەکانت لەبەرکە! چڵک و خوێنیش هی سەیرکردنە؟

مویارەک: هی ئەمانە بەڵێ.

کۆتر: سەعاتێکی تر لە بۆگەنی کەلاکەکانیان هەناسەت بۆ نادرێ.

مویارەک: حەیف.

کۆتر: باش بوو! لەدەستیان ڕزگار بووین.

مویارەک: تۆپینیشیان هەر مایەی دەردەسەرییە.

کۆتر: خەمت نەبێ تا ئێوارە تۆزقاڵێکیشیان نامێنێ.

مویارەک: تۆ چی دەکەیت؟

کۆتر: دەگەڕێمەوە بۆ لانەکەی خۆم.

مویارەک: منیش دەگەڕێمەوە بۆماڵەوە. چاوەڕێمن.

کۆتر: دە کەواتە ڕێکەوە.

مویارەک: سوپاست دەکەم. زۆرت یارمەتیدام.

کۆتر: من هیچم نەکردووە. بەهیوای دیدار.

مویارەک: یەکتری دەبینینەوە.

کۆتر: خێراکە. ڕێگایەکی دوور و درێژت لەبەرە.

مویارەک: بەڵێ. واپێدەچێ.

کۆتر: خۆ ڕێگاکە شارەزای؟

مویارەک: دەیدۆزمەوە.





کۆتر: لای خواروو بگرە.

مویارەک: هەرگیز لەبیرت ناکەم.

کۆتر: خوات لەگەڵ.

مویارەک: خواحافیز.

## 12

مویارەک: ماڵەکەمان لەکوێیە؟ لە چ لایەکەوە دەبێ برۆم؟ ئازاری گیانم عەرەقی لێ دەچۆڕێ. چەندان سەعاتە دەڕۆم و نایدۆزمەوە. نە ئاسەوارێک، نەشایەتێک، نەشوێن پێیەک دیارە. سەرپاکی درەختەکان لەیەک دەچن. لەکێ بپرسم؟ نەکا گوم بووبێتم! هۆو، کەس لەم دەوروبەرە نییە؟ هۆو، کەس گوێی لێمە یان نە؟

سمۆرە: تۆزێ سووک منداڵەکانم خەوتوون!

مویارەک: ببوورە، ڕێم گوم کردووە.

سمۆرە: دەی، ئەویش دەبێ.

مویارەک: بەشوێن ماڵی خۆماندا دەگەڕێم.

سمۆرە: ئەمەش هەر شتێکی تازە نییە.

مویارەک: باوک و دایکم چاوەڕێم دەکەن. دەبێ زوو بگەڕێمەوە.

سمۆرە: ئەم قسەیەشت هەر کاوێژ کردنە.

مویارەک: تۆ نازانی ماڵی پاسەوانی دارستانەکە لەکام لاوەیە؟

سمۆرە: پاسەوانی دارستان؟

مویارەک: بەڵێ. بۆچی وا لێم ورد دەبیتەوە؟

سمۆرە: ئەرێ تۆ مویارەک نیت؟

مویارەک: تۆ لەکوێ دەمناسی؟

سمۆرە: ئیتر! لەمنداڵییەوە دەتناسم!

مویارەک: نەکا تۆ هەر ئەو سمۆرەیە بیت، کە دوێنێ پێت وتم: لەدارستاندا ئەگەر لەپشتەوە نەپێکی، لەپشتەوە دەتپێکن.

سمۆرە: دوێنێ؟

موبارەک: بەڵێ، دوێنێ بوو.

سمۆرە: دیارە خەو دەبینی. ئەم چیرۆکە ساڵانێک لەمەوبەر باوکم بۆی گێڕاومەتەوە.

موبارەک: باوکت؟

سمۆرە: چەند ساڵێکە عومری درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشتووە.

موبارەک: بەڵام من دوێنێ ئەوم دی.

سمۆرە: بۆ تۆ هەر ئەوەنیت کە بەورەکان جل و پێڵاو و کڵاوەکەتیان لێ سەندبووی؟

موبارەک: ئەی بۆ نا، ئەوم!

سمۆرە: کەواتە خۆتی! باوکم دە جار چیرۆکی تۆی بۆ گێڕاومەتەوە.

موبارەک: شتی وا نابێ!

سمۆرە: چەند ساڵێک لەو ڕۆژە تێدەپەڕێ، کە تۆ بەبەر ئەم درەختەدا ڕۆشتی. منیش هەر ئەو بێچووە سمۆرەیەم کە لە درەختەکە کەوتمە خوارەوە، وا دیارە ئەم گۆچانەش هەرهەمان داردەستەکەی ئەوساتە و کەڵکت لێ نەبینی... هاهاها، چەند سەیرە، باوکم دەیوت... ئەها، بۆ کوێ دەچی؟ ڕاوەستە، لەگەڵ تۆمە ڕاوەستە... باشە بۆ هەڵدێی؟ بەخوا پیاوێکی سەیرە!

## 13

موبارەک: (بەهەناسە بڕکێوە دەوەستێ) چاک وایە دانیشم و تۆزێ بحەسێمەوە، شەکەتم. بەڵام نا دەبێ تا زووە بگەمە ماڵەوە. جا باوکم زۆر دڵخۆش دەبێ، کە دەزانێ چ تەقەڵلایەکم داوە تا ئەمانەم وەرگرتۆتەوە، دایکیشم بەخۆی و ئەو سیما میهرەبانەیەوە لێم دەپرسێ، دوێنێ شەو لەکوێ بووی؟ هەڵبەتە لەم بارەیەوە حەقێتی، چونکە ئەو ئێستا پێویستی پێمە. سەد جۆر ئیش و کاری بەسەردا کەوتووە. بەڕاست دەبێ ئاگام لەبرا بچووکەکەشم بێ. با بزانم ئەوە کیسەڵ نییە؟ بۆچی نا. ئەهای کیسەڵ لەگەڵ تۆمە.

کیسەڵ: کارێکت هەیە؟

موبارەک: من ماڵی خۆمانم گومکردووە.

کیسەڵ: جا هەواڵی لە من دەپرسی؟

موبارەک: وتم ڕەنگە بزانی.

کیسەڵ: من لەکوێ بزانم؟





موبارەک: دوێنێ کە لەم دەوروبەرەوە تێپەڕیم، کیسەڵێکم دی هەروەکو تۆ بوو، بوویشین بەهاوڕێ.

کیسەڵ: دوێنێ؟

موبارەک: تەنانەت درەختێکیشی بەسەردا کەوتبوو، من بەرزم کردەوە. وتم ڕەنگە تۆ بی.

کیسەڵ: ئێستا تێگەیشتم. تۆ هەر ئەو پیاوە بەهێزە نیت، کە ساڵانێک لەمەوبەر باوکمی لەژێر لق و پۆپی ئەو درەختە ڕزگار کرد؟

موبارەک: باوکت؟ ساڵانێک لەمەوبەر؟

کیسەڵ: چەند پیر بووی! باوکم دەیوت گوایە تۆ گەنج و بەهێز بووی.

موبارەک: سەر لە قسەکانت دەرناکەم.

کیسەڵ: ئاخرییەکەی مافی خۆت وەرگرت یان نە؟

موبارەک: کام مافە؟

کیسەڵ: ئەو مافەی بەورەکە خواردبووی! باوکم دەیوت تۆزێکیش بڕوات بەخۆت کەم بوو!

موبارەک: خۆشم نازانم چی قەوماوە.

کیسەڵ: ئەم پانتۆڵەش دەبێ هەر ئەمەبێ کە بەورەکە بەزۆر لێی سەندبووی. وا نییە؟

موبارەک: وتت چی؟

کیسەڵ: باوکم هەمیشە یادی دەکردی. هەموو جارێکیش مەدحی دەکردی. دەیوت تۆ زۆر بەتوانای. ڕاستت دەوێ من بەخەونی ئازایەتی تۆوە گەورە بووم. دایمەی خوا دڵم پێوە بووە، کە ئەگەر جارێکیش بووە، بتبینم... ئەوە بۆچی دوورکەوتیتەوە؟ ڕاوەستە دەمەوێ تکات لێ بکەم... ڕاکە ڕاک بۆ کوێ دەچی؟ بۆ من شتێکی خراپم وت؟ بڕوا بکە هیچ مەبەستێکم نەبوو. ڕاوەستە!... نا، کەڵکی نییە، قەت پێی ناگەم. چ حەقایەتێکە!

## 14

موبارەک: دەبێ بوەستم. دڵم کەوتۆتە تەپە تەپ. چەند زوو ماندوو دەبم؟ دەڵێی شتێکم لێ بەسەرهاتووە و خۆم هێشتا لێی بێ ئاگام. لە هەموو شتێکیش خراپتر، دڵەڕاوکەم هەیە. نا نابێ پەرۆش بم، ئاخری هەر ڕێگای ماڵەوە

دەدۆزمەوە. بەڵێ ئەم درەختانە دەناسمەوە. ئەم بنچکانەش هەر دەناسمەوە. پێم وا نییە باوکم سەرکۆنەم بکات. چونکە دەزانێ من ویستم کارێک بکەم، بەڵام چۆن کارێک؟ پیاو بڕوا ناکا! من ویستم چی بکەم و چی بوو! ویستم ببمە چی و بووم بە چی!

کەروێشک: ئەمە بۆچی وەکو شێت لەبەرخۆتەوە قسە دەکەیت؟

موبارەک: لەگەڵ منت بوو؟

کەروێشک: چەند دەقیقەیەکە هەروا سەیرت دەکەم. بەڵام تۆ چی، هەر دەڵێی لەم دنیایەشدا نیت.

موبارەک: بەڕاستتە؟

کەروێشک: شتێک قەوماوە؟

موبارەک: ماڵی خۆمانم گومکردووە.

کەروێشک: دەی ئەوە شتێ نییە، دەیدۆزیتەوە. ناونیشانەکەی؟

موبارەک: کۆڵێتی پاسەوانی دارستانەکە.

کەروێشک: وتت چی؟

موبارەک: وتم کۆڵێتی پاسەوانی دارستانەکە. من کوڕی پاسەوانی ئەم دارستانەم. بۆچی وا زەق زەق سەیرم دەکەیت؟

کەروێشک: تۆ موبارەک نیت؟

موبارەک: چۆنت ناسیمەوە؟

کەروێشک: ڕێکەوتێکی سەیر! تۆ هاوڕێی باپیرم بووی!

موبارەک: باپیرت؟

کەروێشک: زۆر قسە خۆش بوو. باپیرم دەڵێم. بەسەرهاتی تۆم لەزمانی ئەوەوە بیستووە...

موبارەک: کام بەسەرهات؟

کەروێشک: ئەو کەروێشکەی کەوتبووە داوەوە و تۆ ڕزگارت کرد، بەسەرهاتی ئەو دوو مارەی یەکتریان قووت دا، مەسەلەی ئەو بەورە ئوێن بازەی بەفێڵ کەوڵەکەی لێ سەندی! توخوا ئەمە هەر ئەو کەوڵە نییە؟





موبارەک: بۆ نا، هەر ئەوەیە!

کەروێشک: ئافەرین بۆ غیرەتت، پێم خۆش بوو! ئاخرییەکەی وەرت گرتەوە!

موبارەک: بەڵێ، بەڵام هەموو شتەکانم گومکرد.

کەروێشک: باپیرم خۆی بەقەرزاری تۆ دەزانی. زۆر مەمنوونت بوو. هەمیشەش دەیوت بەحەسرەتەوەیە جارێکی تر ئەو مارانە ببینێ.

موبارەک: کام مارانە؟

کەروێشک: ئەو دوو مارەی یەکتریان قوت دەدا.

موبارەک: من نەمدیون.

کەروێشک: منیش نەمدیون، بەڵام نازانی چەندم دڵ پێوەیە بیانبینم. باپیرەم دەیوت هەر ئەوە شاکاری سروشت بوو و هیچی تر. ئەی خۆزگە منیش دەمدین!

موبارەک: تۆ نازانی ماڵی ئێمە لەکوێیە؟

کەروێشک: ئیتر ڕێگای تر نییە. هەر دەبێ لەم لایەوە بڕۆی. چەندە شەکەت و ماندووشی؟

موبارەک: بەڵێ. بێ تاقەتم.

کەروێشک: یارمەتیت ناوێ؟

موبارەک: سوپاست دەکەم. ئەم داردەستەم پێیە. (لەگەڵ دوورکەوتنەوەدا) چەندە شتەکان گۆڕاون!

کەروێشک: ئاگات لە کوچک و کلۆ بێ. وریای لق و پۆپەکان بە! (وەستانێک) وەڵامی نەدایەوە. ڕەنگە نەشی بیستبێ. بێگومان گوێی گرانە! چاکتر وایە شوێنی کەوم و یارمەتی بدەم. (بەبینینی شتێک لەجێی خۆیدا ئەبڵەق دەبێ) ئەمەیان چییە؟ نا! باوەڕناکەم. هەمان ئەو دوومارە، هەمان ئەو دوو مارەی یەکتریان قووت دا! ئاخرییەکەی دیمن! (بە حەپەساوییەوە) باپیرە ڕاستی دەکرد کە دەیوت: ئەمە شاکاری سروشتە! بگەڕێرەوە. وەرە سەیرکە کوڕە، هەی پیاو!

## 15

(موبارەک خەریکە لە کۆڵێتەکە نزیک دەبێتەوە. لە دەرەوە و لەبەر دەرگاکەدا، پیرەمێردێک دانیشتووە)

موبارەک: ببوورە، ماڵی پاسەوانی دارستان ئێرەیە؟

پیرەمێرد: چاک هاتووی. ئێرەیە. کارت بەکێیە؟

موبارەک: پاسەوان، یان ژنەکەی؟

پیرەمێرد: چوون بۆ سەیری «کۆسە».

موبارەک: کۆسە؟

پیرەمێرد: بۆ نازانی ئەمشەو شەوی جەژنە؟

موبارەک: نا، بیرم چوو بووەوە.

پیرەمێرد: کاری چیت پێیانە؟

موبارەک: هاتووم هەواڵێکی کوڕەکەیان بپرسم.

پیرەمێرد: کام کوڕە؟

موبارەک: موبارەکی کوڕیان!

پیرەمێرد: موبارەک؟

موبارەک: بەڵێ، موبارەک.

پیرەمێرد: ئەوان کوڕیان نییە ناوی موبارەک بێ.

موبارەک: ئەی ئێرە ماڵی پاسەوانی دارستانەکە نییە؟

پیرەمێرد: بەڵێ ئەوێیە و منیش باوکی ئەو پاسەوانەم.

موبارەک: بەڵام خۆ ئەوان کوڕێکیان بوو، ناوی موبارەک بوو.

پیرەمێرد: ئەها! ئێستا تێگەیشتم. تۆ باسی براگەورەکەم دەکەی. ئەو کاتەی من منداڵێکی شیرەخۆرە بووم، ئەو ڕۆژێک کڵاوی کردە سەر و پێڵاوی لەپێ کرد و لەجیاتی باوکم چوو بۆ پاسەوانیی، بەڵام قەت نەگەڕایەوە. دایکم لە دووری ئەو دڵی شەقی برد و مرد.

موبارەک: بابە لە کوێیە؟

پیرەمێرد: ئەویش لەژێر پیرە بەڕوویەکی کۆنە گۆڕستانەکە و لەپەنای دایکمدا بەخاکم سپارد.

موبارەک: چ هەڵەیەکی کرد! باشە بۆ نەگەڕایەوە؟

پیرەمێرد: کێ؟

موبارەک: موبارەک.





پیرەمێرد: نازانم، هەموو وایاندەزانی مردووە. سەرنگون کراوە.

موبارەک: تۆش هەروا دەزانی؟

پیرەمێرد: ڕەنگە. نا. دڵنیا نیم. تازە بۆ منیش هیچ جیاوازییەکی نییە.

موبارەک: ڕاست دەکەی. هیچ جیاوازییەکی نییە. (بێدەنگی) ئێرەش ئیتر وەکو جاران نییە.

پیرەمێرد: تۆ موبارەک لەکوێ دەناسی؟

موبارەک: لە منداڵییەوە دەیناسم، هاوڕێ بووین.

پیرەمێرد: یادی بەخێر باوکم، کە دی ئەو زۆر سەرەڕۆیە، منی لەپەنای خۆیدا دانا و نەیهێشت لەجێی خۆم ببزووم. هیچ نەبێ ئەو ڕۆشت بۆ خۆی گەشتێکی ئەم دەوروبەرەی کرد و هەوایەکی تازەی هەڵمژی. من چی؟ من هیچ کوێیەکم نەدی.

موبارەک: هیچ کوێ؟

پیرەمێرد: هیچ کوێ. من هەر لێرەدا پیروکەفتەکار بووم. یانی پیروکەفتەکاریان کردم. خۆزگەم بە موربارەک!

موبارەک: جا خۆ کەس نازانێ ئەویش لە چ حاڵێکدا بووە. خۆشی ڕابواردووە یا نە!

(موبارەک جلی پاسەوانییەکەی یەکە یەکە داکەند)

پیرەمێرد: نەوەڵا، خەڵک چوزانێ؟

موبارەک: لەوانەیە ئەویش دەرفەتی ژیانێکی ڕێکوپێکی نەبووبێ.

پیرەمێرد: ئەی چی کردووە؟

موبارەک: چوزانم؟ شەڕوشۆڕ، هەڵات هەڵات. کێشە و گرفتاری ژیان، خۆ یەکێک و دووان نییە. بۆچی دەکرێ لەم دارستانەدا بیت و ئاسوودە بیت؟

پیرەمێرد: نازانم... ڕەنگە. (بێدەنگی)

موبارەک: نمایشی «کۆسە» لەکوێ بەڕێوەدەبەن؟

پیرەمێرد: گۆڕەپانە چکۆڵەکەی دێ.

موبارەک: دەمەوێ بچم بۆ ئەوێ. تۆ نایەی؟

پیرەمێرد: فێرنیم. من قەت لەم ماڵە دوورنەکەوتوومەتەوە.

موبارەک: بەخوا خوویەکی خراپە!

پیرەمێرد: تازە چی دەکرێ! ڕۆژگاری منیش بوو بەهەقایەتی ئەو کەسەی کەوتە کەنار و وتی: «هەرچەندە زۆر ژیام، بەڵام ئاخ هیچ لێم ڕوون نەبووەوە کە کێم»

موبارەک: پێم وایە منیش ئەو شەپۆڵە سەرشێتەم، کە وتی: «بوونم لە ڕۆشتندایە، ئەگەر نەڕۆم نیم»

پیرەمێرد: بەخوا چاکە!

موبارەک: ئەرێ بەڕاست، ئەگەر ڕۆژێ موبارەک ببینی، چی پێ دەڵێی؟

پیرەمێرد: نازانم. ڕەنگە قسەیەکمان نەبێ بەیەکی بڵێین. لەوانەیە هەر دەستێکی لێدەم، یان سەیرێکی بکەم. یان ڕەنگە سلاوێکی لێ بکەم، یان پێی بڵێم خواحافیز.

موبارەک: باشە لەوە زیاتر ماندووت ناکەم. خوات لەگەڵ.

پیرەمێرد: خوا حافیز.

## 16

(لە گەرمەی نمایشی «کۆسە»دا، موبارەک دێتە ژوورەوە. مۆسیقاژەنەکان مۆسیقا دەژەنن و سێ سەماکەری ناو نمایشەکە بەسەماوە ڕووداوەکە بەرەو کۆتایی دەبەن و خەڵکەکە چەپڵە لێدەدەن. بەرێوەبەرەکان لەبەردەم خەڵکەکەدا دەنوشتێنەوە و پاشان تێکڕا بلاوەی لێدەکەن، موبارەک نەبێ، کە لەسەر شانۆکە دەمێنێتەوە)

موبارەک: (لەبەر خۆیەوە) هیچم پێ نەبرا. ڕۆشتووم بەڵام کەس نازانێ بۆ کوێ. من لەسەفەر بووم؟ بەڕاستی گەڕاومەتەوە؟ هەست دەکەم خەونێکم دیوە تاڵ، زۆر زووش گوزەرا. سەفەرێکم کردبوو بەرەو بیر و ڕوح. من کێم؟ خەڵکی کوێم؟ چیم کردووە؟ چی دەکەم؟ (بێدەنگی) نازانم. ڕەنگە هەر ئەوە بزانم کە ژیانم مانایەکی هەبوو. شوێن مەبەستێک کەوتبووم.

«ئێمە بەوە ماوین کە ئۆقرە نەگرین

شەپۆڵێن و ئاسوودەیی نەبوونمانە»

نمایشەکەش تەواو بوو، چاکتر وایە بچم لەجێیەکدا بحەسێمەوە.

(کە دەیەوێ بچێتە دەرەوە، ئەکتەرەکانی نمایشی کۆسە دەگەڕێنەوە، تا





کەلوپەلەکانی نمایشەکە کۆکەنەوە. موبارەک چاودێرە.)

ئەکتەری١: یاڵڵا کوڕگەل با ئەمانە کۆکەینەوە. دەبێ بچین بۆ گوندەکەی سەرەوە.

ئەکتەری٤: دیسان هەر کۆسە نمایش دەکەین؟

ئەکتەری٣: دە دیارە هەر ئەوەیە.

ئەکتەری٢: کرێکەی ئێمە چی لێدێ؟

ئەکتەری١: وتیان دوای تەواوبوونی نمایشەکە.

ئەکتەری٣: هۆشت بێ ئەو پەردەیە نەدرێ.

ئەکتەری٤: ئەمەش شتەکانی تر.

ئەکتەری٢: ئەی داردەست و شمشێرەکان؟

ئەکتەری١: گشتی لێرەیە.

ئەکتەری٣: من چووم عەرەبانەکە ئامادە بکەم.

ئەکتەری١: (بە ئەکتەری٤ دەڵێ؛ کە ڕۆڵی دێوی هەبوو) هێنانی ئەمانەش لەسەر تۆیە.

ئەکتەری٢: (بە ئەکتەری٤) وریابە شتێک بەجێ نەمێنێ.

(ئەکتەری دێو نەبێ هەموو دەچنە دەرەوە)

ئەکتەری دێو: (بە موبارەک دەڵێ؛ کە خەریکە لەلایەکی ترەوە دەچێتە دەرەوە) ببوورە جەنابت.

موبارەک: کارێکت هەبوو؟

ئەکتەری دێو: بۆ کوێ دەچی؟

موبارەک: بۆ کوێ؟ بۆ ماڵەوە. ئەمرێکتان نییە.

ئەکتەری دێو: دەمەوێ کەلوپەلی نمایشەکە کۆبکەمەوە. دەکرێ یارمەتییەکم بدەیت؟

موبارەک: ئەگەر بتوانم.

ئەکتەری دێو: زەحمەت نابێ ئەگەر ئەو چادرە ڕەشە هەڵگری؟

موبارەک: نا، نا هەرگیز. (ناتوانێ چادرەکە بەرز بکاتەوە) بۆ کلۆڵی دەستەکانیشم بێ هەست و خوستن. ئەگەر دەکرێ بیخە سەر سەرم.

ئەکتەری دێو: (لەوکاتەیدا، کە چادرەکە دەخاتە سەرسەری) باش بوو؟

موبارەک: ئەوە چیت کرد؟ خۆ هیچ نابینم.

ئەکتەری دێو: بجووڵێ دەی.

موبارەک: چیتر ناتوانم.

ئەکتەری دێو: یارمەتیت دەدەم. (سەری داردەستەکەی موبارەک دەگرێ و موبارەکیش بەدوایدا)

موبارەک: ..........

ئەکتەری دێو: .............

تێکڕای ئەکتەرەکان لەتاریک و ڕوونی سەرشانۆکەدا هەر وەکو بووکە سەماکەرەی زیندوو دەکەونە ڕێ و پاشان لە جووڵە دەکەون. ئەم کارەشیان گوایە بۆ بیر خستنەوەی ئەم چوارینەیەی «خەیام»ە، کە دەڵێ:

«ئێمە گاڵتەجارین و فەلەک گاڵتەچی
ئەمیان بەحەقیقەتە، نەکو بەمەجاز
بەسەر ڕایەخی بوونەوە خەریکی گاڵتەین هەموو
تا یەک یەک دەکەوینە چاڵی نەبوون باز»(۱)

گەلاوێژی ۱۳۷٤ بەرامبەر ۱۹۹٥

## دکتۆر قوتبەدین لە چەند دێڕێکدا

(۱) باز: لێرەدا بەمانای دیسان یان دووبارەیە.



دکتۆر قوتبەدین ساڵی ۱۳۳۱ی هەتاوی (۱۹٥۲ز)ی لە شاری سنە هاتۆتە دنیاوە و ساڵی (۱۹۷۱) لە بەشی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاراندا وەرگیراوە. بەرلەوەش بچێتە زانکۆ، چەند ساڵێک هەر لەشاری سنەدا، چ وەک دەرهێنەر و چ وەک ئەکتەر، بەشداری بەڕێوەبردنی هەندێ شانۆی کردووە. یەکێکیش بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی (شەهاب) لە سنە.

لەساڵانی خوێندنی زانکۆیدا بێجگە لە ئەکتەر، یاریدەدەری دەرهێنەریش بووە. ماوەی سێ ساڵ لە کتێبخانەکانی (مەڵبەندی پەروەردەکردنی فیکریی منداڵان و مێرمنداڵان)ی تاراندا کاری کردووە. لە ڕادیۆی تاران و لەبەرنامەی (ئاوێنەی هەینی)یشدا هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانەی دەربارەی شانۆ دەنووسران و ئەو شانۆیانەی بەڕێوەدەبران، لەئەستۆ گرتووە، هەر لەم ماوەیەدا کە لە زانکۆ بووە، نزیکەی (۲۰۰) وتاری پرش و بڵاوی هەیە، لەپاش وەرگرتنی بکالۆریۆس لەساڵی ۱۹۷٦دا، ڕووی کردۆتە فەرەنسا بۆ خوێندنی باڵا، تا لە ساڵی ۱۹۷۹دا لە زانکۆی سۆربۆن ماجستێری وەرگرت. ساڵی ۱۹۸٥ بەپلەی زۆر باش، بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێ. ساڵی ۱۹۸٦ بۆ ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ وڵات و لەزانکۆی هونەرەجوانەکان و پاشان لەزانکۆی هونەریی نیاوەران (فەرهەنگ سەرا)و ناوبەناویش لەچەند زانکۆیەکی تری هونەرییدا دەرسی وتووەتەوە. لەساڵی ۱۹۸۷ەوە ڕووی کردۆتەوە دەرهێنان.

جگە لەدەرس وتنەوە و دەرهێنانی شانۆیی، خەریکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بووە و لەم ساڵانەی دواییدا نزیکەی (۱۲۰) وتاری دەربارەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەچوار بەرگدا بەناوی (شانۆی هاوچەرخ) بڵاو کردووەتەوە. نزیکەی (دە) شانۆنامەی وەرگێڕاوە، دوانزە شانۆنامەشی نووسیوە. جگە لە چەند کتێبێکی تری پەروەردەیی. چەندین سیناریۆی کورت و درێژی نووسیوە. هاوبەشی دوو فیلمی سینەمایی و چوار زنجیرەی تەلەفزیۆنی کردووە.

(۱٦) جار لەناو ئێراندا و دە (۱۰) جاریش لەوڵاتانی دەرەوەدا (فەرەنسا، یۆنان، ئیتالیا، ئەڵمانیا)، وەک دەرهێنەر و وتاربێژ و کارناس، هاوبەشی ڤیستیڤاڵەکانی کردووە.

### ئەو شانۆیانەی بەر لە ساڵانی زانکۆی، وەکو ئەکتەر بەشداری تێدا کردوون

١- پهلوان اكبر مى ميرد.
٢- در حضور باد (بهرام بيضائى)
٣- زاويه (دكتر ساعدى)
٤- از خود گريخته (محسن يغمائى)
٥- قرعه‌اى براى مرگ (واهه كاچا)
٦- پلنگ نيمروز (كوروس سلحشور)

**ئەو شانۆیانەی بەر لە ساڵانی زانكۆی دەری هێناون**

١- پيک نيک در ميدان جنگ (فرناندو آرابال)
٢- افعى طلائى (على نصيريان)
٣- بامها وزير بامها (دكتر ساعدى)

**لە ساڵانی زانكۆیدا وەكو ئەكتەر هاوبەشی ئەم شانۆنامانەی كردووە**

١- شانۆی كركدن (اوژن يونسكو)
٢- شانۆی لورنزا چيو (آلفريد دوموسه)

**لە ساڵانی (١٩٨٧)ەوە تا ئێستا ئەم كارانەی بردووەتە سەر شانۆ**

١- آژاكس (سوفوكل)
٢- مده (ژان آنوى)
٣- سى مرغ، سيمرغ (لە كتێبی منطق الطيرى عەتتار) وەری گرتووە
٤- هملت (ويليام شكسپير)
٥- نيرنگهاى اسكاپن (موليير)
٦- بهرام چوبينه (سيامک تقى پور)
٧- مرد فرزانه، بيير ديوانه
٨- مويه جم
٩- هفت خان رستم
١٠- موبارک نگهبان كوچک
١١- دوران بى گناهى
١٢- زنان صبرا مردان شتيلا
١٣- آرش (بهرام بيضائى)
١٤- خط عشق

**ئێستاش سەرگەرمی ئامادەكردنی كارە سەرەتاییەكانی دوو شانۆنامەیە**

١- هفت قبيله گمشده (صادقى)



٢- ابو شاه (آلفرد ژارى)

**هاوبەشی ئەم فیلمە سینەماییانەی كردووە**

١- گزارش يک قتل (محمد نجفى)
٢- دادستان (بزرگمهر رفيعا)

**لە چوار زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا بەشداری كردووە**

١- فوق سرى (امير قويدل)
٢- كيف انگليسى (ضياء الدين درى)
٣- زمان شوريدگى (محمد على نجفى)
٤- شب چراغ (احمد رضا گرشاسبى)

**ئەو شانۆنامانەی وەری گێڕاون**

١- هفت تن عليه تب (اشيل)
٢- مرگ دانتون (بوخنر)
٣- تيمون آتنى (شكسپير)
٤- اژاكس (سوفوكل)
٥- سرود مترسک پرتقالى (پترَوايس)
٦- جنگ در طبقه سوم (پاول كوهوت)
٧- نبرد (هاوينرمولر)
٨- سربازان (كارلوس خوزەرى يس)
٩- در انتظار لفتى (كليفورد اورتس)
١٠- قابيل (فردريش كوفمان)
١١- معمار و امپراتور آشور (فرناندو آرابال)

**ئەو شانۆنامانەی تازە نووسیونی**

١- سحورى.
٢- افشين و بودلف هردو مردەاند.
٣- دخمه شيرين
٤- فيلمى (آهستەگام بردار، لەسەرخۆ هەنگاو هەڵگرە)ی تازە ئامادە كردووە، كە فیلمێكی كوردییە.

**بەرهەمە چاپكراوەكانی نەجیبە ئەحمەد**

١- **خاكی دایك**، ڕۆمان، جەنگیز ئەتماتۆف، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەكەم،

یاخ سەمەر، ١٩٨٦ چاپی دووەم، ئێران، تەورێز، ١٩٩٢.

٢- **بەهارەگریان،** شیعر، ئێران، تەورێز، چاپی یەکەم ١٩٩٤

٣- **راسان**، کورتە چیرۆک، ئێران، تەورێز، چاپی یەکەم ١٩٩٤

٤- **پەپوولەکانی مەرگ**، کورتە چیرۆک، هەولێر، چاپی یەکەم ١٩٩٨

٥- **مێژووی دارسێو**، شیعر، هەولێر، چاپی یەکەم، ١٩٩٨

٦- **چەک و چیا**، رۆمان، جێمس ئۆلدرج، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩

٧- **درەختی گەورە و درەختی بچووک**، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٠

٨- **ئەو پڵنگانەی لە تەک مندا غاریانداوە**، کورتە چیرۆک، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٠

٩- **سەردەمی بێ تاوانی**، شانۆنامە، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢.